

**مامۆستا مەلا ڕەشید شەریف:**

## سەرۆك مسعود بارزانی وەك ڕابەرێکی گەورە درێژەپێدەری شۆڕشەکانی پێش خۆیەتی

# گوڵان

ساڵی بیست و نۆیەم (١٣٤٧)- (٢)ی کانوونی دووەم ٢٠٢٣

# دیزاینی بازنەیی هەولێری کردووەتە شارێکی میترۆپۆڵ

**کێشەی تەلارسازیی هەولێر لە ماستەرپلاندا نییە بەڵکو لە نەخشەی وردەکاریدایە**

**بۆ ئێستای هەولێر زیاتر پێویستمان بە یەکەی نیشتەجێبوونی ستوونی هەیە**






# دیدار لەگەڵ سەرۆک میتران

## فیدراڵی هەڕەشە نییە بۆ یەکپارچەیی عێراق بەڵکوو دیکتاتۆرییەت هەڕەشەیە

**٤٨**

بەر لە سەردانی سعوودیە، بانگهێشتنامەیەک لەلایەن سەرۆک میترانەوە تەنیا بۆ من و مام جەلال هات. بۆیە ڕۆژی ١٩ـی ئایاری ١٩٩٣ سەردانی پاریسمان کرد و کاتژمێر شەشی ئێوارە هەردووکمان لەگەڵ سەرۆک میتران کۆبووینەوە. لەسەر داوای سەرۆک، من بارودۆخی سەربازی و ئاسایشم بۆ ڕوون کردەوە و مام جەلالیش باسی بارودۆخی ئابووریی کرد.

لە بەشێکی تری کۆبوونەوەکەدا باسی ئەنجامی سەردانەکەمان بۆ ئەمەریکا کرد، سەردانەکەی زۆر پێ خۆش بوو، دواتر سەبارەت بە ژمارەی کورد لە تورکیا و ئێران و سووریا پرسیاری کرد. لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: «کورد، گەلێکی قارەمانە و زوڵمێکی گەورەی لێ کراوە، بەڵام بزانن ئەمڕۆ دۆستێکی زۆرتان لە جیهاندا هەیە. دەتوانن متمانە بە فەرەنسا بکەن و فەرەنسا بەجێتان ناهێڵێت، لەگەڵ دۆست و هاوپەیمانەکانمان قسە دەکەین بۆ ئەوەی بزانین دەتوانین بەکردەیی چیتان بۆ بکەین».

دوای تەواو بوونی بەرنامەی سەردانەکەمان لە فەرەنساوە گەڕاینەوە لەندەن و ڕۆژی ٢٤ـی ئایاری ١٩٩٣ بە فڕۆکەیەکی تایبەت کە لەلایەن دیوانی مەلەکییەوە بۆ گواستنەوەی شاندی کۆنگرەی نیشتمانی نێردرابوو گەیشتینە جەددە[1]. لە فڕۆکەخانەی جەددە، لەلایەن پرۆتۆکۆڵی دیوانی مەلەکی بە گەرمی پێشوازی لە شاندەکە کرا. کاتێک گەیشتینە ئاسمانی جەددە لە ڕووناکییەکانییەوە زانیم شارێکی ڕێکوپێکە.

لە هۆڵی فڕۆکەخانەدا ڕاگەیاندکار و ڕۆژنامەنووسان پرسیاریان لە ئەندامانی شاندە کرد، یەکێک لە ڕۆژنامەنووسان لێی پرسیم: «فیدراڵی هەڕەشەیە لە یەکپارچەیی عێراق، بۆچی پەسەندتان کرد؟» پرسیارێکی ئیستفزازی بوو. منیش لە وەڵامدا گوتم: «فیدراڵی هەڕەشە نییە بۆ یەکپارچەیی عێراق بەڵکوو دیکتاتۆرییەت هەڕەشەیە».

---

(١) جەددە، پایتەختی ئابووریی سعوودیایە کە کەوتووەتە ڕۆژئاوای ئەو وڵاتە و لەسەر لێواری دەریای سوور. هەزار کیلۆمەتر لە ڕیازی پایتەختەوە دوورە.

پیرۆزبایی



## (ڕۆڵی جیهانگیری لە گۆڕانی پێکهاتەی خێزان و ئەرکەکانی) لە تێزێکی دکتۆرادا

ڕۆژی ١٥ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢، لە هۆڵی فەرهادیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین، تێزی دکتۆرای قوتابی (پاکزاد نەژاد عەزیز) بە ناونیشانی ( ڕۆڵی جیهانگیری لە گۆڕانی پێکهاتەی خێزان و ئەرکەکانی )دا کە توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر لە کۆلێژی ئاداب ، بەشی کۆمەڵناسی تاوتوێ کرا .لیژنەی گفتوگۆی تێزی دکتۆراکە لەم بەڕێزانە پێك هاتبوو:


*** پرۆفیسۆر د. ئارام ئیبراهیم حوسێن — سەرۆکی لیژنە**
*** پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. نوری یاسین هەرزانی — ئەندام**
*** پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. پەیمان عەبدولقادر مەجید — ئەندام**
*** پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. محەمەد سەعید حوسێن — ئەندام**
*** پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. شەهلا وەلی جەبار — ئەندام**
*** پرۆفیسۆر د. عەبدولحەمید عەلی سەعید بەرزنجی — ئەندام و سەرپەرشتیار**

دوای چوار کاتژمێر لە گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن تێزەکە بە پلەی(زۆر باشە) پلەی دکتۆرای لە بواری کۆمەڵناسی دا پێ درا .

دەستخۆشی لە هەوڵ و ماندووبوونی قوتابی (پاکزاد نەژاد عەزیز) دەکەین، بە هیوای سەرکەوتنی بەردەوام و خزمەتکردنی ڕەوتی خوێندنی باڵا و بواری کۆمەڵناسی.. پیرۆزی بێت.



# چاپکراوی نوێ





لەم ڕۆژانەدا چاپی یەکەمی کتێبی (علماء الدیـن الإسـلامي فـي کوردسـتان فـي مواجهـة داعـش، ٢٠١٤م - ٢٠١٧م) لـە نووسـینی دکتـۆر عەبدوڵـڵا مـەلا وەیسـی سـەرۆکی یەکێتیـی زانایانـی ئایینـی ئیسـلامیی کوردسـتان کەوتـە کتێبخانـەی کـوردی و بەردەسـتی خوێنەرانـەوە.

ئـەم کتێبـە ئامـاژە بـە سـەرهەڵدانی داعـش دەکات وەك ڕێکخراوێکـی تیرۆریسـتی لـە خاکـی سـووریاو عێـراق، جەخـت لـەوە دەکاتـەوە چـۆن ئـەم ڕێکخـراوە تیرۆریسـتییە بەشـێکی زۆری خاکـی داگیرکـرد و دەسـتی نایـە خوێنـی مرۆڤـی سـڤیل و دەسـتی نەپاراسـت لـە هیـچ نەتـەوە و ئیتـن و ئایینێـك، داعـش مەینەتـی و هـەژاری و کەمدەرامەتیـی هەنـدێ ناوچـەی قۆسـتەوە و بـەم ڕێگەیـەوە خـۆی خزانـدە نێـو خەڵکەکـەوە و بـە پاسـاوی بەنـاو خەلافەتـی ئیسـلامییەوە خەڵکەکـەی فریـودا، ڕۆڵـی لاوانـی موسـڵمان و مامەڵەکردنـی یەکێتیـی زانایانـی ئایینـی ئیسـلامیی کوردسـتان لەگـەڵ ئـەو ڕێکخـراوە و هەڵسـوکەوتە سـەرکوتکارانەکەیدا زۆر هەسـتیار و وردبیـن بـوو، بـەردەوام پشـتگیریی خـۆی بـۆ شـەڕکردن دژی ئـەو ڕێکخـراوە و هێزەکانـی پێشـمەرگەی کوردسـتان دووپـات دەکـردەوە، چ لـە ڕێی بەیاننامـەو ڕێنمایـی بـۆ خەڵـك و پێشـمەرگە لەپێنـاو بەرگریکـردن لـە خاکـی کوردسـتان و لـەم ڕووەوەش مامۆسـتایانی ئایینـی لـە وتـار و کـۆڕ و سـیمینارەکاندا هانـی خەڵکیـان داوە بـە هەمـوو شـێوەیەك ئـەو بیروبۆچـوون و تەکفیرکردنـەی داعش ڕەتبکەنـەوەو بە هەمـوو شـێوەیەك داکۆکی لـە بیروبـاوەڕی پاکـی ئایینـی ئیسـلام بکـەن، جگە لە هەوڵـی بـەردەوام بـۆ کۆکردنـەوەی پیتاك و کۆمـەك بـۆ لێقەومـاو و ئاوارەکانـی ژێـر دەسـتی ئـەم ڕێکخـراوە تیرۆریسـتییە.

نووسـەری ئـەم کتێبـە بـاس لـە ڕۆڵـی بەرچـاوی مامۆسـتایان و زانایانـی ئایینـی ئیسـلامیی کوردسـتان دەکات نـەك هـەر لەسـەر ئاسـتی ناوخـۆ بـە سـەردانی بەرەکانی پێشـمەرگە و بەرزکردنـەوەی وورەی داکۆکـی کـردن لـە پێنـاو بەرپەرچدانـەوەی تیرۆریسـتان، بەڵکـو لەسـەر ئاسـتی دەرەوەش سـەردانی وڵاتـان و شـرۆڤەکردنی بارودۆخـی ناوچەکـە دوای هێرشـەکانی داعـش، لەمەشـدا مێژوویەکـی پرشـنگداری تۆمـار کـرد. لـە کۆتایـی کتێبەکەشـدا پاشـکۆیەك بـە چالاکییەکانـی یەکێتیـی زانایانـی ئایینـی ئیسـلامیی کوردسـتان بڵاوکراوەتـەوە.. شـایانی باسە ڕێورەسـمێکی واژۆکردنی شایستە بـۆ ئـەم کتێبـە بـە ئامادەبوونـی ژمارەیـەك لـە بەرپرسـانی ئیـداری و مامۆسـتایانی ئایینـی بەڕێـوە چـوو.

# چاپکراوی نوێ





(گرنگیی دەق لە پرۆسەی نمایشی شانۆیی و چەند بابەتێکی تر، وتارو رەخنە) ناونیشانی کتێبێکی تازە چاپکراوی (کامەران حاجی ئەلیاس)ـە کە لە بڵاوکراوەکانی حەفتەمین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی هەولێر بۆ شانۆ)یە، ئەم کتێبە پێنجەمین کتێبی نووسەرە لە بواری شانۆییدا، کتێبەکە چەندین وتاری وەرگێڕدراو و بۆچوونی خۆی لەسەر نمایشی شانۆیی لەخۆ دەگرێت، نووسەر ئاماژەی بە مانشێتی کتێبەکە دەکات، گرنگیی دەق لە پرۆسەی نمایشی شانۆییدا، لەم بارەوە نووسیویەتی کە نمایشی شانۆ لە سێ توخمی سەرەکی (دەق، ئەکتەر، بینەر) پێك دێت، بۆیە نووسەریش لە چەندین ڕوووبەکەوە باس لە گرنگیی دەق لە پرۆسەی نمایش دەکات، وەك بینەرێکی شانۆ نەك وەکو ڕەخنەگری شانۆ، خوێندنەوەی بۆ ئەو نمایشە شانۆییانە کردووە.

نووسەر لە بەشێکی دیکەی کتێبەکەیدا سەبارەت بە دەق ئاماژە بەوە دەکات کە بریتییە لە بیرۆکەیەك کە سەرەتاو کۆتایی هەیە، کەسایەتییەکان، ململانێ، ڕووداو، چنین، ئامانج، لەخۆدەگرێت. دەقی شانۆیی پێناسەیەکی ئاسایی خۆی هەیە، کە دەڵێت: شانۆ کارێکی هونەرییە کاتێ لەسەر تەختەی شانۆ بە هاوکاریی دەرهێنەر، ئەکتەرەکان دەقێکی نووسراو دەگۆڕن بۆ نمایشێکی نواندن، کەسایەتییەکان و ڕووداوەکانی شانۆگەرییەکە، کە نووسەر نووسیویەتی بەرجەستەی دەکەن و پێشکەش بە بینەران دەکرێت.

نووسەری کتێبەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە یەکێك لە بنەماکانی نمایش بریتییە لە ڕەگەزی دەقی ئەدەبی (شانۆیی)، هەندێك لە ڕەخنەگران دەڵێن: دەقی شانۆیی نابێتە شانۆگەری تاوەکو بەرامبەر بە بینەران لەسەر تەختەی شانۆ پێشکەش نەکرێت.

دەستخۆشی لە هونەرمەندو نووسەر(کامەران حاجی ئەلیاس) دەکەین بۆ ئەم بەرهەمەی کە هیواداریـن سوودێکی بەرچاوی بۆ هونەرمەندانی نواندن بە گشتی و شانۆکاران بەتایبەتی هەبێت..

## حامد ئیسماعیل :



**بەشێک لە قوتابخانەکەنمان کۆنن و پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە هەیە**

## دکتۆر شالاو عەبدولخالق :



**زۆر گرنگە بە داهاتی نەوت ژێرخانی هەموو سێکتەرەکانی ئابووری ببووژێنینەوە**

## پەرژین جەعفەر حاجی رۆستەم



**یادەوەرییەکانی نەوەیەکی سەدام حوسێن و ناڕاستییەکان**
**هەڵەبجە بە ئاردی سفر کیمیاباران کرا!**

## مەلا عەزیز مەنتک



**لێبوردەیی و پێکەوەژیانی ئاشتییان لە ڕوانگەی قورئانی پیرۆزەوە**

## دکتۆر ڕۆبی بارێت :



**ئەوەی ڤلادمیر پوتین بە سەر ڕووسیادای هێناوە هەڵەیەکی کارەساتبارە**





■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێیان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێری و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com


چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

*Web: www.gulanmedia.com*

شەیما جەمال کوێخا :

## قەبارەی وەبەرهێنان لە کەرتی کشتوکاڵ لە ١،٨٪ بۆ ٩٪ بەرز بووەتەوە



## منداڵبوون بە ڕێگەی نەشتەرگەری لە هەڵکشاندایە



## سەرئێشە پاش ماندووبوونی چاو



## هەموو فەرمانەکانی کۆمپیوتەر لە ئامێرێکدا



ئالین بۆ گوڵان:

## (کەچ و خورت) پەیامی پشتگیری و پاڵپشتییە بۆ پێشمەرگە قارەمانەکان



مەستان عومەر :

## هیوادارم بگەم بەو خەون و دەستکەوتانەی کە هەوڵی بۆ دەدەم



ماموٚستا مەلا ڕەشید شەریف شارەزای زانستە شەرعییەکان و خاوەنی بڕوانامەی پەیمانگەی زانستە شەرعییەکان، لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٣ و لە سەردەستی زانای خواناس مەلا عارفی عەللامە و ماموٚستا محەمەد ئەمینی کانی سانانی دەستی بە خوێندنی قورئان کردووە و، موٚڵەتی زانستە شەرعییەکانی بە چەندین فەقێ داوە، لە چەندین گوندی کوردستانی ڕوٚژهەڵات و باشوور کاری وانەگوتنەوە و پێشنوێژی و وتارخوێندنەوەی کردووە. گوٚڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ ئەم زانا ناسراوەی کورد سازدا، لێرەدا دەقی قسەکانی بڵاو دەکەینەوە.

## ماموٚستا مەلا ڕەشید شەریف

شارەزا لەبواری زانستە شەرعییەکان بوٚ گوڵان:

# سەروٚک مسعود بارزانی وەکو ڕابەرێکی گەورەی گەلی کورد درێژەپێدەری شوٚڕش و ڕاپەڕینەکانی سەرکردەکانی پێش خوٚیەتی

**مەلا مستەفا بارزانی بە ماموٚستاکەمی گوتبوو تەفسیرێکی قورئان بە کوردی بنووسە بوٚت چاپ دەکەم**

**لایەنی سیاسیی براوە ئەو لایەنەیە بەرژەوەندیی کوردی لا مەبەست بێت و وڵات و خاکی کوردستان تەسلیمی دوژمنان نەکات**



*** بەو پێیەی وەکو مامۆستایەکی ئایینی بەشداریت لە شۆڕشی ئەیلوول و ڕۆژە سەختەکانی میللەتەکەماندا کردووە، با لەو پرسیارەوە دەست پێ بکەین، ئایا لە سەردەمی مەلا مستەفا بارزانی و زۆربەی سەرکردەکانی دیکەی کورددا کە ئەهلی مزگەوت و خانەقا و کەسانی ئایینی بوون، هاوکات مامۆستا و زانایانی ئیسلامییش لە دەوریان بوون و گرنگییەکی زۆر بە مامۆستایانی ئایینی درابوو، ئەمە بۆچی دەگەڕایەوە و ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی لە شۆڕشدا چۆن بوو؟**

- مێژووی گەلی کورد لە هەموو بوارەکاندا وابەستەی هەوڵ و ڕەنجی زانا و مەلا و سەیدەکانی کوردستانە، هەر لە شۆڕش و بەرخۆدان و ئەدەب و شیعر و چیرۆك و ڕۆمانەوە، تاوەکو ئاراستەکردنی خەڵکی بەرەو خوداناسی و نیشتمانپەروەری، ئەگەر هەوڵ و لێبڕانی مەلاکانی کوردستان لەو مێژووەی نەتەوەکەمان بهێنرێتە دەرەوە، کورد شتێکی ئەوتۆی نامێنێت شانازیی پێوە بکات، ئەم ڕاستییە لای سەرۆکی درێژترین و گەورەترین شۆڕشی کورد مەلا مستەفای بارزانی ئاشکرا بوو، گرنگیی مەلای ئایینی لای سەرکردەی کورد مەلا مستەفا بارزانی بە جۆرێك بوو کە خۆی بە یەکێك لەوان دەزانی، هەروەك لە یەکەم گوتاریدا لە کۆنگرەی یەکێتیی زانایان گوتی:»من خۆم بە یەکێك لە ئێوە دەزانم»، دامەزراندنی یەکێتیی زانایانیش بۆ گرنگیدان و سەربەخۆبوون و بەهێزبوونی ئەو ڕۆڵە پیرۆزەی مامۆستایان و مەلای ئایینی کورد بووە لە شۆڕش و خەباتدا.

*** ئایا دەتوانین بڵێین تا ئێستاش ئەم هزر و ڕێبازە بەردەوامی هەیە و هزری نەتەوەیی و ئایینی گرێدراوی یەکترن؟ ئایا ڕۆڵی سەرۆك مەسعود بارزانی لە ڕاگرتنی ئەو هزرە نەتەوەیی و ئایینییەدا چۆنە؟**

- ڕۆڵی سەرۆك مسعود بارزانی ئاشکرایە لە گرنگیدانی بە ئایین و مەزهەب و تەریقەت، کە خۆی چەند جار دووبارەی کردووەتەوە کە تەریقەتیان نەقشبەندییە و مەزهەبیشیان شافیعییە، ئەگەرچی ئێستا هەوڵێك هەیە لە لایەن کەسانی نامۆ بەم گەلەوە، کە دەیانەوێت مە زهەب و تەریقەت لە بەرچاوی خەڵکی نامۆ بکەن، ئەویش بەهۆی کاریگەرییان بە فیکری دەرەکی و نامۆ، بێئاگا لەوەی کە سەرکردەکانی کورد زۆربەیان نەقشبەندی بوون، وەکو قازی محەمەد، شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و شێخ سەعیدی پیران و شێخی نەهری و مەلا مستەفا بارزانی، کە سەرکردەی گەورە و مێژوویی و بەناوبانگی گەلی کوردستان بوون و ڕۆڵیان لە وەرچەرخانی مێژوودا هەبووە. جەنابی سەرۆك بارزانی وەکو سەرکردەیەکی گەورەی گەلی کورد و درێژەپێدەری ئەو شۆڕش و ڕاپەرینانەی سەرکردەکانی پێش خۆیەتی، بە

هەمان شێوە ئەویش لەسەر هەمان فکر و ڕێبازی کوردایەتی و خوداپەرستی درێژە بە خەباتی گەلی کورد دەدات، هەر بۆیە داواکارین لە جەنابی کاك مسعود بارزانی گرنگیی زیاتر بداتەوە بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و هەموو ئەوانەی کە سووکایەتی بە ئیسلام دەکەن سنوورێکیان بۆ دابنێت، چونکە ئەو دروشمانەی کە بەرزی دەکەنەوە بە ناوی گوێڕایەڵیی وەلی ئەمر و دەرنەچوون لە فەرمانیان ڕاست نییە و تەنیا هەنگاوێکی چەواشەکارانەیە (كلمة حق يراد بها الباطل)ـە.

*** لە خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەریدا تاچەند ئایینی پیرۆزی ئیسلام و ناوەڕۆکی قورئان و فەرموودەکان ئەرکی بەرگریکردن و بەشداریکردن لە شۆڕش و خەباتی لەسەر مامۆستایان و زانایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام داناوە؟**

- ئایینی پیرۆزی ئیسلام بۆ نەهێشتنی زوڵم و ستەم و بۆ خێر و خۆشی بەشەرییەت هاتووە، خودای گەورە و میهرەبان لە قورئانی پیرۆزدا هەمیشە جەختی لەو ڕاستییە کردووەتەوە کە پشتگیریی ستەملێکراو بین و دژی زاڵم و چەوسانەوە بین و، خێر و خۆشیمان بۆ مرۆڤایەتی و بەشەرییەت هەبێت، ئیسلام هاتووە بۆ نەهێشتنی زوڵم و ستەم، بە دەیان فەرموودەی پێغەمبەرمان (د.خ) هاتووە کە جەخت لەسەر بەرگریکردن دەکاتەوە لە دژی زاڵم و چەوسێنەر، داوامان لێ دەکات پاڵپشتی خەڵکی لێقەوماو و ستەملێکراو بین.، گەلی ئێمەش بە درێژایی مێژووی سەدەیەکی تەواو چەوسێندراوەتەوە و هیچ نەما دژی بەکار نەهێنرێت و ئەنجامی نەدەن، هەر لە کۆمەڵکوژی و کیمیاباران و ئەنفال و وێرانکردنی زیاتر لە ٤٠٠٠ گوند و بێسەروشوێنکردنی خەڵکی و تەعریب و تەرحیلی کوردان لەسەر زێدی باوك و باپیرانمان، هەر بۆیە زانایان پشتیوانیی شۆڕشیان کردووە و لە دەوری کۆبوونەتەوە و خەباتیان کردووە، تەنانەت زانا و مامۆستایانی ئایینی شەهیدیشیان داوە، لەم ڕووەوە حەز دەکەم چەند ڕاستییەکتان بۆ بگێڕمەوە:

من ئەو دەمە لە شۆڕشی ئەیلوول لە گوندێکی سەر بە دەربەندیخان فەقێ بووم، کادرێکی پارتی هات کە زۆر قسەزان و بەتوانا بوو، هانی خەڵکی دەدا هاوکاریی شۆڕش بکەن و ئەوەی کە دەتوانێت با چەك لە پێناو گەلەکەی و خاك و نیشتمانەکەیدا هەڵگرێت، ئەوەی کە ناتوانێت با پارە بدات، بەو پارەیەش فیشەك دەکڕین و دەینێین بە دوژمنەوە، هەر وەکو ئەوە وایە کە خۆت ئەو فیشەکەت تەقاندبێتەوە، من تەنیا سەد فلسم پێ بوو، دام بە کادیرەکەی پارتی و ئیتر خۆم بێ پارە مامەوە، ئەو سەردەمە ئێمە لە ڕێگای میرزا سدیقی چنگیانی داخڵ بە ڕێکخستنەکانی پارتی بووین، لە گوندی کانی سانان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەمان خوێند، توانیمان ڕێکخستنەکانی پارتی بگەیەنینە (مەریوان، سەرشیوی سەقز، بانە، سەردەشت، سنە و تا سنووری هەمەدان)، تەنانەت جۆرە کاغەزێکمان بۆ هاتبوو، کاتێك لێمان دەنووسی، پاشان ئاومان پیادا دەکرد، نووسینەکە دیار نەدەما، دەماننارد بۆ ڕێکخستنەکان و دەیاندایە بەر ڕووناکی و دەیانخوێندەوە، تەقەمەنیمان لە ناو کۆڵەپشتی خۆماندا دەگەیاندە باشوور، زۆر گومانیان لێ نەدەکردین، لەبەر ئەوەی پۆشاکی فەقێ و مەلامان دەپۆشی، جارێکیان ١٢ کادری پارتیمان گواستەوە و پۆشاکی مەلایەتیمان لەبەر کردن، کۆبوونەوەمان بردە گۆڕستان بۆ ئەوەی وا بزانن سەردانی گۆڕی پیاوچاکێکمان کردووە، کارەکانمان بە ئەنجام گەیاند و گەڕاندنمانەوە شوێنی خۆیان، ئێمە دەمانچەمان وەرگرتبوو، هەموو ئەو کەسانەی کە دژایەتی شۆڕشیان دەکرد لە چەند شوێنێك، هەڵمان کوتایە سەریان و تۆبەمان پێ کردن، کە جارێکی دیکە دژایەتیی شۆڕش نەکەن.

کاتێك جەنابی مەلا مستەفا بارزانی لە گوندی ساوجی بوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو گوندە لەسەر سنووری کوردستانی باشوور بوو، هەمیشە لە ڕێی ڕێکخستنەکانەوە گوێقوڵاغ بووین، نەبادا ڕژێمی پاشایەتی و خۆفرۆشان پلانی لە دژ بگێڕن، هەر لەو گوندەدا بارزانی داوای بینینی مامۆستاکەمانی کرد، ئێمەش تکامان لێ کرد لەگەڵیدا بڕۆین، تاوەکو بە دیداری بارزانی شاد بین، بەڵام مامۆستا لەبەر بارودۆخی ئەمنی ڕازی نەبوو، ئەوە بوو مامۆستا نزیکەی هەفتەیەك لای مەلا مستەفا بارزانی مایەوە، بارزانی بە مامۆستای گوتبوو تەفسیرێکی قورئان بە کوردی بنووسە بۆت چاپ دەکەم، پرسیاری کردبوو لە مامۆستا بەوەی تا چەند ئەم شۆڕشە شەرعییەتی هەیە؟ ئایا پێشمەرگەکانمان کە گیان بەخت دەکەن، شەهیدن؟ لە وەڵامدا مامۆستاکەم فەرمووبووی: «شۆڕش لە پێناو

**ئێستا هەوڵێک هەیە لە لایەن کەسانی نامۆ بەم گەلەوە، کە دەیانەوێت مەزهەب و تەریقەت لە بەرچاوی خەڵکی نامۆ بکەن، ئەویش بەهۆی کاریگەرییان بە فیکری دەرەکی و نامۆ، بێئاگا لەوەی کە سەرکردەکانی کورد زۆربەیان نەقشبەندی بوون**

**داواکارین لە جەنابی کاک مسعود بارزانی گرنگیی زیاتر بداتەوە بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و هەموو ئەوانەی کە سووکایەتی بە ئیسلام دەکەن سنوورێکیان بۆ دابنێت**

**ئایینی پیرۆزی ئیسلام بۆ نەهێشتنی زوڵم و ستەم و بۆ خێر و خۆشی بەشەرییەت هاتووە، خودای گەورە و میهرەبان لە قورئانی پیرۆزدا هەمیشە جەختی لەو ڕاستییە کردووەتەوە کە پشتگیریی ستەملێکراو بین و دژی زاڵم و چەوسانەوە بین**

**جۆرە کاغەزێکمان بۆ هاتبوو، کاتێک لێمان دەنووسی، پاشان ئاومان پیادا دەکرد، نووسینەکە دیار نەدەما، دەماننارد بۆ ڕێکخستنەکان و دەیاندایە بەر ڕووناکی و دەیانخوێندەوە**

لابردنی ستەم ڕەوایە و جیهادە، پێشمەرگەش لەسەر بەرگری لە خاکی خۆی گیان بەخت بکات، شەهیدە»، کە ماموٚستا گەڕابووەوە جەنابی بارزانی دارجگەرەیەکی بە دیاری بۆ ناردبووم، کە زۆر جێگای خۆشحاڵیمان بوو، تەنانەت لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانمانەوە هەردوو خوالێخۆشبوو (مەلا عەلی بیارە و ماموٚستا شێخ عوسمانی مەردۆخی) لەلایەن حەزرەتی شێخ عوسمانی بیارەوە بانگ کران بۆ خانەقای شێخ لە گوندی دوو ڕوود لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، شێخ پێیان دەفەرموێت خێرا خۆتان بگەیەننە بارزانی کە هەر ئەمشەو گوندی ساوجی چۆڵ بکات، چونکە هێزێکی گەورەی ڕژێمی شا، بەنیازن بیگرن، هەر دوو کەسی ناوبراو خێرا خۆیان دەگەیەننە ساوجی و پەیامەکەی شێخ بە بارزانی دەگەیەنن، هەر ئەو شەوە بارزانی ساوجی چۆڵ دەکات، کاتێك کە هێزی دوژمن دەگاتە ساوجی، دەبینن بارزانی لەوێ نەماوە و ڕۆیشتووە، ئێمە بەو جۆرە خزمەتی شۆڕشمان دەکرد، کە هەریەکێکمان ناوێکی نهێنی هەبوو، کە ناوە نهێنیەکەی من (ماردین) بوو.

*** باسی دەستێوەردانی دەرەکی و دژایەتیی کوردت کرد، کورد گەلێکی موسڵمانە، کەچی لەسەر دەستی ڕژێمەکانی ناوچەکە و دەسەڵاتدارانی عێراق تووشی زوڵم و چەوسانەوە بووە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، دژایەتیکردنی گەلی کوردی موسڵمان تا چەند لە دژی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەرمانە؟**

- دژایەتیکردنی کورد دژایەتیکردنی قورئانی پیرۆزە، چونکە کورد خودا دروستی کردووە و زمان و ئاخاوتنی تایبەتی پێ بەخشیوە، وەکو چۆن بە سەرجەم نەتەوەکانی ئەم گێتییەی بەخشیوە، کاتێك بابای عەرەب و فارس و تورك، کورد دەچەوسێننەوە، ئەوە دەربڕینی ناڕازیبوونیانە لە خودای میهرەبان، خودای گەورە و میهرەبان لە قورئانی پیرۆزدا دەفەموێت: «يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ».

*** تا چەند گرنگە حکومەت لە ماموٚستایان و زانایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام نزیك بێت، بۆ ئەوەی وەکو جاران لە مێژوودا ڕۆڵ و پێگەی ماموٚستایانی ئایینی لە پاراستنی نەتەوە و نیشتماندا بگەڕێتەوە؟**

- گرنگە سەرۆکی حکومەت ڕۆڵی زانایانی ئیسلام زیاتر لە بەرچاو بگرێت، چونکە پێشەوای زۆرینەی خەڵکی کوردستانن، بەو پێیەی زۆرینەی خەڵکی کوردستان موسڵمانن، پێویستە سەرۆکی حکومەت وەك چۆن لە بوارە جیاجیاکاندا ڕاوێژ بە کەسانی پسپۆڕ و شارەزا دەکات، ڕاوێژیش بە زانا هەڵکەوتووەکانی گەلی کورد بکات، کە جگە لە بەرژەوەندیی باڵای گەلەکەمان هیچی دیکەیان ناوێت.

*** ئێستا میللەتەکەمان لە قۆناغێکی هەستیاردایە، کەچی حزبە کوردستانییەکان هەریەکەو لەلایەك گوتاری بۆ دۆخەکە هەیە، ئایا لەم بێسەروبەرییەی ئێستادا ڕۆڵی ماموٚستایانی ئایینی چییە بۆ ئەرکی نیشتمانی و دەبێت ماموٚستایانی ئایینی چۆن هەنگاو بنێن؟**

- حزبە کوردستانییەکان بەرپرسیارێتیی گەورەیان لەسەر شانە، دەیان ساڵ خەبات و ڕەنج و ماندووبوون بەرهەمەکەی ئەم قەوارەی هەرێمەیە، نابێ بکەونە ژێر کاریگەریی دوژمنانی کورد، کە بە خوێنی میللەتەکەمان تینوون، با لەسەر مێزی گفتوگۆ کەسە عاقڵ و لەسەرخۆ و دونیابینەکانیان گفوگۆ بکەن، کەسی براوە ئەو کەسەیە بەرژەوەندیی کوردیی لا مەبەست بێت و وڵات و خاك تەسلیمی دوژمنانی کورد نەکات.

*** بۆچی میللەتی کورد نەیتوانیوە وەکو گەلانی دیکەی ناوچەکە، بەتایبەتی عەرەب و فارس و تورك سوود لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام وەربگرێت بۆ پاراستنی کیان و سەربەخۆیی خۆی و گەیشتن بە دەوڵەت؟**

- هەڵەیەك هەیە لە بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورددا کە پێیان وایە ئایینی ئسلام دەبێ دابڕێ لە تاك، بەم دروشمە بە جارێ ماڵیان وێران بووە، نە لە دژایەتی ئیسلامدا بوو، نە لە پاشکۆبوونی بێ دینەکاندا، کەسانێك هەن هەردەم باسی مۆدێرنە و عەقڵانییەت و چەمکە سواوەکان دەکەنەوە، بەڵام نەیانتوانی بگەنە ئەنجام، ببینن عەرەب و فارس و تورك خۆیان کردە دەمڕاستی ئیسلام، لە دامەزراندنی دەوڵەتەکانیان، لە ستراتیژ و پەیامیان، هەڵبژاردنیان سوودێکی زۆریان لە ئیسلام وەرگرت، هەندێ بابای لای ئێمەش تازە لە ئەلفوبێی دژایەتی دیندا نقەی دێ و، نەك هەر نەبوونە سونبول، بەڵکو بوونەتە لەکە بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد.

**ئێمە دەمانچەمان وەرگرتبوو، هەموو ئەو کەسانەی کە دژایەتی شۆڕشیان دەکرد لە چەند شوێنێک، هەڵمان کوتایە سەریان و تۆبەمان پێ کردن، کە جارێکی دیکە دژایەتیی شۆڕش نەکەن**

**دژایەتیکردنی کورد دژایەتیکردنی قورئانی پیرۆزە، چونکە کورد خودا دروستی کردووە و زمان و ئاخاوتنی تایبەتی پێ بەخشیوە، وەکو چۆن بە سەرجەم نەتەوەکانی ئەم گێتییەی بەخشیوە**

**پێویستە سەرۆکی حکومەت وەک چۆن لە بوارە جیاجیاکاندا ڕاوێژ بە کەسانی پسپۆڕ و شارەزا دەکات، ڕاوێژیش بە زانا هەڵکەوتووەکانی گەلی کورد بکات، کە جگە لە بەرژەوەندیی باڵای گەلەکەمان هیچی دیکەیان ناوێت**

**حزبە کوردستانییەکان بەرپرسیارێتیی گەورەیان لەسەر شانە، دەیان ساڵ خەبات و ڕەنج و ماندووبوون بەرهەمەکەی ئەم قەوارەی هەرێمەیە، نابێ بکەونە ژێر کاریگەریی دوژمنانی کورد، کە بە خوێنی میللەتەکەمان تینوون**

# تۆخم و ئامانجەکانی پرۆسەی چاکسازی لە دامەزراوەکانی حوکمڕانیدا

«شتێکی سرووشتییە کە هەوڵەکانی کابینەی نۆیەم بۆ چاکسازی ڕووبەڕووی هەندێ گرفت و ئاستەنگ ببێتەوە، چ ناوخۆیی، یان ئیقلیمی، گرنگ ئەوەیە دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان بە ئیرادەیەکی ڕاستەقینە و ورەیەکی بەردەوامی پۆڵایین بە سەر هەموو ئەو لەمپەر و تەگەرانەدا سەرکەوێت، هەر لە کاراکردنی یاساکانی دژ بە پەتای گەندەڵیی دارایی و وەدیهێنانی یەکسانی و دادپەروەری، دەبێت دیدگایەکی ڕوون و بەرنامەگەلێکی پراکتیکی هەبێت بۆ پەرەپێدانی پرۆژەکانی کشتوکاڵی و ئاودێری و دروستکردنی بەنداو و پاڵپشتیکردنی جووتیاران و بنیادنانی نەخۆشخانە و قوتابخانە و گرنگیدان بە ژینگە، ئاراستەکردن و گۆڕینی کۆمەڵگەی کوردستانی لە کۆمەڵگەی بەکاربەرەوە بۆ کۆمەڵگەی بەرهەمهێن».

پرۆسەی چاکسازیی کۆمەڵگە لە هەموو بوارێکیدا بریتییە لە جەوهەری تازەبوونەوە و پێشکەوتن و ناکرێ پشتگوێ بخرێت، چونکە پەرەسەندنە سیاسی و ئابووری و تەکنەلۆجییەکان کە لەم جیهانەی سەردەمدا ڕوودەدەن، سەرکردایەتییەکانی دەسەڵات ناچار دەکەن پرۆسەی چاکسازییەکی ڕاستەقینە ئەنجام بدەن، ئەویش لە ڕێی بەکارهێنانی سەرچاوە و تواناکانی گشت دامەزراوەکان و کاراکردنی ڕۆڵی ئەو دامەزراوانە لە خزمەتی هاووڵاتیاندا و دەستەبەرکردنی مافەکانیان و قەڵاچۆکردنی گەندەڵکاران، ئەم هەنگاوەش بە میکانیزمی یاسایی و شەفاف ئەنجام دەدرێت، بە ڕەچاوکردنی پارێزگاری لە سامانی گشتی.

پرۆسەی چاکسازی چ سەرانسەری بێت، یان لاوەکی، پێویست بەوە دەکات دەسەڵاتی حوکمڕان دیدگایەکی ستراتیژی هەبێت لەبارەی پەرەپێدانی چەمکی ڕۆڵی دامەزراوەکانی حوکمڕانی، کە دامەزراوەگەلی ڕۆتینی و نەریتین بە دەست لاوازی و بێ تواناییەوە دەناڵێنن، تاکو ببنە دامەزراوەگەلێك لەلایەن کەسانی لێهاتوو و کارامە بەڕێوە بچن، کە دواجار بخرێنە خزمەت و پێشکەوتنی کۆمەڵگە، لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە سەروەریی یاسا و جێبەجێکردنی یەکسانی و وەدیهێنانی دادپەروەری و بەرەنگاربوونەوەی



**پ. د.کامەران ساڵحی**

شرۆڤەکاری سیاسیی سەربەخۆ

بۆ گوڵانی نووسیوە

گەندەڵیی دارایی و کارگێڕی و وشککردنی سەرچاوەکانی ئەو گەندەڵییە.

وەدیهێنانی چاکسازی پێویستی بە دەستەبەرکردنی کۆمەڵێك توخمی پێویست هەیە بۆ دابینکردنی ژینگەیەك کە بتوانێت هانی ئەم دەستپێشخەرییە بدات، تاکو پرۆسەی چاکسازی بەڕێوە بچێت و بەردەوام سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، لەوانە:

یەکەم: لەسەر چینی دەسەڵاتدار پێویستە دەرك بەوە بکات کە وەدیهێنانی پرۆسەی چاکسازی سەر ناگرێت، ئەگەر پەیوەندی و سیاسەتێکی عاقڵمەندانە لە نێوان حوکمڕانان و تاکەکانی کۆمەڵگە دروست نەبێت، لەگەڵ کاراکردنەوەی دەسەڵاتەکانی گشت دامەزراوەکانی حوکمڕانی و تەوزیفکردنی ئەو دەستەبژێرەی بڕوای بە پرۆسەی چاکسازی هەیە، چونکە بێ ئەو دەستەبژێرە هۆشمەندەی کە بەرژەوەندیی گەلی لەبەر چاوە ئەم پرۆسەیە سەرناگرێت، دەسەڵاتی حوکمڕان پێویستە کەلتوورێکی نوێ بڵاو بکاتەوە کە هەموو کەلتوورە کەڵەکەبووە دواکەوتووەکە بەجێ بهێڵێت و دەست بداتە بزاڤێکی ڕۆشنبیریی هۆشمەندانە کە پشت بە گۆڕانکاریی ڕیشەیی ببەستێت لە ڕۆڵی دەسەڵاتی سیاسی و ئاراستەکردنی بەرەو بنیادنانی کۆمەڵگە لەسەر بنەماکانی دەستەبەری ماف و ئازادیی تاکەکان، لەپێناو هێنانەکایەی کۆمەڵگەیەکی یەکسان و دادپەروەر و هاوکار.

دووەم: کاراکردنەوەی ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ بەشداریکردن لە دەرکردنی ئەو بڕیارانەی پەیوەستن بە چارەنووس و ئایندەی کۆمەڵگە، ئەمەش پێویست بەوە دەکات ڕۆڵی دامەزراوەکانی حوکمڕانی جارێکی دیکە دابڕێژرێتەوە، کە بێلایەنیی ڕۆڵی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئەو دامەزراوانە دابین بکات، بە ڕەچاوکردنی ڕۆڵی گرنکی ئەو ڕێکخراوانە لە دەستنیشانکردنی کەموکوڕییەکان لە ئەدای ئەو دامەزراوانەدا، هاوکات لە بەشداریکردن لە دۆزینەوەی چارەسەر بەپێی بەرژەوەندیی گشتی.

سێیەم: پێویستە پرۆسەی چاکسازی (چ سەرانسەری، یان لاوەکی بێت)، ئامانجی پراکتیکی و ڕوونی هەبێت کە پشت بە بنیادنانی پەیوەندگەلێکی ڕوون و ئاشکرا ببەستێت لە نێوان دامەزراوەکانی حوکمڕانی و هاووڵاتیاندا، کە وا پێویست دەکات هاووڵاتی ببێتە چەقی پرۆسەی چاکسازی، لەمەشدا پێویستە پشت بە شارەزا و پسپۆڕان ببەسترێت بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەکەدا، بەدەر لە ئینتیمای سیاسی، نەتەوەیی، ئایینی، یان تایفەگەری.

**پرۆسەی چاکسازیی کۆمەڵگە لە هەموو بوارێکیدا بریتییە لە جەوهەری تازەبوونەوە و پێشکەوتن و ناکرێ پشتگوێ بخرێت**

**لەسەر چینی دەسەڵاتدار پێویستە دەرک بەوە بکات کە وەدیهێنانی پرۆسەی چاکسازی سەر ناگرێت، ئەگەر پەیوەندی و سیاسەتێکی عاقڵمەندانە لە نێوان حوکمڕانان و تاکەکانی کۆمەڵگە دروست نەبێت**

**دەسەڵاتی حوکمڕان پێویستە کەلتوورێکی نوێ بڵاو بکاتەوە کە هەموو کەلتوورە کەڵەکەبووە دواکەوتووەکە بەجێ بهێڵێت و دەست بداتە بزاڤێکی ڕۆشنبیریی هۆشمەندانە کە پشت بە گۆڕانکاریی ڕیشەیی ببەستێت**

**پێویستە پرۆسەی چاکسازی (چ سەرانسەری، یان لاوەکی بێت)، ئامانجی پراکتیکی و ڕوونی هەبێت کە پشت بە بنیادنانی پەیوەندگەلێکی ڕوون و ئاشکرا ببەستێت لە نێوان دامەزراوەکانی حوکمڕانی و هاووڵاتیاندا**

**چاکسازیی داپەروەری و چەسپاندنی بنەماکانی نایەنە دی، بێ ئەوەی دامەزراوەی دادوەری سەربەخۆیی ڕاستەقینەی خۆی نەبێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو پرس و کێشە یاساییەکاندا**

**گەندەڵی بە هەموو جۆرەکانییەوە مەترسیترین پەتایە کە پێویستە لە دامەزراوەکانی حوکمڕانی ڕیشەکێش بکرێت، بەتایبەتیش گەندەڵیی دارایی کە کەسانێکی نێو چینی حوکمڕان تێوەی دەگلێن**

چوارەم: پێویستە دەسەڵاتی سیاسی بە تەواوی پابەند بێت بە پرەنسیپی جیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتەکان، بە شێوەیەك کە دامەزراوەی حوکمڕان دەست وەرنەداتە کاروباری ئەو دەسەڵاتانە و هاوکات دەبێت لە مامەڵەکردندا زۆر شەفاف بێت.

پێنجەم: پێویستە ئامانجی پرۆسەی چاکسازی بریتی بێت لە بەهێزکردنی ڕەوایيدان بە سیستەمی سیاسی، لەمەشدا دەبێت هەیکەلگەلی بەتوانا و کارای ئیداری بنیاد بنرێن کە شایانی ئەوە بن کاروباری حوکمڕانی بەڕێوەبەرن، لە ڕێی حکومەتی خۆجێیی هەڵبژێردراو و ئەنجومەنی شارەوانی، کە ڕەنگدانەوەی هاوسەنگیی هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییە کاراکانی کۆمەڵگە بێت، بە شێوەیەك بەشداریکردنی هاووڵاتی لەم حکومەتانە دەستەبەر بکات، بێ جیاوازی و لەبەر هەر هۆیەك بێت.

شەشەم: چاکسازیی داپەروەری و چەسپاندنی بنەماکانی نایەنە دی، بێ ئەوەی دامەزراوەی دادوەری سەربەخۆیی ڕاستەقینەی خۆی نەبێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو پرس و کێشە یاساییەکاندا، لەگەڵ پابەندبوونی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بە ڕاپەڕاندنی هەموو ئەحکامەکانی دادگا و زەمانەتی پاراستنی دادوەران کە دەستدرێژییان نەکرێتە سەر، نابێت ڕۆڵی دامەزراوەکانی دادوەری تەنیا پاراستنی تاکەکان بێت لە نێوان خۆیاندا، بەڵکو پاراستنیان تەنانەت لە دەستدرێژیی چینی حوکمڕان، یان ئەوانەی سەر بەو چینەن.

حەوتەم: گەندەڵی بە هەموو جۆرەکانییەوە مەترسیترین پەتایە کە پێویستە لە دامەزراوەکانی حوکمڕانی ڕیشەکێش بکرێت، بەتایبەتیش گەندەڵیی دارایی کە کەسانێکی نێو چینی حوکمڕان تێوەی دەگلێن، ئەمەش بە شێوەیەکی نەرێنی کاردەکاتە سەر هەیبەتی دامەزراوەکانی حوکمڕانی، دواجار ئەو دامەزراوانە دەکات بە تەنیا ئامرازێك بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان، لە کۆتاییدا قەیرانی سیاسی و دارایی و کۆمەڵایەتی بەدوادا دێت، کە ئاسایشی کۆمەڵایەتی لەق دەکات و، بزاڤی ناڕەزایی و یاخیبوون زیاد دەکات و، قەوارەی سیاسی ڕووبەڕووی مەترسییەکانی شکست و ڕووخان دەکاتەوە.

کە باس لە ئەزموونی ئێستای حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، کاتێك دەبینین کە پشتگیری لە هەوڵە بەردەوامەکانی دەکەین لە ڕووی پرۆسەی چاکسازیی ئیداری دارایی، هاوکات بەرەوپێشچوونی ئەرێنییانەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و فراوانکردنی چوارچێوەی خزمەتگوزارییە مەدەنییەکان و گرتنەبەری سیستەمی لامەرکەزیی کارگێڕی و دەستەبەرکردنی ئاسایش، بەڵام دەبێت ئەو حکومەتەی ئێستا شان بداتە بەر بارگرانیی ئەو پرۆسە چاکسازییە و جەخت بکاتەوە لەسەر پابەندبوونی دامەزراوەکانی بە چارەسەرکردنی کێشەی ڕۆژانەی هاووڵاتیان، ئەمەش پێویست بەوە دەکات لە مامەڵەکردندا شەفافییەت و یەکسانی ڕەچاو بکات، هەروەها ئاسانکردنی ڕێوشوێن و ڕێکارەکانی ئیداری و کارکردنی بەردەوام لە سیستەمی بنیادنانی حکومەتی ئەلیکترۆنی، بەتایبەتی لە بواری پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و ڕزگارکردنی ئابووریی کوردستان لە تاکە سەرچاوەی قازانج و یەکلایەنانە (واتا پشت بەستن بە سەرچاوەی داهاتی نەوت و سنوور)، هاوکات کارکردن بۆ پاڵپشتیکردن و هاندانی کەرتەکانی بەرهەمهێنان تایبەت بە بەرنامەی بەردەوامی پەرەپێدان، لەگەڵ دۆزینەوەی ژینگەیەکی لەبار بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنانی نیشتمانی و بیانی، ئەمەش هاوکات بێت لەگەڵ پشت بەستن بە دەستەگەلێکی پسپۆڕ لە ڕاوێژکارانی بەتوانا و کارامە کە پاشخانێکی پاك و بێگەرد و نیشتمانییان هەبێت.

بنەماکانی سەرکەوتنی پرۆسەی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان پێویست بەوە دەکەن، نەخوێندەواری نەمێنێت و جیاوازییەکانی چینایەتی و دابەشکردنی سامان کەم بکرێنەوە، هەڵمەتێکی کاراش دەست پێ بکرێت بۆ قەڵاچۆکردنی گەندەڵیی دارایی کە تۆخمێکی وێرانکەری ئابووریی نیشتمانییە.

پێویستە حکومەت هەلی کار بۆ گەنجانی بەتوانا دابین بکات، بێ گوێدانە حزبایەتی و عەشیرەتگەری و ناوچەگەری لە کاتی

فراوانکردن و دابەشکردنی پلە و پۆستە وەزارەییەکاندا، دەبێت سەرکردە و بەرپرسانی ئیداری بە پێی پێوەری لێهاتوویی و دەستپاکی و شارەزایی کردارەکی و پیشەیی و دڵسۆزی دەستنیشان بکرێن. پێویستە پرۆسەی چاکسازی لە کوردستان فراوانتر بێت، نەك لە هەندێ دامەزراوەی کارگێڕی و دارایی کورت بکرێتەوە، دەبێت چاکسازی سەرتاسەری بێت لە هەموو دامەزراوەکانی حوکمڕانیدا (سیاسی، ئیداری، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، پەروەردەیی و ئەمنی).

هێز و توانای سیستەمی سیاسی لە کوردستان لە هێزی هەیکەلبەند و جومگەکانیدایە، هەروەها لەو توانایەی کە هەیەتی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری هەرێم و خزمەتکردنی هاووڵاتیان بێ جیاوازی، لەگەڵ گەیاندنی چاکسازی بەو ئاراستەیەی کە خزمەتی هاووڵاتی بکات، تاکو ژیانێکی خۆشگوزەران بەسەر بەرێت، ئەمەش بە بنیادنانی ئابوورییەکی نیشتمانی کە ئاسایشی خۆراك و بەرهەم و داودەرمان بۆ هەموو توێژەکانی کۆمەڵگە فەراهەم بکات.

پرۆسەی چاکسازی ئامانجەکانی وەدی ناهێنێت، ئەگەر گەندەڵیی دارایی و ئیداری بنبڕ نەکرێت، هەروەها بێ دابینکردنی خزمەتگوزاریی ڕۆژانە بۆ هاووڵاتیان، هێزی حکومەت لە پتەویی متمانەی نێوان دەسەڵات و هاووڵاتیدایە.

شتێکی سرووشتییە کە هەوڵەکانی حکومەت بۆ چاکسازی ڕووبەڕووی هەندێ گرفت و ئاستەنگ ببێتەوە، چ ناوخۆیی یان ئیقلیمی، گرنگ ئەوەیە دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان بە ئیرادەیەکی ڕاستەقینە و ورەیەکی بەردەوامی پۆڵایین بەسەر هەموو ئەو لەمپەر و تەگەرانەدا سەرکەوێت، هەر لە کاراکردنی یاساکانی دژ بە پەتای گەندەڵیی دارایی و وەدیهێنانی یەکسانی و دادپەروەری، دەبێت دیدگایەکی ڕوون وبەرنامەگەلێکی پراکتیکی هەبێت بۆ پەرەپێدانی پرۆژەکانی کشتوکاڵی و ئاودێری و دروستکردنی بەنداو و پاڵپشتیکردنی جووتیاران و بنیادنانی نەخۆشخانە و قوتابخانە و گرنگیدان بە ژینگە، ئاراستەکردن و گۆڕینی کۆمەڵگەی کوردستانی لە کۆمەڵگەی بەکاربەرەوە بۆ کۆمەڵگەی بەرهەمهێن، کە تێیدا هاووڵاتی هەموو هۆیەکانی گوزەران و ژیانی ئازاد و سەربەرزی بۆ دابین بکرێت، بۆیە بێ وەدیهێنانی ئەمە پرۆسەی چاکسازی تەنیا وەك دروشمێك دەردەکەوێت، ئەمەش خواستی هیچ هاووڵاتییەکی دڵسۆزی کوردستان نییە، چونکە هەموو هاووڵاتییەکی سەربەرز بە تەنگ ئەوەوەیە پرۆسەی چاکسازی کە حکومەتی ئێستا بەڕێوەی دەبات، سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و ئامادەیشە لەم ڕووەوە داکۆکی لێ بکات.




**بنەماکانی سەرکەوتنی پرۆسەی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان پێویست بەوە دەکەن، نەخوێندەواری نەمێنێت و جیاوازییەکانی چینایەتی و دابەشکردنی سامان کەم بکرێنەوە**

**پێویستە حکومەت هەلی کار بۆ گەنجانی بەتوانا دابین بکات، بێ گوێدانە حزبایەتی و عەشیرەتگەری و ناوچەگەری لە کاتی فراوانکردن و دابەشکردنی پلە و پۆستە وەزارەییەکاندا**

**دەبێت سەرکردە و بەرپرسانی ئیداری بە پێی پێوەری لێهاتوویی و دەستپاکی و شارەزایی کردارەکی و پیشەیی و دڵسۆزی دەستنیشان بکرێن**

**هەموو هاووڵاتییەکی سەربەرز بە تەنگ ئەوەوەیە پرۆسەی چاکسازی کە حکومەتی ئێستا بەڕێوەی دەبات، سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و ئامادەیشە لەم ڕووەوە داکۆکی لێ بکات**



**دکتۆر سەڵاحەدین یاسین**

سەرۆکی بەشی ئەندازیاریی تەلارسازی لە زانکۆی سەڵاحەدین بۆ گوڵان:

# کێشەی تەلارسازیی هەولێر لە ماستەرپلاندا نییە، بەڵکو لە نەخشەی وردەکاریدایە

# دیزاینی بازنەیی هەولێری کردووەتە شارێکی میترۆپۆڵ

**پرسی ماستەرپلانی هەولێر و بابەتەکانی پەیوەست بە ڕەچاوکردنی مۆرك و تایبەتمەندیی کوردستانی لەم ماستەرپلانە و، بەرفراوانبوونی شار لە ڕووی ئاسۆیی و ستوونییەوە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار، بوونە تەوەری دیدارێکی گوڵان لەگەڵ پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر سەلاحەدین یاسین باپیر سەرۆکی بەشی ئەندازیاریی تەلارسازی لە زانکۆی سەلاحەدین.**

*** یەکێك لە کارە باشەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ دروستکردنی ماستەرپلانی شارەکان بوو بەگشتی و هەولێر بەتایبەتی، ئەم ماستەرپلانانە لەلایەن کۆمپانیایەکی ئەندازیاریی لوبنانی دروست کراون، ئایا چۆن سەیری ئەو ماستەرپلانەی هەولێر دەکەن کە ماوەی نزیکەی ٢٠ ساڵە بەپێی ئەو ماستەرپلانە کار لەسەر هەولێر دەکرێت؟**

- لە ڕاستیدا شاری هەولێر پێشتریش ماستەرپلانی هەبووە، پێشتریش لە ساڵی ١٩٩٣ بە توانا و ئیمکانیاتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان ماستەرپلانێکمان بۆ هەولێر دانا، لەسەر ئەو ماستەرپلانە کار و پرۆژەی باش بەڕێوە چوو، ئەو ماستەرپلانە ئێستاش ماوە، ئەو کات لە دانانی ماستەرپلانەکەدا کێشەی سەرەکی و زەحمەت تەنیا سەربازگەی هەولێر بوو کە بە چەندین هۆکار ئەو شوێنە داخیلی ماستەرپلانەکە نەکرا، پاشان بەتایبەت لە ساڵی ٢٠٠٣ ئەو شوێنەش خرایە ناو ماستەرپلانەوە و، ئەو ماستەرپلانەی لەلایەن دارولهەندەسەی لوبنانی دانرا، لە ڕاستیدا لە ڕووی دارشتن و بیرکردنەوەکەش کارێکی زۆر باش بوو، بەڵام بەداخەوە ماستەرپلان بە تەنیا کار ناکات، چونکە دەزانین کە ماستەرپلان بڕیارە سیاسییە گشتییەکەیە و شوێن و نەخشەی هەموو پێکهاتەکانی شاری لەسەر جێگیر دەکرێت، بەڵام لە دوای ئەو ماستەرپلانە، نەخشەی وردەکاری هەیە و، کێشەی سەرەکی ئێمە بەتایبەت لە شاری هەولێر نەبوونی نەخشە و وردەکارییەکانە، لە نەخشەی وردەکارییەکاندا بڕیار دەدرێت کە گەڕەکێك چۆن دابەش بکرێت و شەقامەکانی چەند مەتری بن و ڕووبەر و شوێنی سەوزایی چەند بێت و لە چەند شوێنی گەڕەکەکەدا دەبێت، ئێمە لاوازییەکی زۆر گەورەمان لەو نەخشە وردەکارییانەدا هەیە و، نەتوانراوە وەك خۆی و بەپێی پێویست جێبەجێ بکرێت. شەقامی ١٢٠ و ١٥٠ مەتری هەر هەموویان لە کارەکانی دارولهەندەسەیە، کە لە ناو ماستەرپلانەکەدا جێگیری کردوون، لەلایەکی دیکەوە بۆ جێبەجێکردنی ماستەرپلان و نەخشە وردەکارییەکان یاسامان هەیە، بەڵام وەکو خۆی جێبەجێیان ناکەین و بەدواداچوونیشمان بۆیان نییە، یان زۆر لاوازە.

*** ئەندازیاریی تەلارسازی بێجگە لەوەی یەکێکە لە زانستە دیارەکان، لە هەمان کاتدا وەك جۆرێك لە هونەری تەشکیلی سەیر دەکرێت، ئەمەش بەو مانایەی کاتێك ئەندازیارێك دیزانێك دروست دەکات، کەلتووری وڵاتەکەشی تیکەڵ دەکات و بە جۆرێك لە جۆرەکان دەیکاتە براندێکی نیشتمانی، ئایا تا چەند توانراوە لە دارشتنی ماستەرپلانی شارەکانی کوردستان بەگشتی و هەولێر بەتایبەتی ڕەچاوی ئەم تایبەتمەندییە بکرێت، تا کاتێك یەکێك دێتە هەولێر بزانێت شارێکی کوردستانییە؟**

- ئەو پرسیارەی ئێوە دەیکەن من نامەی دکتۆرا و شارەزاییەکەم لەسەر ئەو لایەنەیە، ئایا ئێمە (ئایدێنتەتی) واتە ناسنامەی شارێك چۆن پیشان بدەین کە مۆرکی کوردەواری پێوە بێت؟ بە تەئکید لەم لایەنەوە لەسەر شارێکی وەك هەولێر گلەیی زۆرمان لێ دەکرێت، کە ئەمەش بۆ کۆمەڵێك فاکتەر و کاریگەری دەگەڕێتەوە و، پێش هەموو کارێك پێویستە بزانیت تەلارسازی کۆکردنەوەی دوو شتە، کە یەکێکیان لایەنی زانستیی ئەندازیارییە و دووەمیان لایەنی هونەرییە، ئەگەر ئەو دوو لایەنە تێکەڵ بە یەکتر نەکەین، ئەوە تەلارسازی دروست نابێت، لە گەشەکردن و کاری تەلارسازی لە شاری هەولێردا ناسنامەی کەلتووری نیشتمانی ڕەچاوکراوە و هەیە، بەڵام بەداخەوە بە شێوەیەکی زۆر کاریگەر لەگەڵ کەلتوور و ناسنامەی وڵاتانی دیکە تێکەڵ بووە، بەتایبەت لەگەڵ دراوسێیەکان بۆ نموونە کابرایەك بینایەکی

**لە نەخشەی وردەکارییەکاندا بڕیار دەدرێت کە گەڕەکێک چۆن دابەش بکرێت و شەقامەکانی چەند مەتری بن و ڕووبەر و شوێنی سەوزایی چەند بێت و لە چەند شوێنی گەڕەکەکەدا دەبێت**

**بۆ جێبەجێکردنی ماستەرپلان و نەخشە وردەکارییەکان یاسامان هەیە، بەڵام وەکو خۆی جێبەجێیان ناکەین و بەدواداچوونیشمان بۆیان نییە، یان زۆر لاوازە**

**تەلارسازی کۆکردنەوەی دوو شتە، کە یەکێکیان لایەنی زانستیی ئەندازیارییە و دووەمیان لایەنی هونەرییە، ئەگەر ئەو دوو لایەنە تێکەڵ بە یەکتر نەکەین، ئەوە تەلارسازی دروست نابێت**

**لە گەشەکردن و کاری تەلارسازی لە شاری هەولێردا ناسنامەی کەلتووری نیشتمانی ڕەچاوکراوە و هەیە، بەڵام بەداخەوە بە شێوەیەکی زۆر کاریگەر لەگەڵ کەلتوور و ناسنامەی وڵاتانی دیکە تێکەڵاو بووە**

لە وڵاتێکی دراوسێ بینیوە و دێت لە هەولێر کۆپی پێستی دەکات، بەڵام لایەنی کەلتووری و نیشتمانی تیدا ڕەچاو نەکراوە، لەو بارەوە ئایا ئێمە نموونە و ناسنامەی وەك ئەوەمان هەیە؟ بە تەئکید یەکێك لە کارە زیندووەکان کە ڕۆژانە بەرچاومان دەکەوێت، منارەی چۆلییە کە دەتوانرا لە بری لاساییکردنەوەی تەلارسازیی وڵاتێکی دیکە، ئەو نموونەیەی منارەی چۆلی دروست بکرێت کە مێژوو و ناسنامەیەکی کۆنی کورد و کوردستان دەگێڕێتەوە، ناسنامەی دیکەشمان هەیە پێش ئیسلامیش، دەتەوێت دوورتریش بگەڕێنەوە، ئەوە دەچینە سەر قەڵات کە نموونەیەکی جیهانیی زۆر کۆن و پرۆفیشناڵە و تەعبیر لە ناسنامەی ئێمەی کورد دەکات، بەڵام چەندین نموونەی دیکە هەیە کە لە باڵەخانە و کاری تەلارسازی و گەشەکردن و بەرفراوانبوونی هەولێردا بەرچاو دەکەوێت، کە دوورن لە مۆرکی کەلتوور و ناسنامەی نیشتمانیی کورد. هەر بۆیە من دەڵێم زۆر گوناهە لە شارێکی وەك هەولێردا کە تەمەنی زیاتر لە شەش هەزار ساڵ بێت، بچین کەلتوور و ناسنامەی وڵاتانی دیکە لە جیاتی ناسنامەی نیشتمانیی خۆمانی تێدا بەرجەستە و بەرچاو بکەین. هەر بۆیە لێرەدا پێویستە گلەیی لە خۆمان بکەین، بەتایبەت ئەندازیارەکانی شارستانی و تەلارسازی کە ئاگادار و پابەند نین بەو یاسا و مەرج و ڕێنماییانەی لە کاتی مۆڵەتی بینایەك، یان باڵەخانە و خانوویەك لە شارەوانی پێیان دەدرێت، کە پێویستە وەك خۆی جێبەجێ بکرێت و بە دواداچوونی ورد و بەردەوامیشمان هەبێت، بەتایبەت هەستیار بین لەو ناسنامە و کەلتووری نیشتمانییەی کە هەمانە، کە دەبێت لە خانوو و باڵەخانەکاندا ڕەنگ بداتەوە، نەك کۆپی پێستی وڵاتان. لەلایەکی دیکەوە دیاریکردن و ڕێنماییەکان لەسەر ناوچەی بەفرزۆن کە دەکاتە ئەو گەڕەك و شوێنانەی کە زیاتر دەکەونە ناو شەقامی ٣٠ مەترییەوە، لە کاتێکدا ئەو ڕێنماییەی بەفرزۆن نەبووایە، ئەوە شاری هەولێر لە ڕووی ناسنامە و کەلتووری ئەندازیاری و تەلارسازییەوە تووشی کارەسات دەبوو، چونکە هەموو ئەو خانووە کۆنانە تێك دەدران و سیما و نەخشە و تەلارسازییەکان لەناو دەچوون و هەر کەسە بە ئارەزووی خۆی لەو شوێنانەی کە نزیك قەڵاتیشن، باڵەخانەی شەش نهۆم و ١٠ نهۆمیان بەرز دەکردوە، بەتایبەت بازاڕی نیشتمان و داون تاون لەو شوێنە شاری هەولێر کە دروست کراوە، گەورەترین هەڵە بووە.

*** ئایا لە ئەندازیاریی تەلارسازیدا مەرج و ڕێنمایی بۆ نەخشەی باڵاخانە گەورەکان هەیە، مەبەستمان ئەوەیە لە دروستکردنی بینا و باڵاخانە بەرزەکاندا ڕەچاوی تایبەتمەندیی شارێکی وەك هەولێر و کەلتووری کوردستان کرابێت؟**

- بەڵێ، هەمانە، دیسان دەگەڕێمەوە بۆ دوو هۆکار کە زۆرجار باسی دەکەم، کە سەری لە ئێمە شێواندووە بۆ دروستکردنی خانوو و باڵەخانە کە ڕێنمایی شارەوانی هەیە، لە هەمان کاتدا ڕێنمایی وەبەرهێنانیش هەیە، هەر بۆیە دەبینین بەپێی مۆڵەت و ڕێنمایی شارەوانی لە فڵانە شوێن هەقت هەیە باڵەخانەیەکی شەش نهۆمی بەپێی ئەو مەرج و ڕێنماییانەی هەیە دروست بکرێت، بەڵام لە تەنیشتی ئەو باڵەخانەیە پڕۆژەیەکی وەبەرهێنان هەیە کە دەبینیت باڵەخانەیەکی ٤٢ نهۆمی دروست دەکرێت، لێرەدا ڕۆڵ و مەرج و ڕێنمایی شارەوانی بزرە و لەسەری جێبەجێ نەکراوە. ئێمە حەز دەکەین وەك هەموو وڵاتانی دونیا باڵەخانەی بەرز و هاوچەرخمان هەبێت، بەڵام پێویستە ڕێنمایی تایبەت بە باڵەخانەی بەرز هەبێت، ئەم کار و هەنگاوانەی لە ڕووی باڵەخانەی بەرزەوە لە هەولێر دەهاوێژرێت، لە ڕووی ڕێنمایی و مەرجەکانەوە کێشە لە نێوان شارەوانی و وەبەرهێناندا دروست دەکات، چونکە یاسا و ڕێنماییەکانی شارەوانی شتێکە و ئەوەی وەبەرهێنان شتێکی دیکەیە، ئەو بارودۆخەی لە وەبەرهێناندا هاتەدی، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کاتێك زۆر پێویستمان بە ڕاکێشانی وەبەرهێنەران هەبوو، بۆ ئەو مەبەستەش ئاسانکارییان بۆ کرا، لە ئەنجامدا گەیشتینە ئەو بارودۆخەی کە ئێستا تێی کەوتووین، بەڵام ئێستا کاتی ئەوەیە دەست بە هەموارکردنەوەی یاسا و ڕێنماییەکانی وەبەرهێنان بکەینەوە و سەر لەنوێ دایبڕێژینەوە، پێویستە مەرج و ڕێنماییەکانی شارەوانی لەسەر کار و پڕۆژەکانی وەبەرهێنانیش جێبەجێ بکرێت.

*** هەولێر وەك پایتەختی هەرێمی کوردستان دیزاینی ماستەرپلانەکەی بازنەییە، ئەمەش واتە پێکدێت لە بازنەکانی (٣٠، ٦٠، ١٠٠، ١٢٠ و ١٥٠) مەتری و دوای ئەویش پشتێنەی سەوزە،**

**یەکێک لە کارە زیندووەکان کە ڕۆژانە بەرچاومان دەکەوێت، منارەی چۆلییە کە دەتوانرا لە بری لاساییکردنەوەی تەلارسازیی وڵاتێکی دیکە، ئەو نموونەیەی منارەی چۆلی دروست بکرێت کە مێژوو و ناسنامەیەکی کۆنی کورد و کوردستان دەگێڕێتەوە**

**زۆر گوناهە لە شارێکی وەک هەولێردا کە تەمەنی زیاتر لە شەش هەزار ساڵ بێت، بچین کەلتوور و ناسنامەی وڵاتانی دیکە لە جیاتی ناسنامەی نیشتمانیی خۆمانی تێدا بەرجەستە و بەرچاو بکەین**

**بازاڕی نیشتمان و داون تاون لەو شوێنە شاری هەولێر کە دروست کراوە، گەورەترین هەڵە بووە**

**پێویستە ڕێنمایی تایبەت بە باڵەخانەی بەرز هەبێت، ئەم کار و هەنگاوانەی لە ڕووی باڵەخانەی بەرزەوە لە هەولێر دەهاوێژرێت، لە ڕووی ڕێنمایی و مەرجەکانەوە کێشە لە نێوان شارەوانی و وەبەرهێناندا دروست دەکات**

**کە ئەویش هەر پشتێنەیەکی بازنەییە، سەبارەت بەم دیزاینە هەندێك لە ئەندازیاران پێیان وایە ئەم دیزاینە بازنەییە هەولێر دەکات بە «میترۆپۆل» و هەندێك لە ئەندازیارانی دیکە پێیان وایە ئەم دیزانە بازنەییە ڕێگە نادات شاری بچووکی سەربەخۆ لە ناو شاری هەولێردا دروست ببێت و قەرەباڵغییەکە دەگەڕێتەوە سەنتەری شارەکە، ئایا ئێوە چۆن سەیری ئەم دیزانەی ماستەرپلانی هەولێر دەکەن؟**

- ئێمە زۆر بەشانسین کە دیزاین و نەخشەی هەولێر لە قەڵاتەوە دەستی پێ کردووە، کە ئەمەش وای کردووە هەموو شەقامەکانی دەوری قەڵات کە بە دەوری شارەکەشەوە، دەبێت وەك ٣٠ مەتری و ٦٠ مەتری و تا کۆتایی بازنەیی بن، ئەو شەقامە بازنەییانە لە ڕووی پلانینگەوە شتێکی زۆر ڕێکوپێکە، ڕاستە شارەکەمان دەکاتە میترۆپۆڵ و زۆر گەورەی دەکات و ناتوانرێت شاری بچووکی لە ناودا دروست بکرێت، بەڵام ئەوەش شتێکی زۆر مەنتیقییە کە لە کاتێکدا شاری بچووکم دروست کرد، ئەوە ئەو شارە بچووکانە دەبەینە دەرەوەی شار و دەرەوەی شەقامە بازنەییەکانی کۆتایی، بۆ نموونە دەکرێت شاری بچووك لە نزیك خەبات و پیرمام و قوشتەپە دروست بکەین، کە ئەو شارە بچووکانە لەو شوێنانە هیچ لە پلانینگ ناگۆڕێت و کارێکی زۆر ئاسایی و گرنگ و سەرکەوتووش دەبێت، ئەو ماستەرپلانەی بۆ هەولێر دانراوە، وای کردووە لە کاتی گەشەکردن و بەرفراوانییەکەیدا پارێزراو بین، چونکە ماستەرپلانەکە ڕێوشوێن و هەموو شتەکانی پێویست بە شار و ئاوەدانی بۆ دەستنیشان کردووین، بۆ نموونە ئەو ژمارەی ئۆتۆمبێلە زۆرەی شاری هەولێر، کە تا ئێستا هاتوچۆ لە شەقامەکاندا بە شێوەیەکی ئاساییە و تووشی خنکان نەهاتووین، کە ئەمەش زیاتر بۆ دروستکردنی شەقامی بازنەیی ١٠٠ مەتری لە پاشان بۆ ١٢٠ مەتری و ١٥٠ مەتری دەگەڕێتەوە.

*** لە ماوەی نزیکەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا هەولێر بە شێوەیەکی بەرچاو لە ڕووی ئاسۆییەوە فراوان بووە و ئێستا ئاراستەی فراوانبوونەکە گۆڕاوە بۆ ستوونی و بونیادنانی باڵەخانەی بەرز، ئایا لە ڕوانگەی زانستی ئەندازیاریی تەلارسازییەوە خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئاراستەی فراوانیی ئاسۆیی چییە؟ ئایا پرسەکە تەنیا دروستکردنی باڵاخانەی بەرزە، یان پەیوەستە بە کۆمەڵێك لایەنی دیکە و سەرجەم خزمەتگوزارییەکانەوە؟ ئایا ئاراستەی بەرەوپێشەوەچوونی فراوانبوونی ستوونی لەگەڵ ئاراستەی بەرەوپێشەوەچوونی دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان وەك (ئاو، کارەبا، پاککردنەوە و.. تاد) هاوشانی ئەو بەرفراوانبوونەن؟**

- ئەو پرسیارە لە جێگەی خۆیەتی و هەموو کات پێویستە لە خۆمانی بپرسین و جەختی لەسەر بکرێتەوە، بێگومان لە هەموو دونیادا لە بەرفراوانبوونی شاردا هەردوو جۆری بەرفراوانی ئاسۆیی و ستوونی هەیە، بەڵام جۆری ئاسۆیی تێچووی یەکجار زۆرە و زەویی زۆری پێویستە و خزمەتگوزارییەکانیشی لەسەر حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار زەحمەت و قورسە، ئەگەرچی شوێنی نیشتەجێبوونی ستوونی لە ئێستادا زۆر باش و گونجاوە بۆ ئێمە، بەتایبەت لەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووان لەسەر ڕووبەرێکی زۆر کەمتر لە ئاسۆیی جێگایان دەبێتەوە و خزمەتگوزارییەکانیش ئاسانتر و تێچوویان کەمترە و کۆنترۆڵی خزمەتگوزارییەکانیش زۆر ئاسانترە، ئێستا بۆ شارێکی وەك هەولێر زیاتر پێویستمان بە یەکەی نیشتەجێبوونی ستوونی هەیە، لەبەر ئەوەی زەویمان کەم بووەتەوە، یان هەر نەماوە، ئەگەرچی بۆ یەکەی نیشتەجێبوون و باڵەخانەی بەرز پێویستە ڕێنمایی بۆ دەربچێت. لە لایەکی دیکە لە کاتێکدا وەبەرهێنان مۆڵەتی پڕۆژەیەکی نیشتەجێبوونی ستوونی بە وەبەرهێنەرێك دەدات، لە پاش ئەوەی وەبەرهێنەر پڕۆژەکەی وەرگرت، ئەوە لەو پانتایی زەوییەی بۆی تەرخان کراوە، حیساباتی باخچە و سەوزایی و شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێل و هەموو خزمەتگوزارییەکانی دیکەش کراوە، بەڵام وەبەرهێنەرەکە بە هەر ڕێگایەك بێت کار بۆ ئەوە دەکات لە بری ئەوەی ئەو شوێنە ١٠ باڵەخانە بێت، ئەو دەیکاتە ١٥ و زیاتریش، کە ئەمەش لەسەر حیسابی سەوزایی و خزمەتگوزارییەکانە، لێرەشدا شارەوانی تەدەخولی نییە، چونکە مۆڵەتەکەی لەلای ئەوان نییە، هەر بۆیە لە هەولێر زۆربەی ئەو مۆڵەتانەی بە وەبەرهێنەران دراوە، ئەوە چارەنووسیان بووە، بۆیە کێشە و گرفتی زۆر، بەتایبەت پاش چەند ساڵێکی دیکە لەو باڵەخانە و یەکە نیشتەجێبوونانەدا دەبینین.

**ئەو بارودۆخەی لە وەبەرهێناندا هاتەدی، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کاتێک زۆر پێویستمان بە ڕاکێشانی وەبەرهێنەران هەبوو، بۆ ئەو مەبەستەش ئاسانکارییان بۆ کرا، لە ئەنجامدا گەیشتینە ئەو بارودۆخەی کە ئێستا تێی کەوتووین**

**ئەو ماستەرپلانەی بۆ هەولێر دانراوە، وای کردووە لە کاتی گەشەکردن و بەرفراوانییەکەیدا پارێزراو بین، چونکە ماستەرپلانەکە ڕێوشوێن و هەموو شتەکانی پێویست بە شار و ئاوەدانی بۆ دەستنیشان کردووین**

**لە هەموو دونیادا لە بەرفراوانبوونی شاردا هەردوو جۆری بەرفراوانی ئاسۆیی و ستوونی هەیە، بەڵام جۆری ئاسۆیی تێچووی یەکجار زۆرە و زەویی زۆری پێویستە و خزمەتگوزارییەکانیشی لەسەر حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار زەحمەت و قورسە**

**ئێستا بۆ شارێکی وەک هەولێر زیاتر پێویستمان بە یەکەی نیشتەجێبوونی ستوونی هەیە، لەبەر ئەوەی زەویمان کەم بووەتەوە، یان هەر نەماوە**



**شەیما جەمال کوێخا**

ڕاوێژکاری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو:

# قەبارەی وەبەرهێنان لە کەرتی کشتوکاڵ لە ١،٨٪ بۆ ٩٪ بەرز بووەتەوە

## لە سێکتەری بەرهەمهێنانی پەلەوەردا گەیشتووینەتە قۆناغی خۆبژێوی و بەشێکیشی هەناردەی بازاڕەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق کراوە

**بووژانــەوەی کەرتــی کشــتوکاڵ بــۆ بەدیهێنانــی خودبژێــوی و دابینکردنــی ئاسایشــی خــۆراك و بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووری، بابەتی گرنگی ئەم سەردەمەیە، لە هەرێمی کوردستانیشدا وێڕای ئاستەنگەکانی وشکەساڵی و پەتای کۆرۆنا و قەیرانی دارایی و گۆڕانکارییەکانی ئاووهەوا، هەوڵێکی زۆر هەیە بۆ گەشەکردنی کشتوکاڵ و بەدیهێنانی فرەچەشنکردنی ئابووری، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ شەیما جەمال کرێخا ڕاوێژکاری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو کە هاوکات ئەندامی لیژنەی باڵای نیشتمانیی ئاسایشی خۆراکە لە عێراق، سازدا.**

*** کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان تا ڕادەیەکی باش بووژانەوەی بەخۆیەوە بینیوە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، تا چەند توانراوە لەم کەرتەدا گۆڕانکاری لە ڕووی جۆری و چەندایەتییەوە بەدەست بهێنرێت؟**

- هەرچەندە قەیرانی دارایی و پەتای کۆرۆنا و وشکەساڵی و گۆڕانکاری لە کەشوهەوادا زەبری کوشندەی لە ئاستی گەشەی کەرتی کشتوکاڵ داوە، بەڵام بە هەوڵ و کار وچالاکییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو توانرا لە چەندین بواردا ژێرخانی ئەم کەرتە بونیاد بنرێتەوە، ڕاستە ئەو قەیرانانە و شوێنەوارەکانی کۆتایی نەهاتووە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەنگاوی باش نراوە چ لە ڕووی بونیادنانەوەی ژێرخانی کەرتی کشتوکاڵییەوە، چ لە ڕووی هەوڵەکانی دۆزینەوەی بازاڕ و ساغکردنەوەی ڕەنج و ماندووبوونی جووتیارانەوە، بە شێوەیەکی گشتی کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان بەرەوپێشەوە چووە، بەو پێیەی ڕێژەی وەبەرهێنان لە کەرتی کشتوکاڵ لە ١،٨٪ بۆ نزیکەی ٩٪ بەرز بووەتەوە. لە بەرامبەریشدا ئاستەنگ و بەربەستەکانی بەردەم گەشەکردنی ئەم کەرتە کەم نین و زۆربەی جار مەترسیداریشن، بۆ نموونە: وشکەساڵی و گۆڕانکاریی ئاووهەوا و پەتا و نەخۆشی لە تەواوی جیهاندا و بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، زیانی گەورەی لە کەرتی کشتوکاڵ داوە، بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستان کە بە هۆی قەیرانی دارایی و شەڕی داعش و پەتای کۆرۆناوە ئامادەکاری نەکرابوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پێشوەختەی وشکەساڵی، ئەمەش ئەرك و قورسایی زیاتر کرد لەسەر کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

*** لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بۆ کەمکردنەوەی شوێنەوارەکانی ئەم تەحەددییانە چی کراوە؟**

- ئێمە لەم سێ ساڵەی دواییدا بە یارمەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام لە هەوڵدا بووین بۆ کەمکردنەوەی شوێنەوارەکانی هەموو ئەو تەحەددییانەی هاتوونەتە بەردەم گەشەکردنی کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستاندا، توانیومانە چارەسەری زۆر کێشە و گرفت بکەین، بۆ نموونە لە بواری کێشەی گەنمی جووتیاران و ئەمبارکردنی ئەم بەرهەمە و دروستکردنی چەندین سایلۆ، هەنگاوی باش نراوە، هەروەها لە بواری بەرهەمی مریشك و هێلکەدا توانراوە بنێردرێتە بازاڕەکانی دیکەی عێراقیش، لە بواری میوەجات و بەرهەمی ڕەز و باخەکانیش کە بە هۆی وشکەساڵییەوە زیانی گەورەی بەرکەوتووە، بەڵام توانیومانە چەندین هەڵمەتی ڕواندن و چاندنی نەمام جێبەجێ بکەین، هەناردەکردنی بەرهەمی هەناریش بۆ بازاڕەکانی وڵاتانی کەنداو هەوڵێکە لە ناو زنجیرە هەوڵێکی دیکە بۆ دۆزینەوەی بازاڕ و ساغکردنەوەی بەرهەمی جووتیاران، لە ڕووی دروستکردنی بەنداو و پۆنتەوە لە چەندین ناوچەی جیاجیای کوردستان دەست کراوە بە دروستکردنی بەنداو، ئەمانە هەمووی وای کردووە کەرتی کشتوکاڵ تا ڕادەیەك گۆڕانکارییەکی نەوعی بەسەردا بێت، هەرچەندە هێشتا بەپێی خواست و ویستی ئێمە نییە.

**لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەنگاوی باش نراوە چ لە ڕووی بونیادنانەوەی ژێرخانی کەرتی کشتوکاڵییەوە، چ لە ڕووی هەوڵەکانی دۆزینەوەی بازاڕ و ساغکردنەوەی ڕەنج و ماندووبوونی جووتیارانەوە**

**هەناردەکردنی بەرهەمی هەنار بۆ بازاڕەکانی وڵاتانی کەنداو هەوڵێکە لە ناو زنجیرە هەوڵێکی دیکە بۆ دۆزینەوەی بازاڕ و ساغکردنەوەی بەرهەمی جووتیاران**

**لە چەندین ناوچەی جیاجیای کوردستان دەست کراوە بە دروستکردنی بەنداو، ئەمانە وای کردووە کەرتی کشتوکاڵ تا ڕادەیەک گۆڕانکارییەکی نەوعی بە سەردا بێت**

**لە نزیکەوە چاودێریی ڕەوشی کەرتی پەلەوەر دەکەین و بەردەوام وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لەسەر هێڵە لەگەڵ خاوەن کێڵگەکانی پەلەوەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان**

**ئەو بەرهەمانەی لە وەرزێکی ساڵ، یان لە کاتێکدا لە هەرێمی کوردستان بەرهەم دەهێنرێت، لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق بەرهەم ناهێنرێت، بەرهەمی جووتیارانی کوردستان ڕەوانەی ناوەڕاست و خوارووی عێراق دەکرێت**

*** باسی کەرتی پەلەوەرت کرد کە توانراوە لە هەرێمی کوردستان ئەم کەرتە بگەیەندرێتە قۆناغی خۆبژێوی، ئایا ئەمە تاچەند بۆ هەرێمی کوردستان و بەدەستهێنانی هەلی کار گرنگ بووە؟**

- کەرتی پەلەوەر یەکێکە لەو کەرتانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان تێیدا سەرکەوتوو بووە، بۆ دابینکردنی پێداویستیی ناوخۆ و بەدەستهێنانی زۆرترین بەرهەم، بە ڕادەیەك لە ئێستادا هەرێمی کوردستان توانیویەتی بگاتە قۆناغی خودبژێوی، ئەوەتا توانراوە بەرهەمەکانی مریشکی زیندوو و گۆشتی مریشك و هێلکە ڕەوانەی بازاڕەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقیش بکرێت، تەنانەت جووجەڵەش نێردرابوو بۆ دەرەوەی هەرێم، وە نەبێت ئەم کەرتەش بێ گرفت و کێشە بێت، بەڵام خۆشبەختانە لە نزیکەوە چاودێریی ڕەوشی کەرتی پەلەوەر دەکەین و بەردەوام وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لەسەر هێڵە لەگەڵ خاوەن کێڵگەکانی پەلەوەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان.

*** لە پێناو بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ و پەرەپێدانی ئەم کەرتە، پێویستە گرنگی بە کەرتی پیشەسازیی خۆراکی بدرێت، ئایا تا چەند هەماهەنگی لە نێوان هەردوو وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاودا هەیە؟**

- قسەکردن لەسەر کەرتی پیشەسازی مشتومڕێکی زۆر هەڵدەگرێت، چونکە ڕاگرتنی باڵانس لە نێوان کەرتی بازرگانی و پیشەسازیدا کارێکی ئاسان نییە و دیراسەت و پلان و بەدواداچوونی وردی دەوێت، لەلایەکی دیکەوە خەڵکی ئێمە حەزی لە خواردنی فرێشە، واتا زۆر گرنگی بە خواردنی لە قوتوبەند نادات، لەم چەند ساڵەی دواییدا هەوڵی باش دراوە تاوەکو قەبارەی وەبەرهێنان لە کەرتی پیشەسازی و پیشەسازیی خۆراکدا زیاد بکرێت، وەبەرهێنەرانیش زیاتر ڕوویان لە کەرتەکانی بازرگانی و عەقارات کردووە، هەرچەندە من پێم وایە لە بواری پیشەسازیی خۆراکدا هەنگاوی جددی نەنراوە، لەکاتێکدا بۆ ئەوەی ژێرخانی ئابووری و کەرتی کشتوکاڵ بەرەو پێشەوە ببەیت، کۆمەڵێك زنجیرەی تەواوکەری یەکتر هەیە دەبێت جێبەجێ بکرێن، بۆ نموونە: بەرهەمهێنان و بەپیشەسازیکردن و بەبازاڕکردن و دووبارە بەبازاڕکردن واتە یەکێکیان بەبازاڕکردنی خواردنی فرێش ئەوی دیکەیان بەبازاڕکردنی ئەو بەرهەم و بەروبوومە کشتوکاڵییانەی زیادن لە خواستی ناوخۆ و، وا پێویستە بازاڕیان لە دەرەوە بۆ بدۆزرێتەوە، یان بەپیشەسازی بکرێن، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بەبازاڕ بکرێنەوە، بۆیە بەپیشەسازیکردنی خۆراك گرنگییەکی ڕاددەبەدەری هەیە.

*** وەك ئاماژەت پێ دا، هەماهەنگیی باش لە نێوان جووتیارانی هەرێم و جووتیارانی عێراقدا هەیە، ئایا تا چەند توانیوتانە ئەو ئاستەنگ و بەربەستانە هەڵبگرن کە لە بەردەم ساغکردنەوەی بەرهەمی جووتیارانی کورد لە ناوچەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق دادەنرێت؟**

- هەوڵەکانی وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و تیمی وەزارەت بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق دیار و بەرچاوە، ئێمە توانیومانە لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵی فیدراڵی ڕێککەوتنێك لە مانگی پێنجی ساڵی ڕابردوو بکەین و، یاداشتنامەیەکی لێکتێگەیشتن لە نێوان هەردوو وەزارەتدا واژوو کرا بە ئامادەبوونی هەر دوو وەزیر و بریکار و ڕاوێژکار و بەڕێوەبەرە گشتییەکان، کە کۆمەڵێك خاڵی گرنگی لەخۆ گرتبوو، کە پەیوەست بوون بە بەبازاڕکردن و، ڕەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو بۆ ساخکردنەوەی بەروبووم و بەرهەمی جووتیارانی کورد. ئێمە لەم بوارە هەنگاوی زۆر باشمان ناوە و باشترین بازاڕیش بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمی جووتیاران بازاڕە گەورەکانی ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقە، ئێمە لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق ڕۆژنامەی کشتوکاڵیی هاوبەشمان داناوە، ئەو بەرهەمانەی لە وەرزێکی ساڵ، یان لە کاتێکدا لە هەرێمی کوردستان بەرهەم دەهێنرێت، لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق بەرهەم ناهێنرێت، بەرهەمی جووتیارانی کوردستان ڕەوانەی ناوەڕاست و خوارووی عێراق دەکرێت، بە پێچەوانەشەوە ئەو بەرهەمانەی لە کوردستان بەرهەم ناهێنرێت، یان کاتی بەرهەمهێنانی تەواو دەبێت، لە ناوچەکانی ناوەڕاست و

خوارووی عێراقەوە ئەو بەرهەمانە دەهێنرێتە هەرێمی کوردستان، بەم شێوەیە هەماهەنگی لە نێوان جووتیارانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ جووتیارانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق هەیە، لەم ڕووەشەوە هەوڵ و کۆششی زۆر کراوە .

*** دۆزینەوەی بازاڕ بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمی هەناری جووتیارانی کوردستان لە بازاڕەکانی وڵاتانی کەنداو هەنگاوێکی گرنکی سەرۆك وەزیران بوو، ئەمەش یەکەمینجارە لە مێژووی کورددا براندی هەناری کوردستانی ڕەوانەی دەرەوەی وڵات دەکرێت، ئەوە تا چەند گرنگە؟**

- هەر هەنگاوێك بۆ بەبازاڕکردنی بەرهەمی خۆماڵی بنرێت، بە پلەی یەکەم بۆ خزمەتکردنی جووتیارانی کوردستان و ساخکردنەوەی ڕەنجی ماندووبوونیانە، ئەمە وا دەکات برا جووتیارەکانمان کار بۆ باشکردن و زیادکردنی بەرهەمەکانیان بکەن و ئابووری هەرێم ببووژێتەوە، ئەمەش ڕێگە ڕاست و دروستەکەی هەمەچەشنکردنی ئابوورییە، تاوەکو بۆ بەدەستهێنانی داهات و دۆزینەوەی هەلی کار و بەهێزکردنی ئابووری تەنیا پشت بە داهاتی پترۆدۆلار نەبەستین، کە داهاتێکی ناسەقامگیر و ناجێگیرە. لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی پێشکەوتوون و بە سەرچاوەی وزە و نەوت ناسراون، سێکتەری کشتوکاڵ دووەم سێکتەری ئابووریی ئەو وڵاتەیە و، کەرتی کشتوکاڵ دەچێتە ناو چوارچێوەی ئاسایشی خۆراکی و ئاسایشی نەتەوەییەوە، لەم ڕوانگەیەوە هەر هەنگاوێك بۆ بەبازاڕکردنی بەرهەمی ناوخۆیی ڕۆڵ و گرنگیی خۆی هەیە و جێگەی دەستخۆشی و پێزانینە، پێویستیشە زیاتر پەرە بەو هەنگاوانە بدرێت، چونکە وێڕای ئەوەی دراوی قورسی گرانبەها دێتە ناو وڵاتەکەوە و بەهای دیناری ناوخۆ بەرز دەبێتەوە، سەرەتای ڕێگەشە بۆ ئەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمەکانی دیکەش بکەینەوە، لە ڕووی بەبازاڕکردن و کوالێتیشەوە، کوالێتیی بەرهەمەکانمان بەرز دەبێت، ئەمە جگە لەوەی زۆرترین هەلی کار بۆ جووتیاران و خانەوادەکانیان لە ناوچە دوورەدەست و جیاجیاکانی کوردستان دابین دەبێت و کۆچی گوندنشینان بۆ شار و شارۆچکەکان ڕادەگیرێت و گوندەکانمان دەبووژێنینەوە. لێرەدا دەمەوێت نموونەیەکی هەنگەوانەکانتان بۆ باس بکەم کە لە پێشانگە نێودەوڵەتییەکاندا کوالێتیی هەنگوینی ناوخۆ لە ڕیزبەندی پێشەوەی بەرهەمی هەنگوینی جیهانی دێت، ئەمە خۆی لە خۆیدا ناسنامەیەکی باش و بەرز بە هەرێمی کوردستان دەبەخشێت، لەم ڕوانگەیەوە هەوڵەکانی بەڕێزان سەرۆکی حکومەت و جەنابی وەزیری کشتوکاڵ و تیمە وەزارییەکەی بۆ دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمی جووتیارانی کوردستان، جێگای ستایش و دەستخۆشییە و پێویستی بە پشتیوانی و هەنگاوی جددی هەیە.

*** هەر سەبارەت بە دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمی ناوخۆ، بوونی مارکە و براندی بەناوبانگ گرنگیی خۆی هەیە و زۆرترین کڕیاریان هەیە، ئایا بۆچی تا ئێستا نەمانتوانیوە کەرتی کشتوکاڵ بکەین بە کەرتێکی دامەزراوەیی و، گەورە کۆمپانیا بەناوبانگەکانی جیهان ڕابکێشرێنە ناو هەرێمی کوردستانەوە و، ئەو بەرهەم و بەروبوومانە لێرە بەرهەم بهێنن و ڕەوانەی بازاڕەکانی دەرەوەشی بکەین؟**

- ئەمە پرسیارێکی گرنگە، هەموو هەنگاوێکی بەدامەزراویکردنی کەرتی کشتوکاڵ و ڕاکێشانی گەورە کۆمپانیاکان پێویستی بە چالاککردنی کەرتی تایبەت و وەبەرهێنەران هەیە، منیش لەگەڵ ئێوەدا هاوڕام، پێویستە کەرتی تایبەت بیر لە پڕۆژەی تەواوکاری بکاتەوە، بە واتایەکی دیکە هەموو سێکتەرەکان لەخۆ بگرێت. بۆ نموونە لە کەرتی شیرەمەنیدا پێویستە خاکت هەبێت بۆ ئەوەی عەلەفی سەوز بەرهەم بهێنیت و کێڵگەی بەخێوکردنی مانگای شیردەر و مەڕ و بزنت هەبێت و، کارگەیەکی شیرەمەنی و بەرهەمەکانی و لە چەند شوێنێك کێڵگەی پێشکەوتوو هەبێت، بەم شێوەیە هەنگاوی بۆ نراوە، بۆ نموونە لە گەرمیان پڕۆژەیەکی تەواوکاری هەیە و لە هەڵەبجەش لەم جۆرە پڕۆژانە هەیە، هەرچەندە ئەم پڕۆژانە گەورە نین، بەڵام بوونیان سەرەتایەکی باشە، لێرەدا ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە پاڵپشتی و هاوکاریی دامەزراندنی ئەم جۆرە پڕۆژە تەواوکاری و گەورە و ستراتیژییانە بکات و، دەبێت کەرتی تایبەت و حکومەت هەماهەنگ و هاوکار بن، بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بن.

**لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی پێشکەوتوون و بە سەرچاوەی وزە و نەوت ناسراون، سێکتەری کشتوکاڵ دووەم سێکتەری ئابووریی ئەو وڵاتەیە و، کەرتی کشتوکاڵ دەچێتە ناو چوارچێوەی ئاسایشی خۆراکی و ئاسایشی نەتەوەییەوە**

**لە پێشانگە نێودەوڵەتییەکاندا کوالێتیی هەنگوینی ناوخۆ لە ڕیزبەندی پێشەوەی بەرهەمی هەنگوینی جیهانی دێت، ئەمە خۆی لە خۆیدا ناسنامەیەکی باش و بەرز بە هەرێمی کوردستان دەبەخشێت**

**هەوڵەکانی بەڕێزان سەرۆکی حکومەت و جەنابی وەزیری کشتوکاڵ و تیمە وەزارییەکەی بۆ دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمی جووتیارانی کوردستان، جێگای ستایش و دەستخۆشییە و پێویستی بە پشتیوانی و هەنگاوی جددی هەیە**

**ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە پاڵپشتی و هاوکاریی دامەزراندنی ئەم جۆرە پڕۆژە تەواوکاری و گەورە و ستراتیژییانە بکات و، دەبێت کەرتی تایبەت و حکومەت هەماهەنگ و هاوکار بن، بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بن**



## دکتۆر شاڵاو عەبدولخالق

**شارەزا لە بواری ئاسایشی وزە بۆ گوڵان:**

# زۆر گرنگە بە داهاتی نەوت ژێرخانی هەموو سێکتەرەکانی ئابووری ببووژێنینەوە

# ڕاگرتنی باڵانس لە نێوان ناردنە دەرەوەی نەوت و دابینکردنی پێداویستیی ناوخۆ بەگەڕخستنی پیشەسازیی نەوتی سیاسەتێکی دروست و واقیعبینانەیە

**نەوتی خاو لە جیهاندا تەنیا وەکو سەرچاوەیەکی وزە و ئابووری سەیر ناکرێت، بەڵکو تێکەڵ بە بەرژەوەندیی زلهێزەکانی جیهان بووە و لە ڕووی سیاسی و جیۆپۆلەتیکەوە کاریگەریی خۆی هەیە. هەرێمی کوردستانیش لە ڕووی نەوت و گازی سرووشتییەوە لەسەر نەخشەی وزەی جیهانی پێگەی خۆی هەیە. بۆ قسەکردن لەسەر ئاسایشی وزە لە هەرێمی کوردستان و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ نەوت و غازی کوردستان، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی دکتۆر شاڵاو عەبدولخالق شارەزا لە بواری ئاسایشی وزە کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** نەوت و گازی سرووشتی هێشتا بە گرنگترین و فراوانترین کەرتی وزە لە جیهاندا دادەنرێت، پرسیار لێرەدا ئەوەیە تا چەند ئەم دوو سەرچاوە گرنگەی سامانی سرووشتی بۆ پێشکەوتن و هەژموونی هێزی وڵاتان گرنگە؟**

- وزە لە جیهاندا گۆڕانکاریی گەورەی بە سەردا هاتووە، ئەمەش دوای ئەوەی جیهان لە وزەی خەڵوزەوە بەرەو دۆزینەوەی نەوت و گازی سرووشتی ڕۆیشت و لە ئێستاشدا جیهان بەرەو وزە نوێبووەکان و گەیشتن بە سەرچاوەی وزەی خاوێن هەنگاوی خێرا و گەورە دەنێت، بەڵام تاکو ئێستاش نەوتی خاو و گازی سرووشتی پێگە و گرنگی خۆی لە دەست نەداوە، ئەوەتا پیشەسازیی نەوتی و پترۆکیمیاوی و کارەبا و تەواوی پیشەسازییەکانی دیکە پشتیان بەم دوو سەرچاوە گرنگەی وزە بەستووە، بەمەش کەرتی نەوت و گاز و وزە بەگشتی بە گرنگترین ئەو کەرتانە دادەنرێن کە کاریگەرییان لەسەر پێشخستنی ئابووری بە هەموو بەشەکانیەوە هەیە، هەر لە ڕووی پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتیارییەوە تاوەکو بونیادنانی ژێرخانی ئابووریی وڵات.

نەوت و گازی سرووشتی لە ڕووی سیاسی و جیۆپولەتیکیشەوە کاریگەریی خۆیان هەیە، لە ڕووە جیوسیاسییەکەوە ئەو وڵاتانەی خاوەنی ئەم دوو سامانە گرنگەن، توانیویانە هەژموونی خۆیان و بازاڕەکانی خۆیان لە جیهاندا فراوان بکەن، لە ڕێگەی ڕاکێشانی بۆری نەوت و گازی دوور و درێژەوە و ئەنجامدانی ملیارەها دۆلار وەبەرهێنان لە کەرتەکانی پیشەسازیی نەوتی و پیشەسازیی پترۆکیمیاوی، هەنگاوی باشیان بەرەو گەشەکردن ناوە، ئەمە وێڕای ئەوەی جووڵەی ئاسمانی و زەوی و دەریایی هەر هەمووی بە کەرەستەی خاوی نەوت و گازی سرووشتی بەڕێوە دەچێت، تەنانەت پێشکەوتنی کەرتی نەوت و گازی سرووشتی کاریگەریی خۆیان هەیە لەسەر پەرەپێدانی پیشەسازیی سەربازی و پێشکەوتنی هێزی سەربازییش، ئەمەش ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات کەوا پێشکەوتووترین و بەهێزترین وڵات، ئەو وڵاتانەن کە هەژموونی خۆیان لەسەر کەرتی نەوت و گازی سرووشتی و پیشەسازییەکانی زاڵ کردووە. باڵادەستی لەسەر نەوت و گازی سرووشتی ئەگەر بە شێوەیەکی زانستییانە و بە ستراتیژیەتێکی ڕێکوپێک و ژیرانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بە خێراییەکی زۆر دەمانگەیەنێتە پێگەیەکی بەهێزی جیهانی.

**جیهان بەرەو وزە نوێبووەکان و گەیشتن بە سەرچاوەی وزەی خاوێن هەنگاوی خێرا و گەورە دەنێت**

*** ئەو بنەمایانە چین کە دەبێت کەرتی وزە تێیدا بێت، تاوەکو بە کەرتێکی زیندووی گرنگ لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە دابنرێت؟**

- بەگشتی کەرتی وزە لەم سەردەمەدا لەسەر چەند کۆڵەکە و بنەمایەك ڕاوەستاوە لەوانە:

- چەندێتیی ئامادەیی وزە بە هەموو جۆرەکانیەوە کە لە ناوخۆی وڵاتەکەدا هەیە، بە واتایەکی

دیکە چەند جۆر وزەت هەیە، ئایا وزەکانی سامانە سرووشتییەکان پەیوەندییان بە وزەی نەوت و گازی سرووشتییەوە هەیە، یان بە وزەی ئەتۆم، یان بە وزەی نوێبووەکان و خاوێنەوە هەیە؟

- ژێرخانی وڵاتەکەت لە ڕووی وزەوە تاچەند بەهێزە؛ هەر لە کێڵگە و وێستگەی گازی و ئەتۆمی و وێستگەکانی وزە نوێبووەکان و خاوێن و ژمارەی کۆمپانیاکان و ناوبانگیان و قەبارەی وەبەرهێنان و سەرمایەی بەگەڕخستوو، هەتا ژمارەی ئەو کارگە و بوارانەی پترۆکیمیاوی و پیشەسازیی نەوتی کە لە ناوخۆی وڵاتدا هەیە .
- ئایا تاچەند توانای گەیاندنت لەبەردەستدایە بۆ ئەوەی وزەکەت بگەیەنیتە وڵاتانی کڕیار.
- توانای قبووڵکردنی حکومەت و کۆمەڵگە و کۆمپانیاکان بۆ کێڵگەکانی نەوت و سیاسەتەکانی گەیاندنی نەوت.

بەمشێوەیە نەخشەڕێگای کەرتی نەوت لەو دەوڵەتەدا، یان لەو هەرێمەدا دروست دەبێت، کە ئەو بنەما سەرەکییانەی تێدا بێت.

جووڵەی ئاسمانی و زەوی و دەریایی هەر هەمووی بە کەرەستەی خاوی نەوت و گازی سرووشتی بەڕێوە دەچێت

*** بەپێی ئەو بنەما و شیکردنەوەیەی باستان کرد کە لە هەر دوو کتێبی دیپلۆماسییەتی وزە و خوێنی ڕەشدا کردووتانە؛ ئایا هەرێمی کوردستان لە کوێی نەخشەی جیهانیی کەرتی وزەدایە؟**

- هەرێمی کوردستان ئێستا چووەتە سەر نەخشەی وزەی جیهانی و زۆر بنەمای گرنگی گەشەکردنی کەرتی نەوت و گازی سرووشتی تێدایە، خۆ ئەگەر نەخشەی وزەی جیهانی ١٠ نمرەی بۆ دابنێین، ئەوا بەپێی هەڵسەنگاندنێکی نیمچە زانستییانە بۆ کەرتی نەوت و گازی سرووشتی لە هەرێمی کوردستان، دەتوانین بڵێین ئەم کەرتە ٥ نمرەی بەدەست هێناوە، بە واتایەکی دیکە توانیویەتی وێڕای ئاستەنگ و بەربەستەکان نیوەی ڕێگای گەیشتن بەرەو کەرتێکی وزەی گرنگی جیهانی و پێشکەوتوو ببڕێت. لە دواراپۆرتی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانیشدا هاتووە کە بەشێکی گرنگی نەوتی کوردستان لە ڕێگەی گەورە وڵاتانی ئەورووپاوە کڕدراوە، بەتایبەتی وڵاتانی یونان و ئیتاڵیا و چیک و کرواتیا و کۆمەڵێك دەوڵەتی دیکەی ئەورووپایی.

باڵادەستی لەسەر نەوت و گازی سرووشتی ئەگەر بە شێوەیەکی زانستییانە و بە ستراتیژیەتێکی ڕێکوپێک و ژیرانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بە خێراییەکی زۆر دەمانگەیەنێتە پێگەیەکی بەهێزی جیهانی

*** بەو پێیەی هەرێمی کوردستان لەسەر کەناری دەریا نییە و تەنیا لە ڕێگەی بۆرییەوە نەوتەکەی لە بەندەری جیهانی تورکیا ڕەوانەی بازاڕەکانی جیهان دەکات، ئایا ئەمە تا چەند مەترسی لەسەر بەردەوامیی هەناردەکردنی نەوت دروست دەکات؟**

- هەرێمی کوردستان خاوەنی بۆری هەناردەکردنی نەوتە و لە ئێستاشدا ئامادەکاریی دەکرێت و ژێرخانەکەی ئامادەکاریی کراوە بۆ هەناردەکردنی گازی سرووشتیش، ئەمە پێمان دەڵێت کەرتی گواستنەوە و ناردنە دەرەوەی نەوت تا ڕادەیەکی باش لە ئاستێکی مامناوەندایە بە بەراورد بە دەوڵەتانی سەربەخۆ. لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بە دوو خاڵ بدەم، یەکەم: ڕێگای هەناردەکردنی ئەو نەوتەی لەبەردەستدایە لە ڕووی توانای گەیاندنەوە، لەبەر ئەوەی یەك دەرگا هەیە، ئەویش دەرگای بەندەری جیهانە لە ڕێگای تورکیاوە ئەمە تا ڕادەیەك لاوازی بە متمانەی بەردەوامی کەرتی وزە دەردەکەوێت. بابەتی هەمەچەشنکردنی گەیاندنی سەرچاوەکانی گەیاندنە واتا تا ئێستا تەنیا نەوتی خاو دەنێرین و نەتوانراوە پێکهاتەی نەوتە خاوەکە کە دەریدەهێنین لەناو بازاڕەکانی ناوخۆشدا بە تەواوەتی ساخی بکەینەوە و بەکاری بهێنین، ئەمەش دەچێتە قاڵبی پترۆکیمیاوییەوە. دووەم: خاڵی قبووڵکردنی پرۆسەی هەناردەکردنی نەوتە لە هەرێمی کوردستان و ڕێککەوتنی پارتە سیاسییەکانی ناوخۆیە (پارتی و یەکێتی) لەگەڵ بەغدا.

*** دژایەتیکردنی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و ناردنە دەرەوە و فرۆشتنی، لەلایەن بەغداوە کە زۆر مەرکەزییانە مامەڵەی لەگەڵ کراوە، ئایا لە ڕووی یاسایی و تەکنیکییەوە تا چ ڕادەیەك دەتوانین ڕووبەڕووی ئەم تەحەددییە ببینەوە؟**

بەغدا زۆر بە عەقڵییەتێکی مەرکەزی و سیاسییانە مامەڵەی لەگەڵ پرۆسەی نەوت و گازی سرووشتیی کوردستان کردووە، ئەمەش بۆ عەقڵییەتی مەرکەزی و دەستتێوەردانی دەرەکی دەگەڕێتەوە

- پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەتان بدەمەوە، دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین کە بەغدا زۆر بە عەقڵییەتێکی مەرکەزی و سیاسییانە مامەڵەی لەگەڵ پرۆسەی نەوت و گازی سرووشتیی کوردستان کردووە، ئەمەش بۆ عەقڵییەتی مەرکەزی و دەستتێوەردانی دەرەکی دەگەڕێتەوە، کە وای کردووە پارتە دەسەڵاتدارەکانی عێراق هەمیشە وابزانن نەوت و گازی هەرێم و هەناردەکردنی فاکتەری بەهێزی هەرێم و جیابوونەوەی هەرێمە لە بەغدا، لە کاتێکدا هاوکاریی نێوان بەغدا و هەرێم لە بەرژەوەندیی ئابووریی عێراق و کوردستانە. هەر خۆی لەخۆیدا زۆر ململانێی سیاسی دەگۆڕێت بە بەرژەوەندیی دوولایەنەی ئابووریی هاوبەش. بۆ وەڵامدانەوەی

پرسیارەکەشتان دەبێت لە ماددەی ١١١ و ١١٢ی دەستوورییەوە دەست پێ بکەین کە دوو شیکردنەوەی جیاوازی هەیە، بەتایبەتی بۆ بڕگەی دووەمی ماددەی ١١٢ کە باس لە کێڵگە نەوتییەکان دەکات و دەڵێت: «مافی هەرێم و پارێزگاکانە بە هاوبەشی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی سیاسەت و پەرەپێدانی کێڵگە نوێیەکان بکەن». ئالێرەدا کێشەکە دروست بووە، حکومەتی هەرێم پێی وایە ئەم ماددەیە ڕێگای پێ داوە و خۆی لە خۆیشیدا ڕێگای پێ داوە، کەچی حکومەتی بەغدا دەڵێت من ڕێگام پێ نەداوی هەناردەی بکەیت. لە نێوان ئەم دوو بابەتە کۆمەڵێك ڕێکاری تەکنیکی هەیە کە دەکرێت بکەوێتە نێوانمان، هەر چەندە لە وەزارەتی نەوتی عێراق کۆمپانیای هەناردەکاری نیشتمانیی نەوتی عێراق بە ناوی سۆمۆ هەیە، بەڵام ئەم دوو لایەنەش زۆر بە مەرکەزی کراون و دەبێت نامەرکەزی بکرێن، چارەسەری بەدامەزراویکردنی وەزارەتی نەوتی عێراق و کۆمپانیاکانی هەناردەکار چارەسەری تەکنیکی خێرایە، بەغدا ویستێکی هەیە و دەشزانێت وا بە ئاسانی مەحاڵە جێبەجێ بکرێت، ئەویش تەسلیمکردنی نەوت و گازی هەرێمی کوردستانە، کە زۆربەی شارەزایانی نەوت و گازی سرووشتی و سیاسەتەکانی ئەم بوارە پێیان وایە تەسلیمکردنی نەوت و گازی کوردستان بە عێراق بابەتێکی زۆر مەترسیدارە، لە کاتێکدا ئێمە کۆمپانیای دیلۆتمان هەیە و ڕاپۆرتەکانی ڕێژە و هەناردە و بڕەکەی زۆر بە ڕوونی تێدایە. هەر بۆیە ڕێگا چارەسەر دەبێت ئیداری و تەکنیکی بێت و پێکەوە باشە کە سۆمۆ هەناردەی دەکات، خۆ دەکرێت سۆمۆ بە لامەرکەزی بکرێت و لێرەش حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆمپانیایەك دابمەزرێنێت و هاوکاریی سۆمۆ بکات، یان بەشێك بێت لە سۆمۆ، بە واتایەکی دیکە ڕێگای تەکنیکیی زۆر لەناو خودی وەزارەتی نەوتی عێراق هەیە، خۆ ناکرێت ململانێکان لە شوێنێکی سیاسی قەتیسکراو بێت، لە ڕووە ئاسایشەکانی وزە و ئاسایشی تەکنیکیدا دەکرێت بەرژەوەندی و بازاڕی هاوبەش بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی بتوانین سەرکەوتوو بین لەم بوارەدا و ئەمە دیدگایەکە.

*** لە ئێستادا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووی پیشەسازیی نەوتی و پاڵاوتگەکان و زیادکردنی توانای بەرهەمهێنانی گازی سرووشتییەوە دەیەوێت کەڵکی ئابوورییانەی ئەم دوو سەرچاوەیەی وزە لە ناوخۆدا زیاتر بکات. ئەمە تا چ ڕادەیەك گرنگە؟**

- ستراتیژیەت و سیاسەتی نەوتی و گازی لە هەرێمی کوردستان دەبێت بە دوو ئاراستە بێت، ئاراستەیەکیان بۆ فراوانکردنی سەرچاوەکانی وزە و سوودوەرگرتن بێت لە بواری بەرهەمهێنانی کارەبا و پیشەسازیی نەوت و زیادکردنی پاڵاوتگەکان و توانا و کوالێتیان، بۆ ئەوەی نەك تەنیا هەرێمی کوردستان، بەڵکو ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و پارێزگا گەورەکانی دەوروبەرمان وەکو مووسڵ پێداویستییەکانی کارەبا و نەوت و بەنزین و گازی سرووشتییان بۆ هەناردە بکات و، پاڵپشتیی کارگەکانی ناوخۆ لە ڕووی کارەبا و سووتەمەنی بکات، لایەنێکی دیکەیان پارێزگارییە لە بەرژەوەندیی هاوبەش لەگەڵ وڵاتانی ئیقلیمی و جیهان، چونکە لێرەدا لایەنی سیاسی زۆر گرنگە لەلایەن وڵاتانی ئیقلیمییەوە کە بەشێکی پەیوەندی بەو چاوتێبڕینەوە هەیە کە نەوت زیاتر هەناردە بکات و ئەوانیش سوودمەند بن، ئەمەش بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستانیش گرنگە بەوەی فرۆشتنی نەوت و گازی زیاتر پارەی زیاتری دەست دەکەوێت بۆ دابینکردنی مووچە و هەڵسووڕاندنی بازاڕی ناوخۆ و بونیادنانی ژێرخان و پێشخستنی خزمەتگوزارییەکان، لەلایەکی دیکەشەوە چاوی ڕۆژئاوا و گەورە وڵاتانی جیهان لەسەر نەوت و گاز و کەرتی وزەی کوردستان زیاتر دەبێت، ئەوەش بۆ لایەنی دیپلۆماسی و سیاسی گرنگە. بە شێوەیەکی گشتی دەبێت باڵانس هەبێت لە نێوان ناردنە دەرەوەی نەوت و بەگەڕخستنی پیشەسازیی نەوتی و دابینکردنی پێداویستییەکانی ناوخۆ.

*** حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی کردووە بە جێبەجێکردنی سیاسەتی فرەچەشنکردنی ئابووری و گەڕان بە دوای سەرچاوەی دیکەی داهاتی نانەوتی، ئایا ئەمە تا چەند گرنگە؟**

سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دەستپێکردنی فرەچەشنکردنی ئابووری سیاسەتێکی زۆر دروست و زیرەکانەیە و نابێت تەنیا پشت بە داهاتی نەوت ببەستین، دەکرێت بە داهاتی نەوت بوارەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتیاری و زۆر کەرتی دیکەی گرنگی ئابووری ببووژێنینەوە، گرنگیدان بە ساخکردنەوەی بەرهەمی ناوخۆ هەردوو کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی بەرەو پێشەوە دەبات.

**دەبێت لە نێوان ناردنە دەرەوەی نەوت و بەگەڕخستنی پیشەسازیی نەوتی و دابینکردنی پێداویستییەکانی ناوخۆ باڵانس هەبێت**

**سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دەستپێکردنی فرەچەشنکردنی ئابووری سیاسەتێکی زۆر دروست و زیرەکانەیە و نابێت تەنیا پشت بە داهاتی نەوت ببەستین**

**دەکرێت بە داهاتی نەوت بوارەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتیاری و زۆر کەرتی دیکەی گرنگی ئابووری ببووژێنینەوە**

دیمانەی تایبەت




پرۆفیسۆر کریستۆفەر فیتەویس بۆ گوڵان:

# ئەگەر ئۆکرانییەکان بەمجۆرە لە بەرگریکردن بەردەوام بن دەسەڵاتی پوتین کۆتایی دێت

کریستۆفەر جەی فیتەوێس پرۆفیسۆری بەشی زانستی سیاسییە لە زانکۆی تۆلەین، تایبەتمەند و وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە وەك سیاسەت و ستراتیژیەت، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ئاسایشی نێودەوڵەتی، سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چەکی کۆمەڵکوژ، پێشتریش وانەبێژ بووە لە چەند زانکۆی بەناوبانگ و ئاستبەرزی وەك زانکۆی جۆرج واشنتۆن و زانکۆی ویلایەتی ئۆهایۆ، هەروەها خاوەنی چەندین توێژینەوە و کتێبە لە بواری سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، کە پتر پەیوەست بوون بە شەڕی ئێستای ڕووسیا و ئۆکرانیاوە.

* هەروەك ئاشكرایە شەڕی ڕووسیا و ئۆكرانیا درێژەی كێشاوە و هیچ چارەسەرێك، یان ئەگەرێكی گفتوگۆ لە ئاسۆدا لە ئارادا نییە، ئێوە چۆن لە پەرەسەندن و پێشهاتەكانی شەڕەكە دەڕوانن و ئایا پێتان وایە چ لێكەوت و دەرهاویشتەیەك دەكرێت لەم شەڕەوە بێنەئاراوە؟

- ئەوەی بتوانین لە بارەی ئەم شەڕەوە بیلێین ئەوەیە كە پێدەچێت ڕووسیا لە ئامادەكاری و خۆسازداندا بێت بۆ ئەوەی لە چەند مانگی داهاتوودا دووبارە هێرش و پەلاماری نوێ دەست پێ بكاتەوە بۆ سەر وڵاتی ئۆكرانیا. بەڵام لەوانەیەوە و لێرەدا من جەخت لەسەر دەستەواژەی لەوانەیە دەكەمەوە- كە ئۆكرانییەكان بتوانن بەر بە هێرشە نوێیەكەی ڕووسیا بگرن و ڕایبگرن و ڕێگری لە پێشڕەوییەكەی بكەن، ئەگەر هاتوو ئەمە ڕووی دا، ئەوا سەرۆك ڤلادمیر پوتین هەوڵی گەیشتن و بەدەستهێنانی ئاشتی دەدات. هەرچەندە من لەم ڕووەوە زۆر ئومێدەوار و گەشبین نیم.

* بەڵام ئەوەی تا ئێستا یەكلا بووەتەوە ئەوەیە كە سوپای ڕووسیا و خودی سەرۆك ڤلادمیر پوتین نەیانتوانیوە ئامانجە ڕاگەیەندراوەكانی خۆیان بەدی بهێنن، تا ئێستاش ڕووسیا زیان و خەسارەتێكی زۆری سەربازی لێكەوتووە و ژمارەیەكی زۆری سەربازیەكانیشی كوژراون، بە تێڕوانینی ئێوە بۆچی سەرۆك پوتین هێندە پێداگری لەسەر بەردەوامیپێدان و درێژەدان بەم شەڕە دەكات، لە كاتێكدا كە هیچ ئەگەرێك نییە كە بتوانێت سەركەوتنی یەكلاكەرەوەی تێدا بەدەست بهێنێت؟

- لە ڕاستیدا زۆر زەحمەتە بۆ هەر وڵاتێك (بە تایبەتی وڵاتێك كە لەلایەن دەسەڵاتێكی دیكتاتۆرییەوە حوكمڕانی بكرێت و بەڕێوە ببردرێت)، ددان بە شكست و دۆڕانی خۆیدا بنێت. لە ڕاستیدا ئەم شەڕەی ڕووسیا و ئۆكرانیا شەڕێكی تراژیدی و كارەساتبار و تاوانكارانە بووە، و لەم ڕووەوە ڕەنگە سەرۆك ڤلادمیر پوتین تووشی دژواری و كێشە ببێتەوە لە درێژەدان بە دەسەڵاتەكەی لە مۆسكۆ، ئەگەر نەتوانێت جۆرێك لە سەركەوتن و بردنەوە لە شەڕەكەدا مسۆگەر بكات. كە ئاشكرایە ئەو هیچ بە لایەوە گرنگ نییە، چەند كەس ژیانیان لەدەست دەدەن و دەبنە قوربانی بۆ ئەوەی دەرئەنجامێكی لەم چەشنە بەدەست بێت.

* ئەگەر باس لەو ڕێكار و سزا ئابووری و داراییانە بكەین كە وڵاتانی ڕۆژئاوا و بە دیاریكراوی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا گرتوویانەتەبەر لە دژی ڕووسیا لە بەرامبەر هەڵگیرسانی ئەم شەڕەدا، ئەوا ڕوونە كە تا ئێستا ئەم سزایانە نەبوونەتە هۆی ئەوەی ڕووسیا بە چەشنێكی ڕیشەیی و بەرچاو هەڵوێست و سیاسەتی خۆی لە ئاست ئەم شەڕەدا بگۆڕێت، هەروەها ئابووریی ڕووسیا تووشی داڕووخانێكی ئەوتۆ نەبووە كە نەتوانێت خەرجی شەڕەكە لە ئەستۆ بگرێت، تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟

- ئەوە ڕاستە كە دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین كە ئەو سزا و ڕێكارە ئابووری و داراییە سەپێندراوانە بەسەر ڕووسیادا، بەو چەشنە كاریگەر نەبوون، یان دەرئەنجامەكانی بەو شێوەیە نەبوون كە زۆر لە وڵاتانی ڕۆژئاوا ئومێدیان بۆ دەخواست و ئاواتەخواز بوون بێنەدی. واتە لەم ڕووەوە دەتوانین ئاماژە بەوە بكەین كە ئابووریی وڵاتی ڕووسیا بە چەشنێك نەپووكایەوە، یان تووشی سستبوون نەبوو كە ببێتە فاكتەرێك لە پرۆسەی بڕیاردانداو لەلایەن سەرۆك ڤلادمیر پوتینەوە لەبەرچاو بگیرێت. لە ڕاستیدا هۆكارەكەش ئەوە بوو كە هەندێ مانوڕ و ڕێكاری ئابووریی ژیرانەی ڕووسیا ڕێگرییان كرد لە ڕوودانی ئەوەی ئابووری ئەو وڵاتە تووشی كارەساتێكی گەورە ببێتەوە. هەرچەند دەبێت لەم ڕووەوە ئەوەش بڵێین كە لە مەودای دوورخایەندا، بارودۆخەكە تووشی خراپبوون دەبێتەوە لە پەیوەندی بە وڵاتی ڕووسیاوە. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، ئاشكرایە كە سزا و ڕێكارە ئابوورییەكان نەبوونەتە هۆی ڕاگرتنی شەڕەكە و پێناچێت لە ئایندەشدا دەرئەنجامێك لەم شێوەیەیان لێ بكەوێتەوە.

* چۆن لە ڕۆڵ و ئەدای ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان دەڕوانن، كە كەمترین شتێك بوترێت لەم ڕووەوە، ئەوەیە كە ئەم ڕێكخراوە لە ئاست ئومێد و چاوەڕوانییەكاندا نەبوو، یان هیچ ڕۆڵێكی ئەوتۆ و بەرچاوەی نەبینی بۆ ڕاگرتنی ئەم شەڕە و بەرگرتن بەو هەموو كارەساتە مرۆییە و كاولكاری و كوشتارەی

**نەتەوە یەكگرتووەكان لە بەرامبەر شەڕی ئۆكرانیا – ڕووسیا بێ دەسەڵات و دەستەوەستانە**

**پێدەچێت ڕووسیا لە ئامادەكاری و خۆسازداندا بێت بۆ ئەوەی لە چەند مانگی داهاتوودا دووبارە هێرش و پەلاماری نوێ دەست پێ بكاتەوە بۆ سەر وڵاتی ئۆكرانیا**

**ئەو سزا و ڕێكارە ئابووری و داراییە سەپێندراوانە بەسەر ڕووسیادا، بەو چەشنە كاریگەر نەبوون، یان دەرئەنجامەكانی بەو شێوەیە نەبوون كە زۆر لە وڵاتانی ڕۆژئاوا ئومێدیان بۆ دەخواست**

**هاتووەتەئاراوە، دید و بۆچوونی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- ئەوە ئاشکرایە کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کارێکی ئەوتۆی لەدەست نایەت، ئەویش لەبەر ئەو ڕاستییە کە خودی ڕووسیا ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی ئەم ڕێکخراوەیە. هەرچەندە لە نێو کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەنگ درا لەبارەی ئەم شەڕەوە و ئەوەی خستەڕوو کە چ وڵاتێك دژ بەم شەڕەیەوە و دژ بەو دەستدرێژکارییەیە، بەڵام دەتوانین بڵێین ئەم دەنگدانە زیاتر دەنگدانێکی ڕەمزییە.

*** بەڵام چۆن لەم ناکارایی و ئەگەر نەڵێین دەستەوەستانییەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەڕوانن، ئایا ئەمە نەبووەتە هۆی ئەوەی جیهان پتر بە دەست نائارامی و ناسەقامگیرییەوە بناڵێنێت، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی درێژەکێشانی ئەم شەڕە کاریگەریی نەرێنی لەسەر تێکڕای جیهان هەبووە؟**

- لە ڕاستیدا من پێم وانییە ئەم شەڕ و داگیرکارییە بووبێتە هۆی ئەوەی جیهان پتر ئارام بێت، یان کەمتر سەقامگیر بێت. واتە لەم ڕووەوە کاریگەری نەبووە بە هیچ یەکێك لەم دوو ئاراستەیەدا. بەڵام ئەگەر ئەم شەڕ و داگیرکارییە شتێکمان پێ بڵێت، ئەوا پێمان دەڵێت کە پەنابردنە بەر شەڕ و داگیرکاری و دەستدرێژیکاری چارەسەر نین بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان. لە دوای ئەم شەڕەوە ڕووسیا لە هەموو ڕوویەکەوە تووشی بارودۆخێکی خراپتر دەبێتەوە. دواتر دەبێت ئێمە ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەوە دانەمەزرا کە بەر بە بارودۆخێکی لەم چەشنە بگرێت (بەتایبەتی ئەگەر ئەندامێکی ئامادە بێت ئەو بەڵێنانەی پشتگوێ بخات کە لە چوارچێوەی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکاندا خۆی پێوە پابەند کردووە)، کەواتە ناتوانرێت لەم ڕووەوە ئۆباڵەکەی بخرێتە ئەستۆی.

*** هەر لە پەیوەندی بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا، کە ئەگەر هیچ ئاسۆیەکی چارەسەری سیاسی و دیپلۆماسی لە ئارادا نەبن و، شەڕەکەش بەم شێوەیە درێژە بکێشێت، ئایا پێشبینی ئەوە ناکەن پتر هەڵکشێت و لە کۆتاییدا پەنا ببردرێتەبەر بەکارهێنانی چەکی ناوکی، هەروەك ئەوەی چەندین جار ئاماژەی لەم شێوەیە کراوە و لێدوان لەم بارەیەوە دراوە؟**

- نەخێر، من باوەڕم وا نییە بارودۆخەکە بەم ئاستە و بەم دەرئەنجامە بگات. ڕاستە مەحاڵ نییە کە سەرۆك ڤلادمیر پوتین لە نائومێدیدا پەنا بباتە بەر بەکارهێنانی چەکی ناوکی، بەڵام ئەگەر ئەم کارە بکات، ئەوا خۆی تووشی بارودۆخێکی خراپتر دەکات لەو بارودۆخەی کە ئێستا تێیدایە و پێوەی گرفتارە. هەروەها بەکارهێنانی ئەم چەکە دەبێتە هۆی ئەوەی ڕووسیا پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتی چینیش لەدەست بدات کە گرنگییەکی بنەڕەتی هەیە بۆ ڕووسیا و ڕووسیا خۆی تووشی هەلومەرجێکی تەواو مەترسیدار دەکات. لەم ڕوانگەیەوە پێم وایە ئەگەرەکانی بەکارهێنانی چەکی ناوکی لاوازن، بەڵام ئەگەری ئەوە بە بەرزی دەمێنێتەوە کە سەرۆك ڤلادمیر پوتین هەڕەشەی بەکارهێنانی بکات.

*** پێش شەڕەکە و لە ئێستاشدا ڕووسیا پێی وایە و بانگەشەی ئەوە دەکات کە سیستمی جیهانی لەسەر چەند پایەیەك دامەزراوە کە تەنیا دەبنە هۆی برەودان بە بەرژەوەندییەکانی چەند وڵاتێکی دیاریکراو و، داوای ئەوە دەکەن کە دووبارە ئەم سیستمە دابڕێژرێتەوە، ئایا پێتان وایە ئەم داواکارییە کارێکی کردەنی بێت؟ ئایا ئەگەر دابڕێژرێتەوە پایە و بەها بنەڕەتییەکانی چی دەبن و چۆن دەبن؟**


- لە ڕاستیدا من ئومێد دەکەم کە لە دوای ئەم شەڕ و ناکۆکییەوە پتر ڕێز بگیرێت لە پرەنسیپەکانی پەیوەست بە خۆبەدوورگرتن لە دەستدرێژکاری و گرنگیدان بە پاراستنی ژیانی خەڵکانی مەدەنی. هەروەها ئاواتەخوازم کە ئەم شەڕەی سەرۆك ڤلادمیر پوتین هەڵیگیرساندووە ئەو ڕاستییە بۆ باقی وڵاتانی جیهان بسەلمێنێت کە هەر هەوڵێك بۆ دووبارە دارشتنەوە و دەستکاریکردنی سنوورەکان لە ڕێی بەکارهێنان و پەنابردنەبەر هێزەوە چارەنووسی سەرکەوتن نابێت و بگرە لە کۆتاییدا دەرئەنجامی دژ و پێچەوانەی لێ دەکەوێتەوە. ئەگەر ئەمە ڕوو نەدات، ئەوا دووبارە تووشی نائومێدی دەبمەوە لە ئاست مرۆڤایەتیدا.

**لە مەودای دوورخایەندا، بارودۆخەکە تووشی خراپبوون دەبێتەوە لە پەیوەندی بە وڵاتی ڕووسیاوە**

**مەحاڵ نییە کە سەرۆک ڤلادمیر پوتین لە نائومێدیدا پەنا بباتە بەر بەکارهێنانی چەکی ناوکی، بەڵام ئەگەر ئەم کارە بکات، ئەوا خۆی تووشی بارودۆخێکی خراپتر دەکات لەو بارودۆخەی کە ئێستا تێیدایە و پێوەی گرفتارە**

**ئاواتەخوازم ئەم شەڕەی سەرۆک پوتین هەڵیگیرساندووە ئەو ڕاستییە بۆ باقی وڵاتانی جیهان بسەلمێنێت کە هەر هەوڵێک بۆ دووبارە دارشتنەوە و دەستکاریکردنی سنوورەکان لە ڕێی پەنابردنەبەر هێزەوە چارەنووسی سەرکەوتن نابێت**

دیمانەی تایبەت



## دکتۆر ڕۆبی باریت بۆ گوڵان:

# ئەوەی ڤلادمیر پوتین بە سەر ڕووسیادای هێناوە هەڵەیەکی کارەساتبارە

ڕۆبی باریت توێژەرە لە کۆڕبەندی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا لە زانکۆی کامبریج و خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە لە زانکۆی تێکساس بەدەستی هێناوە، شارەزا و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، وەك تیرۆریزم و پرسە ئەمنییەکان، بزووتنەوە سیاسییەکان، سیاسەتی دەرەکیی ناوچەکە و پرسەکانی پەیوەست بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکان. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد کە پتر پەیوەست بوون بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و پێشهات و لێکەوتەکانی ئەم شەڕە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.

**ڕووسیا تەنیا چەکی ئەتۆمی بە دەستەماوە بەکاری بهێنێت ئەوەش کارێکی خۆکوژییە**

**داکشان و پووکانەوەی ڕووسیا هەواڵێکی خۆش دەبێت بۆ وڵاتی چین، چونکە بارودۆخێکی لەم چەشنە دەبێتە هۆی ئەوەی چین بە ئاسانی دەستی بە نەوت و بە سەرچاوە سرووشتییەکانی ڕووسیا ڕابگا**

**وڵاتانی ئەوروپا بە دوای جێگرەوە و بەدیلی وزەی ڕووسیادا دەگەڕێن، کە من پێم وایە ئەمە هەوڵێکی باش**

**ماوەیەکی زۆر پێش شەڕەکە بە بیر بەرپرسانی ئەڵمانیام هێنایەوە کە ناکرێت بە پشت بە هاوردەکردنی وزە لە ڕووسیاوە ببەسترێت**

*** هەروەك ئاشکرایە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا درێژەی کێشاوە و ڕووسیاش تووشی چەندین شکست و پاشەکشە و خەسارەتی سەربازی بووەتەوە، بەڵام هێشتا لەگەڵ ئەوەشدا پێداگری دەکات لەسەر درێژەدان بە شەڕەکە، ئایا پێت وایە ڕووسیا تووشی چ دەرئەنجامێك دەبێتەوە لە حاڵەتی درێژەکێشانی زیاتری شەڕەکە؟**

- لە ڕاستیدا من پێم وایە لە ئایندەیەکی نزیکدا ڕووسیا ناچار دەبێت- بە چەشنی سەردەم و ڕۆژگاری یەکێتیی سۆڤییەت- سنوورەکانی دابخات، لەبەر ئەوەی خەڵکێکی زۆر لە دەست دەدات، مەبەستم ئەوەیە کە وڵاتەکە جێ دەهێڵن. کەواتە ئەوەی سەرۆك ڤلادمیر پوتین کردی، یان بڕیارەکەی بۆ بەرپاکردنی شەڕ لەسەر بنەمایەك، یان لێکدانەوەیەکی هەڵە بوو بۆ ئۆکرانیا و بۆ ڕۆڵ و هێزی ڕووسیا، هەموو ئەمانە دەبنە هۆی ئەوەی ڕووسیا بە ڕاددە و ئاست و ئەندازەیەکی گەورە تووشی داکشان و لاوازی ببێتەوە لە ئایندەدا. لەم ڕووەوە پێم وایە داکشان و پووکانەوەی ڕووسیا هەواڵێکی خۆش دەبێت بۆ وڵاتی چین، چونکە بارودۆخێکی لەم چەشنە دەبێتە هۆی ئەوەی چین بە ئاسانی دەستی بە نەوت و بە سەرچاوە سرووشتییەکانی ڕووسیا ڕابگات. هەروەها سەرباری ئەو هەموو گوشارەی کە کردی بەتایبەتی لە ڕووی وزەوە و بە دیاریکراوی لە بەرامبەر ئەڵمانیادا، ئەوا گوشارەکانی بەرهەم و دەرئەنجامیان نەبوو، لە ئێستاشدا وڵاتانی ئەوروپا بە دوای جێگرەوە و بەدیلی وزەی ڕووسیادا دەگەڕێن، کە من پێم وایە ئەمە پەرەسەندن و هەوڵێکی باشە.

*** کەواتە پێت وایە ئەم سیاسەتەی ڕووسیا بۆ بەکارهێنانی وزە وەك چەکێك بۆ دروستکردنی گوشار لەسەر یەکێتی ئەوروپا بۆ ئەوەی هەڵوێستیان پەرت، یان لاواز بکات و وەك پێویست نەتوانن پاڵپشتی ئۆکرانیا بکەن، ئایا ئەم هەڵوێستەی ڕووسیا مایەی تاسان و سەرسوڕمان بوو بۆ وڵاتانی ئەوروپا؟**

- لە ڕاستیدام پێم خۆشە ئاماژە بەوە بکەم کە خۆم ماوەیەکی زۆر پێش شەڕەکە بە بیر بەرپرسانی ئەڵمانیام هێنایەوە کە ناکرێت بە پشت بە هاوردەکردنی وزە لە ڕووسیاوە ببەسترێت و ناکرێت متمانە بە ڕووسیا بکرێت، لەبەر ئەوەی سەرۆك ڤلادمیر پوتین پێی وایە ئەو لە هەوڵ و ئەرکی دووبارە دروستکردنەوە و بنیادنانەوەی ئیمپراتۆریەتی ڕووسیادایە، ئەوەشم بۆ ڕوون کردنەوە کە لە کۆتاییدا هەر تووشی ڕووبەڕووبوونەوە دەبنەوە و دەبێت باجی ئەم پشتبەستنە بە وزەی ڕووسیا بدەن، لە کۆتاییشدا بۆتان دەردەکەوێت کە ناتوانن وەك هاوبەشێکی بواری بزنێس و بازرگانی متمانە بە ڕووسیا بکەن.

*** هەر لە پەیوەندی بە دەرئەنجامەکانی ئەم شەڕەوە بە ایبەتی لەسەر خودی ڕووسیا، ئایا پێت وایە ئەم شەڕە پەردەی لەسەر چ لاوازییەکی ڕووسیا هەڵماڵی و ئایا تا چەند بووەتە هۆی ئەوەی ڕووسیا پاشەکشەی بکات لەسەر شانۆی نێودەوڵەتی و تا چەند زیانی بە پێگە نێودەوڵەتییەکەی گەیاندووە؟**

- من لەم ڕووەوە پێم وایە ئەو بارودۆخەی ئێستا ڕووسیای تێکەوتووە - بە هۆی ئەم شەڕەوە و درێژەکێشانی شەڕەکە- وەك ئەوە وایە کە بوو‌بێتە گواتیمالا، بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە کە خاوەنی چەکی ئەتۆمییە، چونکە ئەوەی ئێستا ڕووسیا بەدەستییەوە ماوە، ئەم چەکەیە و لە ڕاستیدا ئەم چەکەش هیچی پێ ناکرێت، چونکە ئەگەر پەنا بباتە بەر بەکارهێنانی، ئەوا ڕووبەڕووی تۆڵەسەندنەوە دەبێتەوە و خۆیشی تووشی کاولکاری و لەناوچوون دەبێتەوە. کەواتە ڕووسیا بەم هەڕەشانە خۆی ڕووبەڕووی دۆخێکی خراپ و نەخوازراو کردووەتەوە، چونکە ئەگەر هەڕەشەکەی جێبەجێ بکات، ئەوا بە توندی تۆڵەی لێ دەکرێتەوە و دەرئەنجامێکی خراپ ڕووی تێ دەکات، خۆ ئەگەر جێبەجێشی ناکات، ئەوا سوودی ئەم هەڕەشانە چییە؟ هەر لەم ڕوانگەیەشەوە بوو کە وتم ئەم چەکە کەڵکی نییە.

*** کەواتە ئەگەر پرسیارەکەی پێشوو دووبارە بکەینەوە بە چەشنێکی دیکە ئایا دەکرێت لە ئێستادا وەك هێزێکی مەزنی جیهانی لە ڕووسیا بڕوانین، بە چەشنی ئەوەی لە ڕابردوودا تێڕوانینێکی لەم چەشنە لە ئارادا بووە؟**

- بە تێڕوانینی من ئەوەی سەرۆك ڤلادمیر پوتین ئەنجامی داوە، بریتییە لەوەی ڕووسیای

لە هاوکێشەی هێز دوور خستووەتەوە، بە واتایەکی دیکە ئێمە چیتر بەو چەشنە لە هێز و پێگە و سەنگی ڕووسیا ناڕوانین، کە ساڵێك پێش ئێستا لێمان دەڕوانی. چونکە ئەو تێڕوانینەی ساڵێك بەر لە ئێستا هەمان بوو بۆ ڕۆڵ و دەسترۆیشتوویی و دەسەڵاتی ڕووسیا، هەموویان ڕەوینەوە. چونکە ئێمە ئەدای سوپای ڕووسیامان بینی لەم شەڕەدا، بە چەشنێك کە ڕووسیا ناتوانێت پێداویستی و کەرەستە بۆ سوپاکەی خۆی دەستەبەر و دابین بکات، ئیدی چۆن چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکرێت کە ئەم کارە بۆ وڵات و سوپایەکی دیکە بکات؟ کەواتە ئەوەی ڤلادمیر پوتین بە سەر ڕووسیادای هێناوە، هەڵەیەکی کارەساتبارە.

*** ئەی تا چەند ئەمە کاریگەری و دەرئەنجامی لێ دەکەوێتەوە لەسەر پەیوەندییەکانی ڕووسیا لەگەڵ ئەو وڵاتانەی بزنێس و بازرگانییەکی بەرفراوانیان هەیە لەگەڵیدا لە ڕووی کڕینی نەوت و چەکەوە لە ڕووسیا؟**

- من پێم وایە ئەگەر لە هەموو ئەم پەرەسەندن و پێشهاتانە بڕوانین، ئەوا بەو دەرئەنجامە دەگەین کە ئەمە لێکەوتەی لەسەر ئاستی جیهانیش لێ دەکەوێتەوە، چونکە تەنانەت ئەو وڵاتانەشی کە هاوسۆزن لەگەڵ ڕووسیادا، ئەوا دەبێت پێداچوونەوە بکەن بەوەی تا چەند ڕووسیا هاوپەیمانێکی بەهادارە، کە دەرکەوت ڕووسیا هاوپەیمانێکی هێندە بەهادار نییە، چونکە ئەگەر وڵاتانی چین و هیندستان نەوتی ڕووسیا هاوردە بکەن، ئەوا لەوانەیە ئەمە شتێکی ئاسایی بێت، بەڵام ئەگەر هیندستان بە تەواوەتی پشت بە هاوردەی چەك و کەرەستەی سەربازی لە ڕووسیاوە ببەستێت، ئەوا دەبێت بەخۆیدا بچێتەوە و بگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە ناکرێت چیتر متمانە بە ڕووسیا بکرێت لەم ڕووەوە، چونکە ڕووسیا ناتوانێت وەك پێویست چەك و کەرەستەی سەربازی بۆ خۆی بەرهەم بهێنێت، ئیدی چۆن دەتوانێت هاوردەی بکات بۆ ئێمە؟ کەواتە ئەوەی ڤلادمیر پوتین کردوویەتی بە تەواوەتی جێی سەرسوڕمان و سەرسامییە کە چ هەڵەیەکی کردووە.

*** کەواتە دەکرێت بڵێین ئەمە یەکێکە لە گەورەترین کارەساتە جیۆپۆلەتیکییەکان کە ڕووسیا تووشی خۆی کردووە، یان بەسەر خۆیدا هێناوە؟**

- بەڵێ، ئەمە وایە و لە ڕاستیدا مێژووی ڕووسیا پڕیەتی لە هەڵەی لێکدانەوە و هەڵەی کارەساتبارانە، چونکە ئەگەر لە مێژووی بڕوانین، ئەوا دەتوانین ئاماژە بە نیکۆلای یەکەم بکەین کە هۆکاری هەڵگیرسانی شەڕی کریمیا بوو لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی نۆزدەدا، بڕیارەکەش لەسەر بنەمای لێکدانەوەیەکی هەڵە بوو بۆ لاوازییەکانی خۆی و ئامادەیی عوسمانییەکان و بەریتانییەکان بۆ شەڕکردن و دەرئەنجامەکەشی بریتی بوو لە ڕێککەوتنێکی پڕ لە سووکایەتی. بە هەمان شێوە نیکۆلای دووەم خۆی تووشی شەڕ کردەوە لەگەڵ یاباندا و لە دەرئەنجامدا تەواوی کەشتییەکانی لەلایەن یابانییەکانەوە تێك شکا و تووشی دۆخێکی پڕ لە سووکایەتی و شەرمەزاری بوو. چونکە لێکدانەوەیەکی هەڵەی کرد بۆ توانا و هێز و دەسترۆیشتوویی خۆی.

هەروەها لە ساڵی ١٩٤١ ستالین ڕەتی کردەوە باوەڕ بەوە بهێنێت کە هیتلەر هێرشی کردووەتە سەر وڵاتەکەی و ئەوە بوو خەریك بوو یەکێتیی سۆڤیەتی بڕووخێت و لە ناو بچێت.

هەموو ئەمانەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خۆیان لە کەشێکی تاکڕەو و خۆسەپێنیدا قەتیس کردووە، کەسانی دەوروبەریشیان ناوێرن ڕاستییەکانیان پێ بڵێن و لە ئەنجامدا هەڵەی گەورە دەکەن.



**ئەوەی سەرۆک ڤلادمیر پوتین ئەنجامی داوە، بریتییە لەوەی ڕووسیای لە هاوکێشەی هێز دوور خستووەتەوە**

**ئەو تێڕوانینەی ساڵێک بەر لە ئێستا هەمان بوو بۆ ڕۆڵ و دەسترۆیشتوویی و دەسەڵاتی ڕووسیا، هەموویان ڕەوینەوە**



حامد ئیسماعیل

قائیمقامی قەزای پیرمام بۆ گوڵان:

# بەشێک لە قوتابخانەکەنمان کۆنن و پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە هەیە

## پێشنیارمان کردووە دوو ناحیەی دیکە بۆ قەزای پیرمام دروست بکرێن

**هاوشانی چەندین ناحیەی دیکە لە کوردستان، ناحیەی پیرمامیش بووە بە قەزا و یەکێکە لەو قەزایانەی کە ژمارەی دانیشتووانی زیاتر لە ٦٠ هەزار کەسن، هەروەها پێداویستیی خزمەتگوزاریشی زۆرە، بۆ قسەکردن لەسەر پێداویستییە خزمەتگوزارییەکانی ئەم قەزایە و ئەو کار و پڕۆژانەی تێیدا ئەنجام دراون و، ئەو پێویستییانەی ئەم قەزایە هەیەتی و، ئەو کێشە و گرفتانەی ڕووبەڕووی بووەتەوە، گۆڤاری گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستەی حامد ئیسماعیل قائیمقامی قەزای پیرمام کرد و بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** سەرەتا دەمانەوێت بزانین قەزای پیرمام چەند ناحیە و شارەوانی و گوندی لەسەرە و ژمارەی دایشتووانی سنوورەکە بەگشتی چەندە و بە چ کار و پیشەیەکەوە خەریکن؟**

- قەزای پیرمام چوار شارەوانیی لەسەرە، شارەوانی (کۆڕی، بەستۆرە، سەری بڵند، پیرمام) و پێشنیارمان کردوە کە کۆڕی و بەستۆڕە بکرێن بە ناحیە و، ناحیەی دارەشەکرانیش بێتە سەر سنووری قەزای پیرمام و ناحیەیەکی تازەش بۆ گوندەکانی بناری سەفین دروست بکرێت، چونکە گوندەکانی بناری سەفین کە سەر بە پیرمامن، بەسەر ناحیەی هیران و دێگەڵە و کۆیەدا دابەش کراون، بەڵام لەو کاتەی ناحیەیەکی نوێ لەو سنوورە دابمەزرێت، ئەوە هەموو گوندەکانی بناری سەفین کە ژمارەیان ٢٥ گوندە دەخرێنە سەر ئەو ناحیەیە، بەو شێوەیەش لە ڕووی کار و پڕۆژە و خزمەتگوزارییەوە دەتوانرێت زیاتر خزمەت بکرێن و، ژمارەی گوندەکان لەو کاتەی ناحیەی دارەشەکران بێتە سەر پیرمام، دەبێتە ١٣٠ گوند. ئێستا ژمارەی دانیشتووانی سنووری پیرمام بە گشتی ٦٤ هەزار کەسن و خەڵکی ئەو سنوورە هەندێکیان بە کاری باخداری و کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە خەریکن و هەندێکیش لە دانیشتووانەکەی وەك هەموو شوێنێکی دیکە فەرمانبەرن و لە هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایشن، هاوکات ئەو سنوورە لەبەر ئەوەی شاخاوییە و دیمەن و سرووشتی جوان و دڵڕفێنە، هەر بۆیە زۆر گونجاوە بۆ گەشتوگوزار و لە هەموو وەرزەکانیشدا گەشتیار ڕووی تێ دەکەن.

**
* ئایا تاچەند گرنگی بە ڕێگەوبانەکانی سنووری پیرمام دراوە و ئەو پڕۆژەی ڕێگەوبانانەی لەژێر جێبەجێکردندان چین و لەم بارەوە پلانتان چییە؟**

- پیرمام لەبەر ئەوەی پێشتر ناحیە بووە و ژمارەیەکی زۆر گوندیش لە سنوورەکەی هەیە، بۆیە ئەو بودجەیەی بۆ پیرمام تەرخان کراوە، بەشی ئەوەی نەکردووە بەپێی پێویست ڕێگەوبانی گوندەکانی باش بکرێت، ئەگەرچی بەشی چاککردنی ڕێگەوبانەکانی هەولێر کاری باشیان بۆ گوندەکانی سنوورەکە ئەنجام داوە، ئێستاش چەندین کار و پڕۆژەیان لەژێر دەستدایە و لە ئەمساڵدا هەندێ لە گوندەکان ڕێگەوبانەکانیان کاریان لەسەر کراوە، لەوانە گوندی بانەمان و شێوەکە و گڕاو و ...تاد، چەندین گوندیش هەیە لە بەرنامەدایە کاریان بۆ بکرێت، لەوانە گوندی هەنارە، هاوکات هەوڵ دراوە کار و پڕۆژە لە ڕێگەی گوندی ئاژگە کە قەزای پیرمام بە ناحیەی باسرمە دەبەستێتەوە و ڕێگەیەکی زۆر خراپە، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە خستوویەتیە بەرنامەی خۆی و پڕۆژەی چاککردنی ئەو ڕێگەیە جێبەجێ دەکات، کە ڕێگەیەکی گرنگ و دوور و درێژە و پێویستی بە نزیکەی یەك ملیار دینار هەیە، ڕێگە و کۆڵانەکانی ناو گوندی ئارماوەی سەروو و خواروو لەو نزیکانە بە درێژایی سێ کیلۆمەتریان بۆ قیرتاو کردن، لەگەڵ ئاوەدانکردنەوە لە هەماهەنگ و پەیوەندیی

**هەوڵ دراوە کار و پڕۆژە لە ڕێگەی گوندی ئاژگە کە قەزای پیرمام بە ناحیەی باسرمە دەبەستێتەوە و ڕێگەیەکی زۆر خراپە، وەزراەتی ئاوەدانکردنەوە خستوویەتە بەرنامەی خۆی و پڕۆژەی چاککردنی ئەو ڕێگەیە جێبەجێ دەکات،**

**سندوقێکی نێودەوڵەتی هەیە کە حکومەتی عێراقی و هەرێمی کوردستانیش لینکێکیان لەگەڵی هەیە، ئێمە بۆ چەندین پڕۆژە لە سێکتەری جیاجیا بەرنامە و پلانی خۆمان بۆ ئەو سنوورە پێیان داوە**

**دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە سەنتەری قەزا و چەندین شوێنی دیکەی سنوورەکە هەستاون بە نۆژەنکردنە و چاککردنەوەی ئەو کەموکوورییانەی لە ژمارەیەک بینایەی قوتابخانەکاندا هەبووە**

**ئەمساڵ حکومەتی هەرێم لە ڕێگەی وەزارەتی کارەباوە وێستگەیەکی کارەبای مۆبایلی بۆ داناوین بۆ گوندەکانی سنووری ناحیەی دارەشەکران و وێستگەیەکی دیکەی کارەبای مۆبایلیشیان لە نێوان سەنتەری قەزای پیرمام و سەری بڵند داناوە**

**تەنیا ئەمساڵ بە بڕی زیاتر لە ٨٥٠ ملیۆن دینار بۆ دانانی محاویلە و ڤیدەراتی کارەبا لە سنووری قەزای پیرمام خەرج کراوە**

**لە سەنتەری قەزادا ئەو گەڕەکانەی کەموکووڕیی ئاوی خواردنەوەیان هەبوو، بڕی زیاتر ٤٠٠ ملیۆن دیناریان بۆ خەرج کراوە**

بەردەوامداین، تا وەکو بتوانرێت زیاتر خزمەت بە ڕێگەوبانی گوندەکانی سنووری قەزای پیرمام بکرێت.

*** ئایا سێکتەری پەروەردە لە سنوورەکەتاندا تاچەند کێشە و گرفتی هەیە، بەتایبەتی لە ڕووی کەمیی بینایەی قوتابخانە، یان کۆنیی بینایەکان، لەو بارەوە چ کار و پڕۆژەیەکتان بۆ کراوە؟**

- سندوقێکی نێودەوڵەتی هەیە کە حکومەتی عێراقی و هەرێمی کوردستانیش لینکێکیان لەگەڵی هەیە، ئێمە بۆ چەندین پڕۆژە لە سێکتەری جیاجیا بەرنامە و پلانی خۆمان بۆ ئەو سنوورە پێیان داوە، لەوانە بۆ دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی قوتابخانە و چارەسەری سێکتەری پەروەردە بەگشتی لە گوندە گەورەکانی سنوورەکەمان، بۆ نموونە لە گوندی سێوەکە و هەنارە و گراو، بەڵام من پێم باشە و پێشنیاریشم ئەوەیە بۆ چارەسەرێکی بنەڕەتیی بینایەی قوتابخانە، بە نموونە لە بەستۆڕە لەلای ڕاست و چەپ، یان بەلای هەنارەوە بینایەکی ئامادەیی باش دروست بکرێت و میلاکاتی تەوای هەبێت، کە هەموو گوندەکانی سنوورەکە سوودی لێ وەربگرن، نەك ئێمە بێین هەر لە چەند گوندێك ئامادەییەك دروست بکەین، کە بەپێی پێویست نەبێت و میلاکاتیشی تەواو نەبێت، لەو کاتەدا قوتابیانیش تێدا سەرکەوتوو نابن، هەروەها لە ناو سەنتەری قەزاش هەندێك لە قوتابخانەکان کۆنن هەر چەند نۆژەن کراونەتەوە، بەڵام هێشتا بەپێی پێویست و تمووحی ئێمە نییە، بینایەی هەندێك لە قوتابخانانەکانمان زۆر کۆنن، بۆیە پێشنیارمان کردووە ئەو بینایانە تێك بدرێن و سەرلەنوێ بە شێوەیەکی سەردەمییانە دروست بکرێنەوە، دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە سەنتەری قەزا و چەندین شوێنی دیکەی سنوورەکە هەستاون بە نۆژەنکردنە و چاککردنەوەی ئەو کەموکووڕییانەی لە ژمارەیەك بینایەی قوتابخانەکاندا هەبووە، بەرنامە و پلانی دیکەشمان بۆ نۆژەنکردنەوە و دروستکردنی قوتابخانە لە سنوورەکەدا بە پارێزگای هەولێر داوە، هیواداریـن ئەمانەش لە لایەن ڕێکخراوە خێرخوازەکان، یان حکومەتەوە جێبەجێ بکرێن.

*** ئایا سێکتەری کارەبا لە سنووری پیرمام لە چ بارودۆخێکدایە؟**

- ئێمە لە پیرمام وێستگەیەکی کارەبای ئەو جۆرەمان هەیە کە ٣٢ کەی ڤی وەردەگرن و دووبارە دەیدەنەوە، ئەو وێستگەیەش پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەیە، چونکە زۆر کۆنە، هەر بۆیە دەرخستەشمان بۆ ئەنجام داوە و بەرزمان کردووەتەوە بۆ لایەنی پەیوەندیدار و سەرووی خۆمان، بەڵام خۆشبەختانە ئەمساڵ حکومەتی هەرێم لە ڕێگەی وەزارەتی کارەباوە وێستگەیەکی کارەبای مۆبایلی بۆ داناوین بۆ گوندەکانی سنووری ناحیەی دارەشەکران و وێستگەیەکی دیکەی کارەبای مۆبایلیشیان لە نێوان سەنتەری قەزای پیرمام و سەری بڵند داناوە، کە کۆڕێ و بەستۆرە و دەوروبەریان سوودی لێ وەردەگرن، هاوکات لە ڕووی دانانی محاویلەشەوە هەنگاوی زۆر باش نراوە و، تەنیا ئەمساڵ بە بڕی زیاتر لە ٨٥٠ ملیۆن دینار بۆ دانانی محاویلە و ڤیدەراتی کارەبا لە سنووری قەزای پیرمام خەرج کراوە.

*** لە سێکتەری ئاوی خواردنەوە تا چەند گرفتان هەیە و ئەو کار و پڕۆژانەی لەو لایەنەوە بۆ قەزا و سنوورەکە کراون، چین؟**

- لە سەنتەری قەزادا ئەو گەڕەکانەی کەموکووڕیی ئاوی خواردنەوەیان هەبوو، بڕی زیاتر ٤٠٠ ملیۆن دیناریان بۆ خەج کراوە، بەتایبەتی ئەو گەڕەکانەی تۆڕی ئاوی خواردنەوەیان کۆن بوو، بۆیان تازە کرایەوە و ئەوانەی تۆڕی ئاویان نەبوو بۆیان دانرا، هەر لە سێکتەری ئاودا ئێستا دەرخستەیەکمان هەیە بۆ سنووری بەستۆرە، بەتایبەت بۆ گوندی بانەمان و سێوەکە و گراو، کە هەر سێ گوند هەر کەموکووڕییەکیان لە سێکتەری ئاودا هەبێت، بەتایبەت لە تۆڕی دابەشکردن، ئەوە دراوەتە بەڵێندەرێك تاوەکو بۆیان چارەسەر بکرێت، پڕۆژەی ئەو سێ گوندەش بڕی یەك ملیار دیناریان بۆ خەرج کراوە، بێگومان بۆ نەهێشتن، یان کەمکردنەوەی گرفتی ئاوی خواردنەوە بە شێوەیەکی گشتی، کار و پڕۆژە و هەنگاوی زۆر باش نراون بۆ سەنتەری قەزای پیرمام و هەموو سنوورەکەی. لەلایەکی دیکەوە شایانی دەستخۆشی و پێزانینە کە بەڕێوەبەرایەتی

ئاوی دەوروبەری هەولێر چەندین کار و پڕۆژەی ئاوی خواردنەوەی بۆ سنوورەکەمان ئەنجام داوە.

*** ئایا بەپێی ئەو جوانی و هەڵکەوتەیەی کە ناوچەکە زۆر گونجاوە بۆ گەشتیاری، هیچ پڕۆژەیەکی گەشتیاری جێبەجێ کراوە، یان ماستەرپلانێك بۆ ئەو مەبەستە بۆ سنووری پیرمام هەیە؟**

- ئێمە وەك قەزای پیرمام نوێین، بۆیە هەندێك بەش و فەرمانگە هەیە لێی نییە کە زۆر پێویستن، لەوانە بەش، یان فەرماگەی گەشتوگوزار کە داواشمان کردووە بۆمان بکەنەوە، بێگومان سنووری پیرمام بە سەنتەری قەزاشەوە زۆر گونجاوە بۆ گەشتیاری، هەروەها بۆ ئاسوودەی خەڵکی سنوورەکەش داوامان کردووە لۆفەکانی کۆڕێ بکرێتە پارکێك کە ئێستا زیاتر لە شەش هەزار دار و درەختی جوانی لێیە و کار و پڕۆژە و پلانی گرنگ و جوانمان هەیە بۆ بەرەوپێشوەبردنی گەشتوگوزار لە سنوورەکەدا، کە خۆی لەخۆیدا ئەو سنوورە هەڵکەوتە و ئاو و هەوا و شوێنەکەی جوان و بەرچاوە، هاوکات بە هاوکاری و شەونخوونیی هێزی پاراستنی ژینگە و لایەنی دیکە کاری بەردەوام کراوە بۆ پاراستنی دارودرەخت و سەوزایی ناوچەکە و پاراستنی ئەو ژینگە جوان و بێگەردەی، هەروەها هەموومان دەزانین ناوچەکە گونجاوە بۆ گەشەکردن و پەرەپێدانی گەشتوگوزاری، بۆ ئەو مەبەستەش داواکارین وەبەرهێنەران بتوانن بەشدار بن لە پڕۆژەی گەشتیاری لە ناوچەکەماندا، کە سوودێکی یەکجار زۆری دەبێت، چ بۆ خەڵك و چ بۆ وەبەرهێنەرەکان و چ بۆ بەدەستهێنانی هەلی کار.

*** وەك دەزانین سنوورەکە بەگشتی سەخت و شاخاوییە، ئایا کێشەی زەویتان بۆ نیشتەجێبوون هەیە؟ ئەگەر هەیە چۆن ئەمە چارەسەر دەکەن؟**

- ماستەرپلان پلانی هەموو کار و پلانێکە، لە کاتێکدا ماستەرپلانت بۆ شوێنێك نەبێت، ئەوە لە زۆر لاوە دەستت دەگیرێت و ناتوانی هەنگاو بۆ گەشەکردنی سنوورەکە بهاوێیت، بەڵام ماستەرپلانی سەنتەری قەزا و کۆڕێ لە ژێر دروستکردندایە و لەو کاتەی ماستەرپلانەکان تەواو دەبێت، ئەوە شارەوانی بەتایبەتی دەستی دەکرێتەوە بۆ چەندین کار و پڕۆژە، لە ماستەرپلانی سەنتەری قەزاکەدا هەوڵ دراوە یەکەی نیشتەجێبوونی ستوونی جێگیر بکرێت، چونکە بەو شێوازە دەتوانرێت لەو ناوچە شاخاوییەدا لەسەر ڕووبەرێکی کەم شوێنی چەندین خێزان بکرێتەوە، لەلایەکی دیکەوە ئێمە بە هاوکاری و هەماهەنگیی چەندین لایەنی دیکە توانیمان زێدەڕۆیی لەسەر زەویی کشتوکاڵی و سەوزایی و نیشتەجێبوون نەهێڵین، کە ئەم کار و هەنگاوە تەنیا سەنتەری قەزا و ناحیە و شارەوانییەکانی نەگرتووەتەوە، بەڵکو لە هەموو گوندەکانی سنوورەکەش دەتوانین بڵێین بە هیچ جۆرێك زێدەڕۆیی لەسەر زەوی نەماوە بۆ هیچ کەسێك، چونکە زێدەڕۆیی لەسەر هەر جۆرە زەوییەك هەبێت، زەرەر و زیانی زۆری بۆ حکومەت و خەڵك و بۆ هەموو کار و پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان هەیە.

*** ئایا تونێلی پیرمام تا چەند کارئاسانی بۆ ناوچەکە و سنوورەکە دروست کردووە و بووتە هۆی ئەوەی جەنجاڵی لە هاتوچۆ لە پیرمان دروست نەکات؟**

- تونێلی پیرمام پڕۆژەیەکی ڕێگەوبانی زۆر گرنگ و ستراتیژییە و خزمەتێکی زۆری بواری هاتووچۆ دەکات لە نێوان پایتەختی هەرێمی کوردستان و شەقڵاوە و سۆران و لۆدێکی زۆری قەرەباڵغی و هاتوچۆی لەسەر سەنتەری قەزای پیرمام هەڵگرتووە و، لە وەرزی زستان و بەفربارینیشدا لەو ڕێگەیەوە بە هۆی تۆنێلەکەوە کێشەی هاتوچۆ و گیرانی ڕێگەکە زۆر کەمی کردووە، یان هەر کێشە نەماوە، هەر بۆیە داواکارین برایانی شوفێر ڕێز لە ڕێنماییەکان بۆ پاراستنی تونێلەکە بگرن، بەتایبەت لەو خێراییەی بۆیان دیاری کراوە.

*** ئایا لە کەرتی تەندروستی کێشەتان هەیە؟**

- لە سەنتەری قەزا نەخۆشخانەیەکی زۆر باشمان هەیە، هەموو خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی تێدایە و لە قەزا و ناحیەکانی دەرەوەی سنووری پیرمامیش سەردانی دەکەن، بەڵام بنکەی تەندروستیی شەهید مولازم کەریم بینایەکەی زۆر کۆنە، بۆیە داوامان کردووە بڕووخێندرێت و سەرلەنوێ بە شێوەیەکی هاوچەرخ دروست بکرێتەوە.

**داوامان کردووە لۆفەکانی کۆڕێ بکرێتە پارکێك کە ئێستا زیاتر لە شەش هەزار دار و درەختی جوانی لێیە و کار و پڕۆژە و پلانی گرنگ و جوانمان هەیە بۆ بەرەوپێشوەبردنی گەشتوگوزار لە سنوورەکەدا**

**بە هاوکاری و هەماهەنگیی چەندین لایەنی دیکە توانیمان زێدەڕۆیی لەسەر زەویی کشتوکاڵی و سەوزایی و نیشتەجێبوون نەهێڵین**

**زێدەڕۆیی لەسەر هەر جۆرە زەوییەک هەبێت، زەرەر و زیانی زۆری بۆ حکومەت و خەڵک و بۆ هەموو کار و پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان هەیە**

**تونێلی پیرمام پڕۆژەیەکی ڕێگەوبانی زۆر گرنگ و ستراتیژییە و خزمەتێکی زۆری بواری هاتووچۆ دەکات لە نێوان پایتەختی هەرێمی کوردستان و شەقڵاوە و سۆران و لۆدێکی زۆری قەرەباڵغی و هاتوچۆی لەسەر سەنتەری قەزای پیرمام هەڵگرتووە**

# لێبوردەیی و پێکەوەژیانی ئاشتییانە لە ڕوانگەی قورئانی پیرۆزەوە

**مرۆڤ جەوهەری پرۆسەی پێکەوەژیان و ئاشتییە، خودای گەورە مرۆڤی جێنشین کردووە لەسەر زەوی و جیای کردووەتەوە، بۆ ئەوەی بەهای مرۆیی خۆی نیشان بدات**

**لێبوردەیی و پێکەوەژیانی ئاشتییانە لەگەڵ ئایینەکانی دیکەدا بەهایەک پێک دەهێنێت، کە ڕەگ و ڕیشەی لە ڕۆحی مرۆڤدا هەیە، ئەگەر بڕگە و بەها هاوبەشەکان بەدی بهێنێت**

وەك هەنگاوێکی مرۆیی گرنگە بە ڕامانێکی قووڵەوە لە چەمکی پێکەوەژیان و ئاشتەوایی بڕوانین، کە دەستەواژەیەکی قورئانی و دەکرێت بە بنەمایەکی گەورەش سەیر بکرێت، بەو پێیەی یاسایەکی خوداییە و ئامانجی پاراستنی ژیانی مرۆڤ و کۆنترۆڵکردنی لەسەر بنەمای مافی ڕێزگرتن و دادنان بە مافی ئەوانی دیکەیە بە ژیانێکی شایستە. بنکەیەکی لێبوردەیی و پێکەوەژیانییە، کە ڕەگ و ڕیشەی ئیمانیی هەیە و لە ڕێگەی زنجیرەیەك ڕێنمایی خوداییەوە هاتووە، بۆیە پێغەمبەران (دروودی خوایان لە سەر بێت) هەڵگری بانگەوازی خودای گەورەن بۆ بڵاوکردنەوەی بانگەوازی یەکتاپەرستی و ڕێنماییکردنی گەلان و هۆزەکان، کە ئامانجی سەرەکییان لێبوردەیی و پێکەوەژیانە، نەك ململانێ و شەڕ، چونکە مرۆڤ جەوهەری پرۆسەی پێکەوەژیان و ئاشتییە، خودای گەورە مرۆڤی جێنشین کردووە لەسەر زەوی و جیای کردووەتەوە، بۆ ئەوەی بەهای مرۆیی خۆی نیشان بدات.

گرنگە مرۆڤ پێکەوەژیان بە گرنگ سەیر بکات و هەوڵ بدات خزمەت بە ئامانجە گشتییەکان بکات، چونکە لێبوردەیی و پێکەوەژیانی ئاشتییانە لەگەڵ ئایینەکانی دیکەدا بەهایەك پێك دەهێنێت، کە ڕەگ و ڕیشەی لە ڕۆحی مرۆڤدا هەیە، ئەگەر بڕگە و بەها هاوبەشەکان بەدی بهێنێت.

ئیسلام پێداگرە بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانی دراوسێیەتیی باش لەگەڵ هەموو کۆمەڵگەکاندا، هەروەها لێبوردەیی و پێکەوەژیان بە یەکێك لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی دەزانێت، ئەمەش لە ڕێگەی حوکم و فێرکارییە کۆمەڵایەتییەکانیەوە دەبینرێت، بۆیە شەریعەتی ئیسلامی پەیوەندیی موسڵمانان لە نێوان خۆیاندا ڕێك دەخات، هەروەها جەخت لەسەر کەلتووری لێبوردەیی لەگەڵ پەیڕەوانی ئایینەکانی دیکە دەکاتەوە.

خودای گەورە پەیوەندییەکانی مرۆڤی لە نێوان خۆیاندا لەسەر بنەمای برایەتی و خۆشەویستی داناوە، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی بە برایەتی کردووە، وەك ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: ««إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ» (الحجرات:١٠) ژیاننامەی پێغەمبەر (سەلامی خوای گەورەی لێ بێت) لەسەر ئەوە بووە کە قورئانی پیرۆز ئامۆژگاریی موسڵمانان دەکات کە هاوکاریی یەکتر بکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، خوای گە ورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: «وَتَعَاوَنُواْ عَلَىٰ الْبِرِّ وَالتَّقْوَىٰ وَلاَ تَعَاوَنُواْ عَلَىٰ الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ» (المائدە:٢).

جۆرەکانی لێبوردەیی و پێکەوەژیان:

١- لێبوردەیی و پێکەوەژیان لە نێوان تاکەکاندا: کە ئەمە دەبێت پەیوەندیی نێوان تاکەکان لەگەڵ یەکتردا بە جۆرێك بێت کە ڕێزی یەکتر بگرن و، مامەڵەیەکی میهرەبان بکەن و چاوپۆشی لە هەڵەی ئەوانی دی بکەن، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: (خُذِ الْعَفْوَ وَأْمُرْ بِالْعُرْفِ وَأَعْرِضْ عَنِ الْجَاهِلِينَ) (الاعراف١٩٩)، کە ئەم ئایەتە دابەزیوە، پێغەمبەری خودا پرسیاری لە



**مەلا عەزیز مەنتک**

بۆ گوڵانی نووسیوە

جبرائیل کرد و لەو بارەیەوە فەرمووی: «ئەی محەمەد (سەلامی خوای گەورەی لەسەر بێت) خودا فەرمانت پێ دەکات لەو کەسانە خۆش ببیت کە ستەمیان لێ کردوویت، یان وتەی نەشیاویان پێ گوتوویت، بیانبەخشە و لێیان ببوورە».

٢- لێبوردەیی و پێکەوەژیان لە نێوان خێزاندا:
ئەم جۆرە لێبوردەییە بەشێکە لە شەریعەتی ئیسلامی، بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەرکی خێزان لە پێکەوەژیانی باشدا، کە سۆز و بەزەیی و خۆشەویستی لە نێوانیان دروست دەکات، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: «وَعَاشِرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ * فَإِن كَرِهْتُمُوهُنَّ فَعَسَىٰ أَن تَكْرَهُوا شَيْئًا وَيَجْعَلَ اللَّهُ فِيهِ خَيْرًا كَثِيرًا) (النساء١٩)، بە نەریتێکی پەسەند و جوان هاوکارییان بکەن و مامەڵەتان چاك بێت لەگەڵیاندا، وەکو ئێوە چاوەڕوانی چاکە لەوانە دەکەن. ئینجا ئەگەر بە هۆی لاسارییانەوە ژیان لەگەڵیاندا نەگونجا، ددان بە خۆتاندا بگرن و ئێوە هەر چاك بن، چونکە گەلێك شتی وا هەیە، ئێوە پێتان خۆش نییە، کەچی خودا خێر و چاکەیەکی زۆری بۆ ئێوە تێدا داناوە.

٣- لێبوردەیی و پێکەوەژیان لە نێوان گەلاندا:
ئەو لێبوردەییە کە قورئانی پیرۆز لە دیدگای خۆیدا کە بڕیاری لەسەر داوە سەبارەت بە بیر و باوەڕ، دووپاتی دەکاتەوە کە هیچ ڕێگەیەك نییە بۆ سەپاندنی بیر و باوەڕێك بە زۆرەملێ، وەك خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: «لا إِكْرَاهَ فِي ٱلدِّينِ * قَد تَّبَيَّنَ ٱلرُّشْدُ مِنَ ٱلْغَيِّ) (٢٥٦البقره). چونکە قورئان هەموو بەڵگەکانی ڕوونە و لە ڕووی دەروونییەوە بۆ شوێنکەوتووانی ڕوونی کردووەتەوە کە فرەچەشنی و فرەڕەنگی ئایینی قبووڵ بکەن و جیاوازیی نێوانیان شتێکی سرووشتییە. خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: «أَفَلَمْ يَيْأَسِ الَّذِينَ آمَنُوا أَنْ لَوْ يَشَاءُ اللَّهُ لَهَدَي النَّاسَ جَمِيعًا» (الرعد٣١). ئایا ئەوانەی باوەڕیان هێناوە، تا ئێستاش بێ هیوا نەبوون لە بڕواهێنانی ئەو کافر و بێ باوەڕانە؟ با چاك بزانن کە ئەگەر خودا ویستبای بە زۆر خەڵك موسڵمان بکات، بێگومان تەواوی ئادەمیزادی دەخستە سەر ڕێی ڕاست و، سەرجەم ڕێنمایی دەکردن بۆ ڕاستەڕێ، بەڵام ویستی بەو جۆرە نییە کە بە زۆر باوەڕ بە خەڵکی بهێنێت، ئەمەش لە چوارچێوەی جەختکردنەوەیەتی لەسەر موعجیزەیی قورئان و ئاماژەدان بە ڕێگەکانی چاکە و سەرکەوتن بۆ هەر کەسێك، کە بیری لێ دەکاتەوە.

بە کورتی لە قورئانی پیرۆزدا بنەمای گرنگ و گەورە هەن بۆ پتەوکردنی پێکەوەژیان، کە ئەرکە بکرێنە هەوێنی ئاشتی و کۆمەڵگەیەکی ئارام و یەکتر قبوڵکردن و ڕێزگرتن لە یەکتری، بەمەش دەتوانین زیاتر نێوخۆمان چاك بکەین و ئیرادە و هەڵوێستمان بەهێز بکەین، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەرێنیی لەسەر هەنگاونان بۆ بەرەوپێشچوون و بونیادی شارستانییەت دەبێت.

**شەریعەتی ئیسلامی پەیوەندیی موسڵمانان لە نێوان خۆیاندا ڕێك دەخات، هەروەها جەخت لەسەر کەلتووری لێبوردەیی لەگەڵ پەیڕەوانی ئایینەکانی دیکە دەکاتەوە**

**قورئان هەموو بەڵگەکانی ڕوونە و لە ڕووی دەروونییەوە بۆ شوێنکەوتووانی ڕوونی کردووەتەوە کە فرەچەشنی و فرەڕەنگی ئایینی قبووڵ بکەن و جیاوازیی نێوانیان شتێکی سرووشتییە**

# سندوقی سەوزی کەشوهەوا بەر ڕەخنەی وڵاتانی زیانلێکەوتوو دەکەوێت

سندوقی سەوزی کەشوهەوا بەپێی ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بارەی گۆڕانی کەشوهەواوە دامەزراوە، وەك میکانیزمێك بۆ یارمەتیدانی وڵاتە تازە گەشەسەندووەکان بە مەبەستی کەمکردنەوەی دەرهاویشتە گازییە گەرمکارەکان و خۆگونجاندنیش لەگەڵ کاریگەرییە نەرێنییەکانی.

ئەم سندوقە لە ساڵی ٢٠١٠وە دامەزراوە وشوێنەکەی لە (ئینچون)ی وڵاتی کۆریای باشوورە و ئەنجومەنێکی پێکهاتوو لە ٢٤ ئەندام کارەکانی بەڕێوە دەبەن.

ئەم سندوقە پێویستە پاڵپشتی لەو پرۆژە و پرۆگرام و چالاکییانە بکات کە هۆکارن بۆ بنیادنانی ئابوورییەکی سەوزی بەردەوام لە وڵاتانی گەشەسەندووی ئەندام لە ڕێکەوتننامەی گۆڕانی کەشوهەوا.

پرسیارگەلێکی زۆر هەن لە بارەی بەڕێوەبردنی ئەو پرۆژانەی کە پێویستە لەلایەن سندوقی سەوزی کەشوهەواوە یارمەتی بدرێن، ئەو سندوقەی کە دەبوایە لەلایەن وڵاتانی پێشکەوتووی پیشەسازییەوە ملیارەها دۆلاری تێدا دابنرێت بۆ یارمەتیدانی وڵاتانی زیانلێکەوتوو، بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان لەگەڵ گۆڕانی کەشوهەوا بگونجێنن، کاریگەرییەکانیشی لەسەر ژیان و ژینگەیان کەم بکەنەوە. بەڵام ئەوەی لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا جێگەی سەرنجە، ئەوەیە کە ڕەخنەیەکی زۆر لەسەر کار و میکانیزمی ئەم سندوقە هەیە، کە ئەمانەی لای خوارەوە هەندێکن لەو ڕەخنانە:

یەکەم: لە بواری پارەدارکردن و پاڵپشتیکردنی دارایی بۆ ئەو پرۆژانەی کەپەیوەستن بە گۆڕانی کەشوهەواوە، ڕۆڵی ئەم سندوقە زۆر کەم و لاوازە.

دووەم: دەوڵەتانی پیشەساز و پارەدار دوودڵن لەوەی پارەی یارمەتییەکانیان بخەنە بەردەستی ئەنجومەنی سندوقەکەوە، بۆیە زۆر جار لە ڕێگەی کەناڵی تایبەت بە خۆیانەوە پارەکە دەدەن، وەك لە ڕێگەی ئاژانسی ئەمریکی بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتیی (یو ئێس ئەید)، یان لە ڕێگەی بانکی نێودەوڵەتییەوە، یان هەر دەوڵەتەو لە ڕێگەی ئاژانسی پەرەپێدانی نێودەوڵەتیی تایبەت بە خۆیەوە.

سێیەم: هێشتا سندوقەکە میکانیزمێکی ڕوون و شەفافی نییە و سیاسەتێکی ئاشکرای بۆ پێدانی زانیارییش نییە لە بارەی چۆنیەتی مامەڵەکردنی ئەنجومەنی سندوقەکە لەگەڵ ئەو داوایانەی کە ئاراستەی دەکرێن.

چوارەم: دامەزراوەکە میکانیزمی بەدواداچوون و لێپێچینەوەی تەواوی نییە لەو دەوڵەتانەی کە پێویستە بەشدار بن لە پێدانی بەشە پارەکانیان بەپێی ڕێککەوتننامە و بڕیارە پەسەندکراوەکان.

پێنجەم: گەیاندنی پارەکانی ڕاستەوخۆ نییە بۆ وڵاتانی گەشەسەندووی داواکار، بەڵکو لە ڕێگەی ڕێکخراوە جیهانییەکانەوە دەدرێت، کە ئەمەش هۆکارێکی درەنگ گەیشتنی یارمەتییەکانە.

شەشەم: دامەزراوەکە لە چاو دامەزراوەکانی دیکەی جیهانیی نوێ و کەم ئەزموونە و ستافی بەڕێوەبردنیشی لە ڕووی ژمارە و ئەزموون و دەسەڵاتەوە بەپێی پێویست نییە.

حەوتەم: هەندێك جار ئەو بڕە پارەیەی کە دەوڵەتانی پارەدەر دەیخەنە ئەم سندوقەوە، بریتییە لەو پارەیەی کە دەبێت لە بوارەکانی دیکەدا بیاندابا بە وڵاتان، بەڵام ئەوان ئەو بڕە پارەیە لە پابەندییەکانی دیکەیان کەم دەکەنەوە و، دەیدەنە سندوقی سەوزی کەشوهەوا.



**عەبدولڕەحمان سدیق**
بۆ گوڵانی نووسیوە

بۆیە نەتەوە یەکگرتووەکان لە دوو ڕاپۆرتدا ئاماژەی بەم کورتهێنانە کردووە:

یەکەم: ڕاپۆرتی دیارکردنی کورتهێنانی هەوڵە جیهانییەکان بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانی کەشوهەوا لە ساڵی ٢٠٢٢ کە ڕاپۆرتەکە دوای ئاماژەکردن بەو پێشکەوتنە زۆر کەم و خاوەی کە بەدەست هاتووە لە ڕێکارەکانی خۆگونجاندن لە بوارەکانی کشتوکاڵ و ئاو و ئیکۆسیستمدا، داوا دەکات پشت بە چارەسەرە سرووشتییەکان ببەسترێت، داواش لە وڵاتانی دەوڵەمەند و پێشکەوتوو دەکات بۆ پابەندبوون بە گەیاندنی یارمەتییە داراییەکانیان بە وڵاتانی تازە گەشەسەندوو بۆ جێبەجێکردنی ڕێکارەکانی خۆگونجاندن.

هەروەها باس لەوەش دەکات کە نزیکەی ٨٤٪ی وڵاتانی ئەندام لە ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گۆڕانی کەشوهەوا، بە ڕێژەی ٥٪ زیاتر لە ساڵی ٢٠٢١ یاسا و ستراتیژیەت و پلانیان بۆ پارەدارکردن و جێبەجێکردنی سیاسەتی خۆگونجاندن ئامادە کردووە، بەڵام پارەی پێویستیان لەبەر دەستدا نییە بۆ جێبەجێکردن، چونکە ئەو پارەیەی دەگاتە وڵاتانی تازەگەشەسەندوو نزیکەی ٥ تا ١٠ جار کەمترە لە بڕی پارەی پێویست، ئەمە لە کاتێکدا ساڵانە پێداویستییەکانی خۆگونجاندن دەگاتە نزیکەی ١٦٠ تا ٣٤٠ ملیار دۆلار تا گەیشتن بە ساڵی ٢٠٣٠ و، دەگاتە نزیکەی ٣١٥ تا ٣٦٥ ملیار دۆلاریش ساڵانە تا گەیشتن بە ساڵی ٢٠٥٠.

دووەم: ڕاپۆرتی دیارکردنی کورتهێنانی هەوڵە جیهانییەکان بۆ کەمکردنەوەی دەرهاویشتە گازییەکانی هۆکار بۆ گۆڕانی کەشوهەوا لە ساڵی ٢٠٢٢.

ڕاپۆرتەکە بریتییە لە سێزدەمین ڕاپۆرت لە زنجیرەیەکی ساڵانە کە ئاماژەیەك دەدات لە بارەی جیاوازیی نێوان ئەو ڕێژە پێشبینیکراوە لە دەرهاویشتە گازییە گەرمکارەکانی گۆی زەوی لە ساڵی ٢٠٣٠دا و، ئەو ڕێژەیەی کە پێویستە پێی بگات لە هەمان ساڵدا، بۆ خۆلادان لە خراپترین کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا.

ڕاپۆرتەکە ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کە ئەو بەڵێننامە نیشتمانییانەی لە کۆنفرانسی کۆپ ٢٦ لە گلاسکۆی بەریتانیا لە ساڵی ٢٠٢١ دراون، تەنیا دەبنە مایەی بەدیهێنانی جیاوازییەکی زۆر کەم لە بڕی دەرهاویشتە گازییە گەرمکارەکانی گۆی زەوی لە ساڵی ٢٠٣٠دا، چونکە هێشتا زۆر دوورە لە بەدیهێنانی ئەو ئامانجە لە ڕێککەوتننامەی پاریس و سنووردانان بۆ دیاردەی قەتیسبوونی گەرمیی بۆ کەمتر لە ٢ پلەی سەدی و هێشتنەوەی لەپلەی ١,٥ سەدی.

ڕاپۆرتەکە دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە هەنگاونانی خێرا لەسەر ئاستی سیستم تەنیا هۆکاری بەتوانایە بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی دابەزاندنێکی زۆر و گەورەی دەرهاویشتە گازییە گەرمکارەکانی گۆی زەوی بە ڕێژەی ٤٥٪ لە ساڵی ٢٠٣٠ بۆ هێشتنەوەی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی لە ئاستی ١,٥ پلەی سەدی. هەروەها ڕاپۆرتەکە ئاماژە بە ڕێگەچارەیەکی قووڵ دەکات بۆ بەدیهێنانی ئەم هەنگاوانانە لە ڕێگەی ڕێکاری پێویست لە کەرتەکانی وزە و کارەبا و پیشەسازی و گواستنەوە و خانووبەرە و سیستمی خۆراکی و کەرتی دارایی، چونکە قەیرانی کەشوهەوا داوای گۆڕینی بەپەلە و خێرای کۆمەڵگەکان دەکات.

## یادەوەرییەکانی نەوەیەکی سەدام حوسێن و ناڕاستییەکان

# هەڵەبجە بە ئاردی سفر کیمیاباران کرا!

حەریر حوسێن کامیل، کچی حوسێن کامیل و ڕەغدی کچی سەدام حوسێن، پەرتووکێکی لەسەر خانەوادەکەی بە ناونیشانی (حفیدة صدام)، بە زمانی عەرەبی بڵاوکردووەتەوە، پەرتووکەکە کراوە بە کوردی بە ناونیشانی «یادەوەرییەکانی حەریر حوسێن کامیل، نەوەی سەدام حوسێنی سەرۆک کۆماری عێراق».

هەموو مرۆڤێك سەربەستە لە نووسینەوەی یاداشتی خۆی و خانەوادەی، یا ژیانی تایبەتیی خۆی و ئەوە بخاتەڕوو کە خۆی دیبەوێ، نەك خەڵك، یا بە لایەنی کەم دیوە جوانەکانی خۆی نیشان بدات و کەمتر لایەنی خراپی هەڵسوکەوت یا بیرکردنەوەی تۆمار بکات، ئەمە حەقێکە کەس ناتوانێ لە نووسەرەکەی وەربگرێتەوە، یا گفتوگۆی لەگەڵ بکات و ڕەخنەی لێ بگرێت، بەڵام هیچ وەختێك نابێت ئەوە پشتگوێ بخرێت کەسانێك لە هەرەمی دەسەڵاتی وڵاتێکدا بن کە تێیدا مرۆڤ لە سایەی ئەو کەسانەدا زوڵمیان چەشتبێت و قوربانییان بەخشیبێت ڕەچاوی ڕاستیی ڕووداوەکان نەکات.

لەم پەرتووکەدا زۆر بابەت هەن لارێکراون، یا هەوڵی پۆشینی تاوانەکان دراوە، خۆزگە دەزگایەکی تایبەتمەندی کوردی بە زمانی عەرەبی وەڵامی ئەو بەشانەی دەدایەوە کە پەیوەستە بە کورد و خەڵکی کوردستان. ڕووداوەکانم لەگەڵ ڕووی ڕاستی و پەردەپۆشکردنەکانی ئەم خاتوونەم بەراورد کرد، تاکو بزانم ئاستی پەردەپۆشکردنی تاوان چەندە بە قەدەر تاوانەکە ئازار بەخشە.

ئەم خاتوونە (حەریر حوسێن کامیل) لە ١٩٨٦ لە گەرمەی شەڕی عێراق و ئێران لە دایکبووە، واتا لە تەمەنی سێ تا چوار ساڵیدا بوو باپیری کە جێی شانازی ئەوە، بڕیاری جینۆسایدکردنی گەلی کوردستانی دەرکردووە و جێبەجێی کردووە، واتا ئەگەر بۆیشی باس نەکرابێت، خۆ لەسەری زانیاری وەرگرتووە، چۆن هەموو ڕووداوەکانی پێش لە دایکبوونی وەرگرتووە.

**هەمووان شاهیدن لەژێر سایەی دەسەڵاتی سەدامدا ڕووداوی زۆر گەورەی دژ بە مرۆڤایەتی و نایاسایی ئەنجام دراون، کە لەگەڵ هیچ یاسا و ڕێسایەکی ئاسمانی و زەمیندا ناگونجێ و ڕێگەپێدراو نییە**

### وەسفی باپیرێکی دیکتاتۆر

باوەڕ ناکەم هیچ کەسێکی بە ویژدان هەبێ، دان بەوەدا نەنێت کە (سەدام) خاوەن کەسایەتییەکی دیکتاتۆر و دەسەڵاتێکی دڕندانە بووە، بەڵکو هەمووان شاهیدن لە ژێر سایەی دەسەڵاتی سەدامدا ڕووداوی زۆر گەورەی دژ بە مرۆڤایەتی و نایاسایی ئەنجام دراون، کە لەگەڵ هیچ یاسا و ڕێسایەکی ئاسمانی و زەمیندا ناگونجێ و ڕێگەپێدراو نییە. ئەم خاتوونە حەقیەتی لە سایەی ناز و نیعمەتی باپیریەوە بەم وەسفەدا بچێتە ناو ژیانی ئەو و وا وێنای بکات، «کاریزمایەکی سەرسوڕهێنەر..» (ل٨) کاریزماییەکەی هێندە بوو لە کونێکدا دەرهێنرایە دەرەوە و بە زەلیلی لە سێدارە درا.

پاساوێك بۆ ئەوەی ئەم خاتوونە باپیری (سەدام) خاوێن بکاتەوە، ئەوەیە کە هیچ پارچە زەوییەك یان خانوویەك لە دوای جێهێشتنی بەناوی باپیرییەوە نییە (ل١٧)، بەڵام سەدام هەموو عێراق موڵکی ئەو بووە و حکومەت و دامەزراوە و تەنانەت مرۆڤەکانیشی بەستبوو بە خولیا و خەونە دیکتاتۆریەتییەکەی، بۆیە موڵکی عێراقی لە شەڕە نەگریسەکان بە هەدەر دا.



**پەرژین جەعفەر حاجی ڕۆستەم**

قوتابیی ماستەر- مێژوو

بۆ گوڵان نووسیویەتی

لە ماوەی دەسەڵاتدارێتیی (سەدام) هیچ لێبوردەیی و بەخشندەییەك بوونی نەبووە و تەنانەت هاوڕێیە نزیکەکانی خۆی کە پشتیوانی بوون، لەگەڵ هەنگاوی یەکەمی دەسەڵاتیدا بەشێکی زۆریان پاکتاو کران، بەڵام لای نەوەکەی وێنەی بەخشندەیی بەس لە (سەدام) دا بوونی هەبووە! (ل١٢٩)، ئەم شاهیدییە بۆ (حەریر) بێویژدانییەکەی زۆر گەورەیە، چونکە ئەو بەرامبەر بە باوکی (حوسێن کامیل)یش بەخشندە نەبوو و تۆڵەی هەڵهاتنەکەی لێ کردەوە و کوشتی.

### عودەی خاڵۆی حەریر، دڕندەیەکی بێ وێنە

(حەریر) چاوی لە ئاست سەرجەم تاوانەکانی خاڵۆی (عودەی) داخستووە و بە شێوەیەك وەسفی دەکات، وەك وێنەی فریشتەیەك لەسەر زەوی، دەڵێ: پیاوێکی دیندار بووە و ڕۆژانی دوو شەممە و پێنج شەممە بەڕۆژوو بووە!(ل ٣٣-٣٤) لە کاتێکدا هەموان دەزانن ئەم کوڕە دیکتاتۆرە زیاتر لە باوکی خوێنڕێژتر بووە و کوڕان و کچانی عێراقی بە شێوەیەکی نامرۆڤانە ئەتك کردووە و کوشتووە.

### ڕاپەڕین یان گێرەشێوێن!

حریر مافی خۆیەتی بەرگری لە دەسەڵاتی دیکتاتۆریەتی باپیری بکات، بەڵام مافی نییە بەرگی گێرەشێوێن بە بەر خەڵکی ڕاپەڕیوی باشووری عێراق و باکووری عێراق بە وتەی خۆیان (کوردستان) بکات(ل١٧٠-١٧١)، ئەو باش دەزانێ ئەو خەڵکە بۆ مافێك ڕاپەڕینیان کرد دژ بە دەسەڵاتی باپیری (سەدام) کە مافێکی یاسایی و سرووشتی و مرۆڤایەتییە و نەتەوە و مەزهەبەکان لەپێناو خەباتی خۆیان و نەهێشتنی دیکتاتۆریەت ڕاپەڕیون، نەك کاری گێرەشێوێنی کە بەدیدی ئەم خاتوونە، جا لێرەدا باس لە قارەمانێتییەکەی باوکی دەکات کە ڕۆڵی گرنگی لە سەرکوتکردنی خەڵکی باشووری عێراق (شیعەکان) بووە بە وتەی خۆی گرووپەکانی سەر بە ئێران و خومەینی. شانازی بەوەش دەکات باوکی (حوسێن کامیل) لەو دەبابەدا بووە پێشڕەویی سەرکوتکردنەکەی کردوە و ڕێگەی نەداوە کەس پێشی بکەوێ !(ل١٧٢).

### چەکی کیمیاوی یان ئاردی سفر بە سەر هەڵەبجەدا ڕژێندرا!!!

ئەم بەشەی کتێبەکە زۆر ئازاربەخشە، بە ڕاددەیەك (عەلی حەسەن مەجید)ی تاوانبار بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژ بە خەڵکی کوردستان و بەتایبەتی شاری هەڵەبجە ناتوانێ بە شێوەی (حەریر) پەردەپۆشی ئەو تاوانە گەورەی دژ بە مرۆڤایەتی بکات، کە قەدەغەترین چەك لە مێژووی مرۆڤایەتی بەکارهێنا بۆ کوشتنی هاووڵاتی بێتاوانی کورد، (حەریر) کێشەکەی ئەوەیە دەیەوێ ئەو نازناوەی بە (عەلی حەسەن مەجید) دراوە (عەلی کیمیاوی) لەسەر باوکی (حوسێن کامیل) بسڕێتەوە، نەك خودی تاوانەکەش کە پەردەپۆشی دەکات!(ل ١٧٥) گوایە باوکی (حوسێن کامیل) نازناوی (عەلی کیمیاوی) بە (عەلی حەسەن مەجید) ەوە نووساندووە، (حەریر) وا دەنووسێت: لە کاتی شەڕی عێراق و ئێراندا هەروەك (عەلی حەسەن

**پاساوێک بۆ ئەوەی ئەم خاتوونە باپیری (سەدام) خاوێن بکاتەوە، ئەوەیە کە هیچ پارچە زەوییەک یان خانوویەک لە دوای جێهێشتنی بەناوی باپیرییەوە نییە**

مەجید) دەڵێت، پڕوپاگەندەیەکی بڵاو کردەوە کە گوایە بە چەکی کیمیای ئەو شارە بۆردومان دەکات، ئامانجیش لە پڕوپاگەندەکە ئەوە بوو کە دانیشتوانەکەی و بەتایبەت ژنان و منداڵان لە شارەکە بچنە دەرەوە، چونکە دەیویست بەوپەڕی بێ بەزییانە و توندییەوە بۆردومانی بکات، هەر بۆیە بڕیاری دا کۆمەڵێك فەردە ئاردی سفر بەسەر شارەکەدا بباریێنێت بۆ ئەوەی خەڵکی وابزانن کیمیاوییە، دوای ئەوەی کە بۆردومانەکە دەستی پێ کرد، دەبینن هەر بەڕاستی بە بۆمبی کیمیاوی بۆردومان کراوە، هەر بۆیە (عەلی حەسەن مەجید) گوتی: ئێران ئەمەی قۆستووەتەوە بۆ ئەوەی دڵی کوردەکان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت(ل١٧٥-١٧٦)!! ئەوەی ڕووی دا لە شاری هەڵەبجە بەڕاستی قەسابخانەیەکی ڕاستەقینەی دڵتەزێن بوو، ئەگەر بەڕاستی (عەلی حەسەن مەجید) ئەو کارەی ئەنجامدابێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە و بەبێ هیچ دوو دڵییەك من باسم دەکرد و بۆ هەمووان ڕوون دەکردەوە (ل ١٧٦)!!! تاوان هەر لایەنێك ئەنجامی دابێت، بێگومان تاوانە، بەڵام هەم ئێران و هەم عێراق تاوانبارن ئەگەر دادگایەکی تایبەت بەم کەیسە هەبوایە و وا بە خێرایی پەردەپۆش نەکرایە، چونکە سەلماندنی تاوان پێویستی بە بەڵگە هەیە.

ئەم ناڕاستییە و گاڵتەکردنە بە تاوانێکی گەورە بە قەدەر ئەنجامدانی تاوانەکە گرانە، چونکە ئەمە بەشێکە لە خاوێنکردنەوەی مێژووی تاوانباران، بۆیە لێرە بە پێویستی دەزانم حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پەیوەندیدار کە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان وەڵامی ئەم چەواشەکارییە بدەنەوە و لەڕووی یاساییەوە ڕێکار بگرنەبەر.

## فیدراڵییەت تاوانە؟

(حوسێن کامیل) لە ساڵی ١٩٩٥ عێراق جێدەهێڵت و بە خانەوادەکەیەوە دەبێتە میوان لە ئەردەن و لەگەڵ زۆرێك لە وڵاتانی عەرەبی و ئەمریکا و بەریتانیا و ئۆپۆزسیۆنی عێراقی دانیشتن دەکەن، لە سەرجەم دانیشتنەکاندا ناوبراو ناڕوون بووە، نەیتوانیوە هیچ بڕیارێك بدات و بە قسەی (حەریر) ئۆپۆزسیۆنی عێراقی تەنیا ویستوویانە زانیاری لێ وەربگرن.

عودەی لە نووسینێکدا لە ڕۆژنامەی (بابل)دا (حوسێن کامیل) تاوانبار دەکات بە دابەشکردنی عێراق و دەیکات بە خاوەن پڕۆژەی فیدراڵییەت، کچەکەی (حوسێن کامیل) وا دەڵێت: باوکم هەمیشە لەگەڵ هەمووان وای وتووە: باشە ئەگەر فیدراڵییەت هێندە باش و جوانە، ئەی بۆچی سەرەتا لەلای خۆتان تاقی ناکەنەوە؟ (ل ٢١٢). ئەم بۆچوونەی (حەریر) و (حوسێن کامیل)ی باوکی و (عودە)ی خاڵۆی، نیشانەیەکی ڕوونی شۆڤینێتیی عەرەبییە. کە هەمیشە ئەم جۆرە پڕۆژە گرنگانە بە دابەشکردنی خاك و وڵات ناو دەنێن خەڵکی دیکەیش بە تاوانبار بناسێنن بەرامبەر یەکپارچەیی وڵاتەکەی، دواتر بووە واقیعێك لە عێراقی نوێدا، بووە تاڵییەك بۆ خانەوادەی (سەدام)یش.

## چێشتلێنەرە کوردەکەی سەدام حوسێن کێ بوو؟

یەکێك لە خەسڵەتەکانی (سەدام)ی دیکتاتۆر بە گوتەی نەوەکەی (حەریر) خواردنی خۆش بووە، بۆیە لە بەشێکدا وێنای چێشتلێنەرێکی کورد باس دەکات کە ویستوویەتی (سەدام) ژەهراوی بکات، لێرە هیچ ناوێك نییە، دەڵێت: ڕۆژێکیان چێشتلێنەرە کوردەکە خواردن بۆ (سەدام)ی باپیرم دادەنێت، بەڵام شڵەژاوە، باپیریشم توانایەکی باشی هەبوو لە خوێندنەوەی زمانی جەستە، بۆیە کتوپڕ سەیری چاوی پیاوە کوردەکە دەکات و داوای لێ دەکات کە پێشتر خواردنەکە تام بکات و بیخوات، چشێتلێنەرەکەش تووشی شڵەژان دەبێت و داواکارییەکەی سەرۆك ڕەت دەکاتەوە و دواتر خواردنەکە دەبەن بۆ تاقیگە و دەردەکەوێت کە بەڵێ بە ڕاستی ژەهری تێ کراوە (ل ٢٧٠-٢٧١). دەیەوێ وا نیشان بدات کورد خائینە! خۆ ئەگەر کوردێك لەو کۆشکەکەی باپیری ئەو خزمەتی کردبێت و وەئاگا بێت لە تاوانەکانی (سەدام) دژ بە گەلەکەی، بێگومان هەر ئەو هەڵوێستەی دەبوو.

## مردنی بە کۆمەڵ چۆن بێت؟

پرۆسەی بەدناوی ئەنفالکردنی خەڵکی کوردستان یەکێکە لە دیارترین کارە دڕندانەکانی (سەدام) و دارودەستەکەی، پرۆسەکە بە زیندەبەچاڵکردنی بەکۆمەڵ بوو، بۆیە خوای گەورە ئەم پرۆسەی نیشانی خانەوادەکەی داوەتەوە. (حەریر) باس لە هەڵهاتنی ٢٠٠٣ی خانەوادەکەی دەکات بۆ دۆرە، لەوێ بیرۆکەی

**سەدام هەموو عێراق موڵکی ئەو بووە و حکومەت و دامەزراوە و تەنانەت مرۆڤەکانیشی بەستبوو بە خولیا و خەونە دیکتاتۆریەتییەکەی، بۆیە موڵکی عێراقی لە شەڕە نەگریسەکان بە هەدەر دا**

**لە ماوەی دەسەڵاتدارێتی (سەدام) هیچ لێبوردەیی و بەخشندەییەک بوونی نەبووە و تەنانەت هاوڕێیە نزیکەکانی خۆی کە پشتیوانی بوون، لەگەڵ هەنگاوی یەکەمی دەسەڵاتیدا بەشێکی زۆریان پاکتاو کران**

**حەریر چاوی لە ئاست سەرجەم تاوانەکانی خاڵۆی (عودەی) داخستووە و بە شێوەیەک وەسفی دەکات، وەک وێنەی فریشتەیەک لەسەر زەوی، دەڵێ: پیاوێکی دیندار بووە و ڕۆژانی دوو شەممە و پێنج شەممە بەڕۆژوو بووە**

ئوسامە بن لادنی سەرۆکی ڕێکخراوی ئەلقاعیدەیان لە میدیاکانەوە دیوە، کە پێشنیاری لێدانی خەندەق بووە لە ناو ماڵەکانیان، ئەوانیش خەندەقیان لێ داوە و لە کاتی چوونە ناوەی خەندەقەکە بە گاڵتەکردنەوە وتوویانە: خوای گیان دەبێت مردنی بەکۆمەڵ لێرەدا چۆن بێت؟!(ل ٣٢٩). مردنی بەکۆمەڵ ئەوە بوو کە (سەدام) بە سەر خەڵکی کوردستانی هێنا، بیابانەکانی نوگرە سەلمان و چەندین شوێنی عێراقی کردە گۆڕستانی بەکۆمەڵی خەڵکی بێتاوانی کوردستان، کە خانەوادەکەی منیش یەکێکن لەو قوربانییانەی دەستی باپیری (حەریر) کە لە پێشمەرگەدا دەڵێت: ئەوانیش دوژمن بوون لەم شەڕە بەرامبەر بە ئێمە نەناسراینەوە و تێپەڕین (ل٣٦٦-٣٦٧)، بێگومان ئەگەر وابێت، شوێنەکە دیار نییە بۆچی پێشمەرگە لەوێ بازگەیان هەبووە؟ خۆ پێشمەرگە منداڵ و ئافرەت ناناسنەوە، ئاخۆ (ئەرکان) کورد بووە و بە کوردی قسەی لەگەڵ بازگە کردووە، ئەمانە هەمووی لەم گێڕانەوە وەڵام نەدراوەتەوە، بەڵام هێندە دەگوترێت (ئەرکان) شۆفێرێکی ناشارەزا و کۆمێدی بووە. دیسان لە دۆرەوە بۆ کەرکووك گەشتێکی خانەوادەی (سەدام) بووە، لێرە (حەریر) دەڵێ: بە هۆی ئەوەی هەموومان ژن و منداڵ بووین،

**حریر مافی خۆیەتی بەرگری لە دەسەڵاتی دیکتاتۆریەتی باپیری بکات، بەڵام مافی نییە بەرگی گێرەشێوێن بە بەر خەڵکی ڕاپەڕیوی باشووری عێراق و باکووری عێراق بە وتەی خۆیان (کوردستان) بکات**



ناو ئەم کتێبەدا بە هیچ شێوەیەك باسی ئەو کۆمەڵکوژییەی باپیرە دیکتاتۆرەکەی نەکردووە.

**هەڵهاتن بە بازگەی پێشمەرگە!! ئەرکان کێ بوو؟**

دۆخی عێراق لە ٢٠٠٣ ئاڵۆز بوو، ناسینی کەسایەتییە سیاسی و سەربازییەکان ئاسانترە لەو کەسایەتییانەی لە چوارچێوەی خانەوادەدا وەك (حریر) دەڵێ: بە هۆی پابەندبوونی ئاسایشی خانەوادەوە کەمترین دەرکەوتنیان هەبووە. لە عۆجەوە خانەوادەی (سەدام) واتا (ئافرەت و منداڵەکانیان) دەچن بۆ دۆرە، لێرە باس لەوە دەکات، شۆفێرەکەیان ناوی (ئەرکان) بووە. لە ناوەکەدا گومان هەیە کە ئەو شۆفێرە کورد بێت، بۆیە لە کاتی تێپەڕبوونی بە بازگەیەکی بازگەی پێشمەرگە نەیناسینەوە، هەروەها دەڵێ: هەڵوێستێکی مەردانەیە ژن و منداڵ لە کاتی شەڕ جیا بکرێتەوە و پەسنی ئەم ڕەفتارە دەکات (ل ٣٧٠).

لە ماڵێك پشوو دەدەن، ژنی ماڵەکە هەست دەکات ئەمانە کەسوکاری (سەدام)ن پیاوەکەی ڕادەسپێرێت هێزی پێشمەرگەی لێ ئاگادار بکاتەوە، بەڵام (رەغد) کچی (سەدام) هەست بەمە دەکات و خۆیان کۆدەکەنەوە و هەڵدێن بەرەو شاری مووسڵ (ل ٣٧٣-٣٧٤)، کە دڵنیام بە هۆی جیاکردنەوەی بێدەسەڵاتیی ژن و منداڵ لە دەستی پێشمەرگەش بوونایە هیچ ئازار نەدەدران و ڕێزلێگراو دەبوون، چونکە کورد میللەتێکە تۆڵە لەوانە ناکاتەوە تاوانیان نییە لەبەرامبەریدا.

**مردنی بەکۆمەڵ ئەوە بوو کە (سەدام) بە سەر خەڵکی کوردستانی هێنا، بیابانەکانی نوگرە سەلمان و چەندین شوێنی عێراقی کردە گۆڕستانی بەکۆمەڵی خەڵکی بێتاوانی کوردستان، کە خانەوادەکەی منیش یەکێکن لەو قوربانییانەی دەستی باپیری (حەریر)**

# بە لێبوردەیی ژیان جوانتر دەبێت

**یەکێک لە ناوەکانی خوای گەورە (العفو)ـە. خوا زۆر حەزی لە بەخشینە، موسڵمان یەکتر عەفوو بکەن، لە ئاستی خۆیان لە یەک ببوورن، هەر بەو عەفووە خوا لە تاوانباران خۆش دەبێت**

**ئەگەر لێبوردەیی نەبێت، ژن و مێرد ناتوانن لەگەڵ یەک بژین، چونکە ژیان پڕە لە هەڵە و کەموکورتی، بۆیە بە لێبوردەیی ژیان بەردەوام دەبێت**

ژیان پەیوەستە بە لێبوردەیی، ئەگەر لێبوردەیی نەبوو ژیان تێك دەچێت. ئەو خۆشییەی لە ژیاندا هەیە، بە لێبوردەیی ماوەتەوە. سەیری ژیان بکە، چونکە لەگەڵ خەڵك دەژین، بەرکەوتە هەیە. جاری وا هەیە بەرامبەر یەکتر هەڵە دەکەین.

بە سەیارە دەعم دەکەین لە بازاڕ، لە یەك عاجز دەبین، لە کاردا وەستا و شاگرد بەرامبەر یەکتر هەڵە دەکەن، قوتابی و مامۆستا یەکتر ئازار دەدەن بە هەڵەکانیان، هەروەها فەرمانبەر و بەڕێوەبەر و...هتد.

لەو بەرکەوتانە ئەگەر لە یەك نەبوورین، ژیان تێك دەچێت. بۆیە پێویستیمان بە عەفوو هەیە. لە یادتان بێ، یەکێك لە ناوەکانی خوای گەورە (العفو)ـە. خوا زۆر حەزی لە بەخشینە، موسڵمان یەکتر عەفوو بکەن، لە ئاستی خۆیان لە یەك ببوورن، هەر بەو عەفووە خوا لە تاوانباران خۆش دەبێت.

لێبوردەیی دەرچەیەکی چاکە بۆ ژیان، تکایە بە دڵڕەقی دەرگای لێبوردەیی لەسەر خۆتان دامەخەن. لە شەرعدا نابێ موسڵمان خۆی کەللەڕەق بکات و لێبوردە نەبێ و خۆی خەفەتبار بکات، بە لێبوردەیی خەفەت دەڕوات و ژیان بەرەو ئاسوودەیی و ئارامی دەڕوات .

هەر بۆیە ئیمامی شافعی دەفەرموێت: «ئەگەر عەفوم دا لە هەر شتێك، ئەوە نەفسی خۆم ئارام دەکەم و ژیانی خۆم خۆش دەکەم و، کێشە و ئازار و خەفەتم لەسەر خۆم هەڵدەگرم، بەڵام ئەگەر عەفوم نەدا، ئەوە خەم و خەفەت و ئازاری نەیار و دوژمنی خۆم لەگەڵ خەفەتی خۆم بۆ خۆم زیاد دەکەم و ژیانی خۆم تێك دەدەم».

هەروەك ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم دەفەرموێت: «ئەگەر لێبوردەییت دا، شەو بە ئارامی خەوت لێ دەکەوێت، بەڵام ئەگەر عەفوت نەدا، بەرنامەی خراپ و وەسوەسە و خەیاڵی خراپ لەسەرت کەڵەکە دەبێت و خەوت لێ تێك دەچێت». کامەیان باشترە بە عەفو بە ئارامی بنووی، یا بە خەفەت خەوت تێك بدەی و بیر لە خراپە بکەیەوە لە کرداردا؟ بەوە هەر وەك تاوانبار ژیانت تێك دەچێت. بێ گومان لێبوردەیی باشترە و مرۆڤ بەرەو کەناری ئارامی دەبات هەر لەبەر ئەوەیە پێغەمبەر (د- خ) لەسەر باشترین وشە نیشانی خۆشەویست و هاوسەری دەدات لە شەوانی قەدر و ئەفەرموێ: «ئەی عائیشە لە شەوی قەدر هەموو دەرگای ڕەحمەت کرانەوە، هەموو مەلائیکەت دابەزیون، خوا بە خۆی گوێی لە وشەکانت دەبێ، ئەو پاڕانەوەیە زۆر دووبارە بکەوە لەو شەوەدا بڵێ:(اللَّهُمَّ إِنَّكَ عَفُوٌّ كَرِيمٌ تُحِبُّ الْعَفْوَ فَاعْفُ عَنِّي)، ئەو دوعایە زۆر دووبارە بکەوە، چونکە خوا لە کاتی عەتایە و لە کاتی لێبوردەییە و حەز دەکات بەندە داوای لێخۆشبوونی لێ بکات».

خۆشەویست فەرموویەتی: «ئەمن لە شەو ڕۆژێکدا سەد جار داوای لێخۆشبوون لە خوا دەکەم».

لێبوردەیی سیفەتی خوایە، ئەو بەخشەشەی بە مرۆڤیش داوە، ئەو کات لێبوردەیی گرنگە (عند المقدرة) کاتێك کەسێك هەڵەیەکی بەرامبەر کردی، توانات هەبوو تۆڵەی لێ بکەیەوە، یا لێی بدەیەوە، یا ڕێی لێ بگرییەوە، بەڵام تۆ ئەو کارە ناکەی، پێی دەڵێی فلان کەس من دەتوانم بە زیادەوە تۆڵەت لێ بکەمەوە، بەڵام ئەوە لە پێناو خوا تۆم عەفو کرد.

ئەوە مەردایەتییە و پێی گەورە دەبی. تۆڵەکردنەوە مەردایەتی نییە، لێبوردەیی مەردایەتییە. پیاوچاکێك تووشی پیاو خراپێك دەبێت، خراپەکار بە پیاوچاك دەڵێ: ئەگەر جنێوێکم پێ بدەی، من دە جنێوت پێ دەدەم.

کابرای پیاوچاك و عاقڵ دەڵێ کاکی خۆم، من دڵی شەیتان خۆش ناکەم هەزار جنێویشم پێ بدەی، وەڵامت نادەمەوە، خەراپەکار یەکسەر داوای لێبوردنی لە پیاو چاك کرد.

پێغەمبەر (د-خ) دەفەرموێ: «وَمَا زَادَ اللهُ عَبْدًا بِعَفْوٍ،



**مەلا فكری سیتكانی**

**پێش نوێژ و وتارخوێن/ مزگەوتی سەید نەسرەدین/
بەڕێوەبەری كارگێڕی مەكتەبی تەنفیزی یەكێتی
زانایانی ئایینی ئیسلامی كوردستان**

إِلَّا عِزًّا». واتا هەر مرۆڤێك لێبوردە بێ، خوا بەرزی دەكاتەوە و لە ناو كۆمەڵگەدا ڕێزداری دەكات.

ئەگەر لێبوردەیی نەبێت، ژن و مێرد ناتوانن لەگەڵ یەك بژین، چونكە ژیان پڕە لە هەڵە و كەموكورتی، بۆیە بە لێبوردەیی ژیان بەردەوام دەبێت.

لە ڕاستیدا هەموومان لێبوردەین. سەیركەن كاتێك منداڵ هەڵەیەكت بەرامبەر دەكات، لێی دەبووری و ئامۆژگاری دەكەی كە دووبارەی نەكاتەوە، لەبەر ئەوەیە ژیان پڕە لە لێبوردەیی .

ئیمامی ئەحمەدی كوڕی حەمبەل دەستگیر كرا، جەللادێك زۆر ئەشكەنجەی دا، دواتر ئازاد كرا، ماوەیەك بەسەر چوو، ئیمام نەخۆش كەوت، لە سەرە مەرگدابوو، جەلاد هات لە دەرگای دا، عەبدوڵای كوڕی ئیمام دەرگای كردەوە، گوتی: بە ئیمام بڵێ ئەو جەللادەی لە سجن ئازاری تۆی دا، هاتووە داوای گەردن ئازایی دەكات، یا تۆڵەم لێ بكاتەوە، یا لێم داتەوە، یا عەفوم بكات. عەبدوڵلا پێی ڕاگەیاند و ئیمامیش گوتی: كوڕم بڕۆ خەبەری بدەرێ، بڵێ ئیمام عەفوی كردی لە دونیا و لە قیامەت، عەبدوڵای كوڕی گوتی: بابە لە دونیا تەواوە، بەڵام لە قیامەت عەفوی مەكە، با خوا حەقی تۆی لێ بكاتەوە. گوتی: كوڕم خوا دەفەرموێ: «فَمَنْ عَفَا وَأَصْلَحَ فَأَجْرُهُ عَلَى اللَّهِ» ئەگەر عەفو بدەی، خوا پاداشتت بێ هەژمار دەداتەوە. بۆیە گرنگە چاو لەو گەورانە بكەین، لە یەكتر خۆش بین، بۆ ئەوەی بە ئارامی بژین و پاداشت لە خوا وەرگرین.

بە زوبانی حاڵ ڕۆژی قیامەت خوا پرسیارت لێ دەكات: ئەرێ فلان كەس هەڵەی بەرامبەرت كرد، هۆڕنی بە قوتی لێ دا، تۆپە بەفری لە جامی سەیارەت دا، ئەو كەسەی فول لایەتی بۆت لێ دا، جنێوی بە تۆ دا، دەتتوانی لێی ببووری، بۆ عەفوت نەدا، بۆ مەردایەتی و پیاوەتی خۆت نیشان تاوانباران نەدا، لە جیاتی تۆڵەكردنەوەت؟ ئەو كات مرۆڤ دەزانێ چ هەڵەیەكی كردووە.

هەبووە لە تۆڵەكردنەوە بووەتە بكوژ و زۆربەی ژیانی لە زیندان بردووەتە سەر و لە كۆتایی دەبێ بڕێكی زۆریش پارە بدات و سوڵح بكات. خۆ ئەگەر ئەو عەفوەی بدایە لە سەرەتا، تووشی ئەو هەموو سەرئێشەیە نەدەبوو .

ئاخیر شت سەیری حەزرەتی یوسف و براكانی بكەن. براكانی یوسف سێ هەڵەی گەورەیان بەرامبەر یوسف كرد :

١-خستیانە ناو بیر بۆ ئەوەی بمرێت.

٢-كاتێك كاروان دەریان هێنا، خۆیان كردەوە خاوەنی یوسف.

٣-بەو كاروانەیان فرۆشت و بە بابیان (حەزرەتی یعقوب) گوت گورگ یوسفی خوارد.

دوای ١٨ساڵ یوسف دەبێتە عەزیزی میسر، براكانی دەچن بۆ میسر یوسف دەیانناسێتەوە، بەڵام لێیان دەبووری. كە دەیتوانی بەخراپترین شێوە سزایان بدات بەڵام لە جیاتی تۆڵە عەفوی كردن، پێی فەرموون هەر وەك خوا لە قورئان بۆمان باس دەكات «قَالَ لَا تَثْرِيبَ عَلَيْكُمُ الْيَوْمَ ۖ يَغْفِرُ اللَّهُ لَكُمْ ۖ وَهُوَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ». فەرمویی: «ڕابردوو لە بیر خۆتان ببەنەوە، خوا عەفوی كردن، منیش ئێوەم عەفو كرد».

چەند جوانە بەو شێوەیە یەكتر عەفو بكەین.

ئەوڕۆ زیاتر لە هەر ڕۆژێك پێویستیمان بە لێبوردەیی هەیە لە بەینی لایەنە سیاسییەكان، لە بەینی سەرۆكەكان و لە نێوان كەسایەتییەكان بۆ دەرچوونمان لەو دۆخە چەقبەستووەی ئێستا كە زۆربەی دەستكەوتی كورد لە ململانێ و لە ڕق و تۆڵە لەبار چوون.

بۆیە داوا لە هەموو ئەو سەرۆكانە و لایەنە سیاسییەكان دەكەم، كەونە كای بەبا نەكەن. لە یەكتر ببوورن و ببنە برا یەكگرتوو و یەكدەست و یەكڕەنگ بن بۆ پاراستن و دەسكەوتی زیاتری میللەتەكەمان كوردستان.

**دوای ١٨ساڵ یوسف دەبێتە عەزیزی میسر، براكانی دەچن بۆ میسر یوسف دەیانناسێتەوە، بەڵام لێیان دەبووری، كە دەیتوانی بەخراپترین شێوە سزایان بدات**

**ئەوڕۆ زیاتر لە هەر ڕۆژێك پێویستیمان بە لێبوردەیی هەیە لە بەینی لایەنە سیاسییەكان، لە بەینی سەرۆكەكان و لە نێوان كەسایەتییەكان بۆ دەرچوونمان لەو دۆخە چەقبەستووەی ئێستا**



## ئەرخەوان بابان:

# دروومان باشترین شتە بۆ کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێ

توانای ئافرەت لە ئەنجامدانی کۆمەڵێك ئەرك بە یەکەوە و لە یەك کاتدا لە ڕووی زانستییەوە ڕاستییەکی سەلمێندراوە، بەپێی توێژینەوەیەکی ڕۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانی دەرکەوتووە مێشکی پیاوان بۆ ئەوەی هزر و هۆشی لە کارێکەوە بچێتە سەر کارێکی دیکە، بەراورد بە ئافرەتان پێویستی بە ماوەیەکی درێژتر و توانایەکی زیاتر هەیە، واتە دەتوانین بڵێین هێزی هزر و مێشکی ئافرەتان لەو بوارەدا خێراترە، ئەو توێژینەوەیە لەسەر ١٤٠ پیاو و ئافرەت تاقی کراوەتەوە، هەروەها توێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە کە مرۆڤ لە یەك کاتدا دەتوانێ سێ ناوچە لە مێشکیدا بەکار بخات، بەڵام پیاوان پێویستیان بە کات و هێزی زیاتری مێشك دەبێت، هاوکات سەلمێندراوە ئافرەتان بە هۆی ئەزموونی کارکردنیان لە ماڵ و لە دەرەوە و ڕاپیکردنی کاروباری خێزانی هەمیشە پشتئەستوورن بە تواناکانی خۆیان و بڕوای تەواویان بە هێزی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان بە یەکەوە هەیە، هەر ئەوەش وای کردووە لە ئەنجامدانی کۆمەڵێك ئەرك بە یەکەوە سەرکەوتوو بن.

ئەرخەوان بابان خانمێکی دانیشتووی تاراوگەیە و دایکی سێ منداڵە، وێڕای ئەرکی دایکایەتی لە چەندین بواردا ئەسپی خۆی تاو داوە و لە نێوان دایکایەتی و ئەرکی مامۆستایەتی و بەهرەی دەسترەنگینی توانیویەتی هاوسەنگی لە ئەرکەکانی ڕابگرێت. لەم دیمانەیەش لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باسی ژیانی تایبەتی خۆی دەکات.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

ئەرخەوان بابان وەك خۆی باسی کرد، لە شاری هەولێر لەدایك بووە و هاوسەرگیری کردووە و دایکی سێ منداڵە و ساڵی ٢٠٠٧/ ٢٠٠٦ لە زانکۆی سەلاحەدین کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری، لە بەشی ئابووری خوێندنی تەواو کردووە. ئێستا دانیشتووی وڵاتی سوید و هەر لەو وڵاتەش خوێندوویەتی. هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «دیپلۆمم هەیە لە بواری تەندروستی و جوانکاری، واتا هەم مەیك ئەپ ئارتیست و هەم نەیڵ ئارتیست و شارەزاییەکی باشیشم هەیە لە بواری دیاریکردنی جۆری پێست و گرنگیدان بە پێستی دەم و چاو و پاککردنەوەی پێستی دەم و چاو هەروەها مەساج و مەناکیر و پێداکیر. ساڵی ٢٠١٨ دووبارە زانکۆم تەواو کرد لە وڵاتی سوید، ئێستا دەرچوی زانکۆی لینشۆپینگم (Liu) وەکو مامۆستا لە سوید کار دەکەم».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە چ خوێندنەوەیەکت بۆ کارکردنی ئافرەت و بەشداریکردنی لە دابینکردنی بژێوی خێزان هەیە؟ ئەرخەوان بابان

گوتی: «من بە تەواوەتی باوەڕم بە یەکسانیی ئافرەت و پیاو هەیە. دڵنیام لەوەی کە ژن دەتوانێ شان بە شانی پیاو کار بکات و ئابووریی سەربەخۆی خۆی هەبێت. زۆر گرنگە ژنان بتوانن لەسەر قاچەکانی خۆیان بوەستن و ئامانجی خۆیان دیاری بکەن، تاوەکو بەرەو ئەو ئامانجە هەنگاو بنێن و بیپێکن. هەر مرۆڤێك لە هەر ئامانجێکدا خۆی دۆزییەوە، کە کاری بۆی کرد، سەرکەوتوو دەبێت، ئەو کات دەتوانێت وەکو پیشەی سەرەکی بژێویی ژیانی پێ دابین بکات. چونکە کاتێك مرۆڤ ئابووریی سەربەخۆی خۆی دەبێت، لە رووی دەروونییەوە زیاتر باوەڕی بە خۆی دەبێت و متمانەکی زۆر بە خۆی دەکات، وا بیر دەکاتەوە و دەڵێت، بەڵێ منیش دەتوانم جێ پەنجەم دیار بێت لە دابینکردنی بژێوی ژیانی خێزانەکەم و ببمە هۆکارێك بۆ کەمکردنەوەی ئەرکی سەرشانی ئەندامانی دیکەی خێزانەکەم، لە هەمان کاتدا دەتوانم پاڵپشتیی خێزانەکەم بکەم».

ئەرخەوان بابان سەبارەت بەوەی کە وەکو خانمێکی دەستڕەنگین و بە سەلیقە، لە نێوان کاری ناوماڵ و دایکایەتی و پەروەردەکردنی منداڵ، چ هێزێك پاڵی پێوە ناوە کە هونەری دەستڕەنگینی و دروومانیش تاقی بکاتەوە؟ دەڵێت: «من جگە لە کاری ناوماڵ و دایکایەتی، مامۆستاشم، بەڵام حەز و ئارەزووم بۆ کاری دەستی و هونەر وای لێ کردووم، کەوا دەست بدەمە کاری دروومان، بەڵام ئەوە کار سەرەکیم نییە، واتا مەبەستم ئەوەیە بژێوی ژیان لە رێگای ئەوەوە بە دەست ناهێنم. دەتوانم بڵێم کارم بۆ هەر کەسێك کردبێت، پارەم وەرنەگرتووە لە بەرامبەر کارەکەم. چونکە تا ئێستا تەنیا وەکو هیوایەت لەو بوارەدا کار دەکەم. من هەموو کارێکی دەستی وەکو هونەر دەبینم، ئەو کاتانەی کە زۆر بێتاقەت و سترێس دەبم، خەریکی کارێکی دەستی دەبم، جا چ کاری چنین بێت، یان دروومان و دروستکردنی ئیکسسوارات. لە هەمان کاتدا هەوڵ دەدەم خۆم فێری ژەنینی گیتاریش بکەم. کاری دروومان بەتایبەت زۆر چێژبەخشە بۆ من. کاتێك بیرۆکەیەك لە مێشکم چەکەرەی دەکات، دەیکەمە وێنە و دەیخەمە سەر کاغەز، دوای ئەوە شێوازی برینەکەی دەکەمە سەر کاغەز، ئەنجا دەیبڕم، دوایی دەیخەمە سەر قوماش، ئەو کات زۆر بە تاسەوە دەست دەکەم بە دروومانی و چاوەڕێی ئەنجامەکەی دەکەم. چونکە زۆر هەستێکی خۆش و جوانە کاتێك ئەنجامەکەی دەبینی کە رێك ئاوا دەرچووە کە لە خەیاڵتدا وێنەت کێشاوە. حەزدەکەم پێتان بڵێم کە دروومان باشترین شتە بۆ کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێ.

ئەرخەوان بابان ئەوەش ناشارێتەوە کە کارەکەی کاریگەری لەسەر دایکایەتی دروست کردووە. ئەوەتا دەڵێت: «هەموو کارێك کاریگەریی خۆی هەیە لەسەر دایکایەتی، جا زۆر یان کەم. من لەبەر ئەوەی پیشەی سەرەکیم نییە، هەوڵ دەدەم لەو کاتانە کاری دروومان بکەم، کە دەستم بەتاڵە. ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان دایکایەتی و کاری دەرەوە زۆر قورسە. چونکە دەبێت هەم دایك بیت، هەم پەروەردەکار بیت، هەم بەخێوکەر بیت. من توانیومە کاتەکانم بە شێوەیەکی رێکوپێك دابەش بکەم، بەڵام گرنگییەکی تەواو بە دایکایەتییەکەم دەدەم، دوایی کار و پیشەو حەز و خولیا و ئاواتەکانم».

ئەرخەوان بابان سوپاسی هاوسەرەکەی دەکات و دەڵێت: «بابی منداڵان هاوکارم بووە و زۆر سوپاسی دەکەم، بەڵام زۆربەی کات هەوڵم داوە لەسەر پێیەکانی خۆم بوەستم و، تا پێم بکرێ داوای یارمەتی لە کەس نەکەم، چونکە من بە سروشتی خۆم حەز ناکەم داوای هاوکاری لە کەس بکەم. دەمەوێ هەمیشە ئەو ژنە بەهێزە بم کە بووم و هەم.

لە وەڵامی ئەو دواپرسیارەشدا کە بۆ داهاتوو، بۆ ئەو بەهرەیەی کە هەتە چ پرۆژەیەکت هەیە؟ گوتی: «بێگومان پرۆژەم هەیە و دەمەوێت لە داهاتوودا وەکو دیزاینەر کار بکەم. بەڵام جیاوازی هەیە لەوەی کە لە کوردستان بژی، یان ئەورووپا. ئەگەر لە کوردستان بژیم، دەتوانم هەم مامۆستایەتییەکەم بکەم بە پرۆژەیەکی سەربەخۆ، هەم پەرە بە تواناکانم بدەم و وەکو دیزاینەر کاری دروومان بکەم. جگە لەوەش وەکو دەمەوێت مەیکپ و نەیل ئارتیست سەنتەرێکی جوانکاریم بۆ خانمان هەبێت».

**ساڵی ٢٠١٨ دووبارە زانکۆم تەواو کرد لە وڵاتی سوید، ئێستا دەرچوی زانکۆی لینشۆپینگم (Liu) وەکو مامۆستا لە سوید کار دەکەم**

**دڵنیام لەوەی کە ژن دەتوانێ شان بە شانی پیاو کار بکات و ئابووریی سەربەخۆی خۆی هەبێت**

**هەر مرۆڤێک لە هەر ئامانجێکدا خۆی دۆزییەوە، کە کاری بۆی کرد، سەرکەوتوو دەبێت**

**جگە لە کاری ناوماڵ و دایکایەتی، مامۆستاشم، بەڵام حەز و ئارەزووم بۆ کاری دەستی و هونەر وای لێ کردووم، کەوا دەست بدەمە کاری دروومان**

# منداڵبوون بە ڕێگەی نەشتەرگەری لە هەڵکشاندایە

ئەگەرچی پزیشکان بۆچوونی جیاوازیان لەسەر شێوازی منداڵبوون هەیە، لەسەر هەندێك لە خاڵە باش و خراپەکانی هەردوو شێوازەکەش کۆکن، بەڵام بەگشتی زانستی پزیشکی جەخت لەوە دەکاتەوە کە منداڵبوون بە ڕێگەی نەشتەرگەری زیانەکانی لە سوودەکانی زۆرترە، چونکە دەبێتە هۆکاری ئەوەی چیتر ژنان نەتوانن بە ڕێگەی سرووشتی منداڵیان ببێت، لە کاتێکدا ئافرەتان بەگشتی دەتوانن بە شێوازی سرووشتی منداڵیان ببێت، بێجگە لە هەندێك حاڵەتی تایبەت نەبێت، کە تێیدا پزیشکان بڕیار دەدەن بۆ سەلامەتیی کۆرپەلە و دایك بە شێوازی نەشتەرگەری منداڵەکە لەدایك ببێت. مایەی هەڵوەستەلەسەرکردنە لەم دواییانەدا ڕێژەی منداڵبوون بە ڕێگەی نەشتەرگەری بە شێوەیەکی ناتەندروست هەڵکشاوە، پسپۆڕانی بواری تەندروستییش حاڵەتەکە بە دیاردەیەکی جیهانی لە قەڵەم دەدەن. بەڵام ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی دەڵێت: پێویستە ڕێژەکە لە نێوان ١٠٪ بۆ ١٥٪ بێت. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان خوێندنەوەی زیاتریان بۆ بابەتەکە هەیە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



بەپێی ڕێنوێنییەکانی وەزارەتی تەندروستی، لە بەشی منداڵبوونی نەخۆشخانە حکوومییەکان، لیژنەی تایبەت دانراوە کە کاروبارەکانیان زۆر بە چڕی و وردی دەکەن، ئەگەر ئافرەتێك پێویستی بە نەشتەرگەری نەبێت و حاڵەتەکەی زۆر گرنگ نەبێت، ئەوا ڕێگا نادرێت بە ئارەزووی خۆی بە ڕێگەی نەشتەرگەری منداڵی ببێت.

شیوەن شێرزاد چالاکی بواری کۆمەڵگەی مەدەنییە و وەك خۆی باسی کرد، سێ جار نەشتەرگەریی منداڵبوونی بۆ ئەنجام دراوە و هەر لەوبارەیەوە دەڵێت: «تاوەکو ئێستا ژنان ئەو پرسیارە ناکەن کە ئایا نەشتەرگەری ئەگەرێکی حەتمییە، یان نا، دکتۆرەکانیش بۆ ناوبانگ و زیاترکردنی ئەزموونەکانیان ژنان دەخەنە ژێر نەشتەرگەری، بەڵگەش ئەوەیە بەشی هەرە زۆری ژنان لە نەخۆشخانە تایبەتەکان نەشتەرگەرییان بۆ دەکرێ، نەك لە نەخۆشخانە حکوومییەکان. بەنجکردن و بەنجوەرگرتن هەر خۆی زەرەری زۆرە، هەم بۆ دایك و هەم بۆ منداڵیش، تێکچوونی باری دەروونیی ژن لە کاتی چوونی بۆ ژووری نەشتەرگەری کاریگەرییەکی زۆر خراپ لەسەر خۆی و کۆرپەلەکەی جێ دەهێڵێت، هەروەها نەجووڵانی پێویست دوای نەشتەرگەری و بەکارهێنانی دەرمانی تایبەت بۆ پاککردنەوەی برین و ئەستووربوونی سك و پشت ئێشە و هەستکردنی ژن بە کەموکورتی کەوا ناتوانێت وەك ژنانی دیکە بە سرووشتی منداڵ بێنێتە دونیا، لە زیانەکانی ئەو جۆرە نەشتەرگەرییانەن، وێرای ئەوەی کە هاوسەر و ئەندامانی خێزان زۆر نیگەران و ماندوو دەبن، سەرباری ئەوەی خەرجییەکی یەکجار زۆریش دەکەوێتە سەر میزانییەی ماڵ، هەموو ئەوانە ژن بێتاقەت دەکەن. خۆم سێ جار نەشتەرگەریم بۆ کراوە و هەر سێ جارەکەش تووشی ئەو حاڵەتانە بووم. دکتۆرەکان پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن، کە نەشتەرگەری یەکەمین جارم هەڵەی دکتۆر بووە، بۆیە هیچ کات ناتوانم بە سرووشتی منداڵ بێنمە دنیا، هەروەها بە نەشتەرگەری ئافرەت شانسی ئەوەی کەم دەکاتەوە کە زیاتر لە سێ منداڵ بێنێتە دنیا. بۆیە پێویستە بەدواداچوونی جددی بکرێت کە ئەم هەموو نەشتەرگەرییە بۆ چییە؟ پێویستە دکتۆرەکان بخرێنە ژێر کۆنترۆڵ و نەشتەرگەری زیاتر لە نەخۆشخانە حکوومییەکان بکرێن، بۆ ئەوەی لە قاڵبی بازرگانی دەربچێت، ئەوکات دکتۆرەکانیش ژنان ناترسێنن بەوەی کە دەبێ و پێویستە نەشتەرگەرییان بۆ بکرێت».

**تێکچوونی باری دەروونیی ژن لە کاتی چوونی بۆ ژووری نەشتەرگەری کاریگەرییەکی زۆر خراپ لەسەر خۆی و کۆرپەلەکەی جێ دەهێڵێت**

**دکتۆرەکان پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن، کە نەشتەرگەری یەکەمین جارم هەڵەی دکتۆر بووە، بۆیە هیچ کات ناتوانم بە سرووشتی منداڵ بێنمە دنیا**

د. هالە جەودەت، پسپۆڕی نەخۆشییەکانی خانمان و منداڵبوون و چارەسەری دواکەوتنی دووگیانیی ئافرەتانە و لە ساڵانی ٢٠١٦ تا ٢٠٢٠ بەڕێوەبەری



نەخۆشخانەی ئافرەتان و لەدایکبوونی فێرکای بووە. ئاماژە بەوە دەکات کە منداڵبوون بە ڕێگەی نەشتەرگەری نەك تەنیا لە هەرێمی کوردستان بەڵکو لە سەرانسەری جیهاندا زیادی کردووە، بۆ ئەوەش هۆکار زۆرن، بۆ نموونە گۆڕانکاری لە ستایلی ژیانی ئافرەت و کەم وەرزشکردن و خواردنی خواردنە خێراکان، کەم جوولەیی و زۆر نووستن. هەروەها ئەو ئافرەتانەی کە لە تەمەنێکی زوودا لە تەمەنی ١٦ تا ٢٠ ساڵین، هۆکاری دیکە زۆرن. بەڵام بەگشتی منداڵبوونی سرووشتی زۆر باشتر و سەلامەتترە، لەبەر ئەوەی پرۆسەیەکی فسیۆلۆژییە و وادەکات منداڵ بە ڕێڕەوی منداڵداندا بێت و لەم کاتەدا لەم ڕێڕەوەدا هەندێك بەکتریای سوودبەخش بە منداڵەکە دەگات، وادەکات ڕێژەی هەستیاری و تووشبوونیان بە تەنگەنەفەسی و ڕەبوو کەم دەکاتەوە». گوتیشی: «بە منداڵبوونی سرووشتی ئافرەتەکە دوای چەند کاتژمێرێك لە منداڵبوون دەتوانێ بگەڕێتەوە ماڵەوە، ڕەنگە ئازاری هەبێت، یان تەقەڵی هەبێت، بەڵام وەکو ئەو ئافرەتە نییە کە بە نەشتەرگەری منداڵی بووە، هەروەها پاش چەند خولەکێك دەتوانێ منداڵەکە بخاتە باوەشی و یەکسەر شیری پێ بدات، ئەو شیرپێدانە هەم بۆ تەندروستی دایکەکە و هەم بۆ کۆرپەکە سوودی دەبێت، بەڵام منداڵبوون بە نەشتەرگەری مەترسیی زۆری هەیە و باشترە تەنیا لە کاتی پێویست بڕیاری لەسەر بدرێت، سڕکردن مەترسیدارە و کاریگەری لابەلای دەبێت، زۆرجار منداڵبوون بە نەشتەرگەری دایکەکە تووشی خوێنبەربوون دەکات، ئەوانەش کە نەشتەرگەریی زۆریان بۆ ئەنجام دراوە، کێشەی ئەوەیان دەبێت کە منداڵدان بە میزڵدان یان لەگەڵ ڕیخۆڵە یان وێلداشەکەوە دەنووسێت. زۆرجار میزڵدان بریندار دەبێت، یان ڕەحم بریندار دەبێت و ناچار دەبین منداڵدانەکەی دەربێنین. من لە ساڵی ٢٠١٤ کە یاریدەدەری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی ئافرەتان و لەدایکبوون بووم، هەوڵی ئەوەمان دا لەگەڵ بەڕێوەبەر و سەرۆکی بەشی ئافرەتان لێژنەیەك پێك بێنین کە لە دوو پزیشکی پسپۆڕ پێکدێت، ئەو نەخۆشانەی کە بۆ نەشتەرگەری ئامادە کراون، بەتایبەتی ئەوانەی منداڵی نۆبەریان لە سکدایە، یان جارێك نەشتەرگەریی منداڵبوونیان بۆ ئەنجام دراوە، ڕەوانەی ئەو لێژنەیە بکرێن، لەسەر بنەمای زانستی بڕیاری لەسەر بدرێت. زۆر جار ئافرەت سوورە لەسەر ئەوەی نەشتەرگەری بۆ بکرێت، بەڵام بە هۆی نەبوونی بنەمای زانستی بۆ ئەو کەسانەی کە پێویستیان بە نەشتەرگەری نییە، لە نەخۆشخانە بەپێی بڕیاری لێژنەکە نەشتەرگەری بۆ ئەنجام نادرێت. ئێمەی پزیشکان لایەنە باشەکانی منداڵی سرووشتییان بۆ شی دەکەینەوە. هەر لە ڕێگەی ئەو لێژنەیەوە توانیمان ڕێژەی نەشتەرگەری ٣٠٪ تاوەکو ٣١٪ ڕابگرین، ساڵانە ٢٠ تاوەکو ٢١ هەزار منداڵبوونی سرووشتی لەم نەخۆشخانەیە ئەنجام دەدرێت، بەڵام وەك دەزانین تەنیا لە شاری هەولێر نزیکەی ٣٠ نەخۆشخانەی تایبەت هەیە، بەڵام هیچ ئامار و داتایەکمان نییە کە بزانین ڕێژەی نەشتەرگەرییەکانی منداڵبوون لەم نەخۆشخانانە چەندە».

**پێویستە دکتۆرەکان بخرێنە ژێر کۆنترۆڵ و نەشتەرگەری زیاتر لە نەخۆشخانە حکوومییەکان بکرێن، بۆ ئەوەی لە قاڵبی بازرگانی دەربچێت**

**منداڵبوون بە ڕێگەی نەشتەرگەری نەک تەنیا لە هەرێمی کوردستان بەڵکو لە سەرانسەری جیهاندا زیادی کردووە**

د. هاڵە جەودەت لە کۆتایی قسەکانیدا بەمجۆرە ئامۆژگاری خانمانی دووگیان دەکات:» ئامۆژگاریم بۆ خانمانی دووگیان ئەوەیە کە ماوەی دووگیانییەکەی بەبێ ترس و دڵەڕاوکێ بباتەسەر و زۆر بیر لە پرۆسەی منداڵبوونەکەی نەکاتەوە، بەڵکو گرنگی بە تەندروستی خۆی بدات و دوور بکەوێتەوە لە خواردنی خێرا و چەور و ئەو خواردنانەش کە برنج و ئارد و شەکری بە ڕێژەیەکی زۆر تێدایە، زیاتر سەوزە و میوە بخوات سەوزەی وەك بڕوکلی و سپێناخ و ئەو میوانەی کە ڕێژەی ڤیتامین سی تێدایە وەکو کیوی و فراولە و پرتەقاڵ، هاوکات پێویستە ڕۆژانە بڕی زیاد ئاو بخواتەوە، چونکە ئاو بۆ گەشەی منداڵەکە بەسوودە، هاوکات پاڵەپەستۆی خوێنی دایکەکە بە باشی ڕادەگرێت و کاری گورچیلەکان بە باشی ڕێکدەخات، وێڕای ئەوەی ئاو خواردنەوەی زۆر ڕێژەی هەوکردن لە جەستە کەمدەکاتەوە.

سێ هۆکار هەن وادەکات بۆ منداڵبوون دووچاری نەشتەرگەری ببن، یەکێك تەندروستی دایکەکەیە و دووەمیش پەیوەندی بە تەندروستی کۆرپەکەیە، هۆکاری سێیەم پەیوەندیدارە بەو ڕێڕەوەی کە منداڵ پێش لە دایکبوون بەڕێگەی سروشتی پێیدا تێپەڕ دەبێت.

هۆکاری دایکەکە زیاتر پەیوەستە بە هەڵکشانی تەمەنی کە لە یەکەم دووگیانی تەمەنی ٣٨ تا ٤٠ ساڵە، ئەو ئافرەتانەش کە کێشیان زۆرە نزیکەی ١٣٠ تا ١٤٠ کیلۆن یان نەخۆشی شەکرەی هەیە یان بەرزی و نزمی فشاری خوێنیان هەیە و کۆنترۆڵ ناکرێت، یان منداڵەکە کێشی زۆربێت، هەروەها ئەو ئافرەتانەی کە کێشییان زۆر زۆر کەم بێت، یان ئەو منداڵانەی کە بە پێچەوانەوە هاتبن یان منداڵەکان دووانە و سیانەن، یان حەبلی وێلداش لە ملی منداڵەکە بئاڵێت، هەروەها ئەو منداڵانەش کە کێشیان زۆر کەمە یان ئاوی منداڵدان لە مانگەکانی دوایی کەم بێت، یان لە ڕێڕەوی منداڵبوون گرێ هەبێت، یان کەمکارکردنی وێلداش هەبێت».

د. ئازاد مەنتك پسپۆڕی نەخۆشییەکانی هەناو، بەمجۆرە باس لە زیانە زۆرەکانی نەشتەرگەری دەکات: «نەشتەرگەری قەیسەری یەکێکە لە کۆنترین جۆری

نەشتەرگەرییەکان، کە؛ لەپێشدا تەنیا بۆ بوونی ئەو منداڵانە دەکرا، کە دایکیان لە سەر زگ دەچوون و گیانی لەدەست دەدا، بەڵام کۆرپەکەی زگی هێشتا ساغ بوو. دواتر لە سەدەی بیست کاتێك مەترسیی نەشتەرگەری لەسەر دایك و کۆرپەکەی کەم بووەوە، وردە وردە ژمارەی ئەو عەمەلیاتانە زیادی کرد. بێگومان ئەم عەمەلیاتە لە هەموو جیهان دەکرێت؛ لە وڵاتێکی وەکو ئەمریکا لە ساڵی (٢٠٠٢) زۆرترین ڕێژەی (٢٦.١) بووە و لە هەنووکەدا زیاتر لە (٣١٪) منداڵ بە عەمەلیات و نەشتەرگەری دەبێت. لە عێراق و کوردستانیش هەروەك هەموو جیهان ڕێژەی ئەنجامدانی ئەم عەمەلیاتە ڕوو لە زیاد بوونە. بۆ زانینیش سیاسەتمەداری عێراقی (عەدنان پاچەچی) لە چاوپێکەوتنێکی ئەوەی ئاشکرا کرد، کە ئەو یەکەم منداڵی عێراقە کە بەو جۆرە لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو لە نەخۆشخانە مەجیدییە لە بەغدا لەدایك بووە». سەبارەت بە هۆکارەکانی زیادبوونی ڕێژەی ئەو نەشتەرگەرییانەش گوتی: «هۆکارەکان زۆرن، کە بۆی هەیە هی ئێرە و جیهان خڕ وێك بچن، لەوانە:

١- زۆرکردنی نەشەرگەریی منداڵبوون، بە جۆرێك منداڵەکانی دیکەش هەر بە نەشتەرگەری دەبێت.

٢- دایك: دایکەکە نایەوێت ژان و ئازاری منداڵبوون بچێژێت.

٣- لە ساڵی (٢٠٠٣ز) لە ئەمریکا قسەیەك دەکرا، کە؛ زگکردن و منداڵبوون بە سرووشتی بەژن و باڵای ژنە تێك دەدات (pelvic floor damage)! دایکەکەش هەموو دەم دەیەویست شێوەی کیژینی بدات.

٤- ئۆین: زوو لە ئەمریکا و بەو دواییەش لای خۆمان، دایك و باوك دەیانویست کۆرپەکەیان بەرواری لە دایکبوونی (موالید)ی جوان بێت.

٥- کارکردن: دایك و باوك هەردووك کاریان هەیە، بۆیە؛ لە دایکبوونی منداڵەکەیان بە گوێرەی کارەکەیان دادەنێن، یان منداڵبوونەکە لە کار و کاسبیان نەکات.

٦- دایك و باوك هەبووە، دەیانویست نێوان منداڵەکەیان ڕێك بێت، یان ئەو کاتە منداڵیان بێت، کە ئازیز و نزیکێکیان لە دوورەوە دێت، هەتا لە وەختی ویلادەکە ئەویش لەوێ بێت.

٧- چاولێکەری.

٨- هۆکارگەلی دیکە زۆرن، وەك؛ زۆر بوونی نیوە بەنج و...هتد.

* ئەنگێزەکان (Indications) بۆ بەکارهێنانەکانی نەشتەرگەری منداڵبوون: منداڵ هەتا دەکرێت بە سرووشتی ببێت، بەڵام لە هەندێك حالەت ئاساییە پەنا بۆ نەشتەرگەری ببردرێت، وەك:

١- دەبێت بکرێت:

کاتێك ژنەکە وێڵداشی هاتبێت، یان وێڵداش(ئاوەڵ)ی خزاو بێت (placenta previa).

٢- حەوزی تەسك بێت.

٣- ویڵداشی تەقی بێت، یان وێڵداشی جیا ببێتەوە (placental abruption).

٤- ژنەکە بالووکەی زاوزێی هەبێت (active genital herpes).

٥- ناوکە پەتك هاتبێت.

٦- ئاستەنگ لە قۆناغەکانی منداڵبوون دروست بێت.

٧- پێشتر نەشتەرگەری زگی کردبێت (چ بۆ منداڵبوون، یان بۆ گرێی منداڵدان).

٨- شێرپەنجە (سادە، یان سنداندارى)؛ کەڕێگای گرتبێت.

٩- گیرانی ملی منداڵدان (cervical circlage).

هەندێك حاڵەت هەیە لەوانەیە پەنا بۆ ئەم نەشتەگەرییە لە کاتی پێویست ببردرێت (contoversial) وەك:

١- منداڵ دانیشتبێت.

٢- پێشتر ژنەکە بە نەشتەرگەری زگی کرد ێت.

٣- خوێنیان تێك نەکاتەوە (severe RH alloim-munization).

٤- نەخۆشییەکی زگماکی زەق.

* زیانەکانی: وە نەبێت نەشتەرگەری منداڵبوون بێ زیان بێت، بەڵکو زیانی زۆرە، وەك:

١- مردن: ئەو دایکانەی بە سرووشتی منداڵییان دەبێت، ڕێژەی مەترسی مردنییان (١٠٠٠٠٠/٢,١)ـە، بەڵام ئەوانەی بە نەشتەرگەری منداڵیان دەبێت (٥,٩/ ١٠٠٠٠٠)ـە. بەو مانایە ئەگەرەکەی لەوانەی بە نەشتەرگەری زگ دەکەن دوو قات و نیو زیاترە. هەرچی ئەوانەن نەشتەرگەری منداڵبوونی لەناکاو (Emergency C/S) دەکەن، ڕێژەکە بەرز دەبێتەوە بۆ (١٠٠٠٠٠/١٨,٢).

٢- دایك: دوای نەشتەرگەری دایکەکە مەترسی لەسەر تەندروستی و ژیانی دروست دەبێت، بە هۆی؛ هەوکردن، بەنج، خوێن مەیین، خوێنبەربوون و گرفتەکانی خوێن.

٣- لە زگەکانیتر دیسان دایکەکە مەترسی بۆ دروست دەبێت. ئەو ژنانە لە زگەکانیتر ئەگەری خوێنبەربوونیان لەو زگانە بۆ زیاد دەبێت، هەروەها ئەگەری هاتنی ویڵداش بە ڕێژەی (١٠٠٠/٥,٢) زیاد دەبێت، و ڕێژەی تەقینی ویڵداش بە (١٠٠٠/١١,٥) زیاد دەبێت.

٤- کۆرپەکە: ئەو ژنانەی بە نەشتەرگەری منداڵیان دەبێت لە زگەکانی دی ئەگەری مردنی کۆرپەکانیان زیاد دەبێت، یان پشێوی لە هەناسەدان (neonatal respiratory distress) زیاد دەبێت، یان کۆرپەکە پێویستی بە ئۆکسیجن (هەوا) زۆر دەبێت».

**منداڵ بە ڕێڕەوی منداڵداندا بێت و لەم کاتەدا لەم ڕێڕەوەدا هەندێک بەکتریای سوودبەخش بە منداڵەکە دەگات، وادەکات ڕێژەی هەستیاری و تووشبوونیان بە تەنگەنەفەسی و ڕەبوو کەم دەکاتەوە**

**لە هەنووکەدا زیاتر لە (٣١٪) منداڵ بە عەمەلیات و نەشتەرگەری دەبێت. لە عێراق و کوردستانیش هەروەک هەموو جیهان ڕێژەی ئەنجامدانی ئەم عەمەلیاتە ڕوو لە زیاد بوونە**

# هونەر بەشێکی دانەبڕاوە لە پێشکەوتنەکانی هەولێر



فەرهەنگ غەفوور

هەولێری پایتەخت رۆژ بە رۆژ لە ئاستە جیاجیاکاندا گەشەکردن و پێشکەوتنی زیاتر بەخۆیەوە دەبینێت، سەرەڕای هەموو ئالنگارییەکان، سەرەڕای هەموو گرفت و هێرش و دژایەتییەك، کە لەلایەن ناحەز و دوژمنانی دەیکرێتە سەر، سەرەڕای هەموو ئەو دەست و دەمانەش کە دەیانەوێت وێنایەکی تەڵخ و ناشیرین لە هەولێر پیشان بدەن، بەڵام هەولێر هەروا گەشاوەتر و وەك منارە بەرزتر و وەك قەڵا قایمتر دەبێت.

هەولێر لە پرۆژە خزمەتگوزارییەکاندا لە عێراق و کوردستان نموونەی نییە و بەهەر لایەکدا دەڕوانیت، پرۆژەی دروستکردنی شەقامی بەرین و درێژ، دروستکردنی پرد و بۆندی ئاوی و کارگە و باڵەخانە و زانکۆ و دامودەزگای نوێ و جۆراوجۆر و باخ و پارکی نوێ دەبینیت، پرۆژەی گەورەی ئاو و کارەبا و کشتوکاڵ دەبینیت، رۆژ بە رۆژ ئارامتر و سەقامگیرتر و پارێزراوترە و خەڵکێکی زۆر لە هەمولایەك بۆ ژیان رووی تێ دەکەن.

لەونێوەشدا، ئەو شارە زۆر پێویستی بەوەیە لە رووی کەلتوور و فەرهەنگ و رۆشنبیری و هونەرییەوە زیاتر پێش بکەوێت و ببێ بە سەرقافڵەی شاران، وەك دیتیشمان، کە لە ناو دەیان پایتەختی هەڵبژێردراوی جیهاندا، بە حەوتەم پایتەختی ئارام دەستنیشان کرا، کە ئەوەش بۆ دانایی و حیکمەت و کاری بەردەوامی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و کارکردن بۆ چاکسازی و گەشەسەندنی ئابووریی سەربەخۆ دەگەڕێتەوە.

ئێمە وەکوو بەڕێوەبەرایەتیی گشتی رۆشنبیری و هونەری هەولێر، کە لەلایەك بە چالاکییە هونەرییەکان سیما و رەنگ و دەنگی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانین، لە لایەکی دیکەوە دەنگ و رەنگی دەستەبژێری هونەرمەندان و رۆشنبیرانی شارەکەین، شەو و رۆژ لە کار و چالاکیی بەردەوامدا بووین، بۆ ئەوەی زۆرترین بەرهەم پێشکەش بکەین و باشترین کەلتوور و فەرهەنگ بە دەوروبەر بناسێنین.

لەم روانگەوە و ئەوەندەی توانامان هەبووبێت و ئەوەندەی توانا سنووردارەکەی دارایی هاوکارمان بووبێت، خەرمانەیەك لە چالاکیی جۆراوجۆرمان لە بواری موزیك و گۆرانی، فیستیڤاڵی شانۆ، فێستیڤاڵی کەلتووری، کەڤاڵ و پیشانگەی شێوەکاری، یادکردنەوەی ئەدیب و هونەرمەندانی رەسەن، بۆنە و مەراسیمی جیاجیا بۆ هونەرەکانی شانۆ، دراما، موزیك، گۆرانی، بۆ هونەرمەندان چ بە تاك و چ وەك گرووپ، بەڕێوە بردووە.

لە پرسینەوە لە حاڵ و دۆخی هونەرمەندان و بەسەرکردنەوەیان، لە کاتی نەخۆشی و کۆچی دواییان، لەگەڵ کەسوکار و خانەوادە و هاوڕێیانیاندا بووین و مەراسیمی شایستەمان بۆ کردوون، بەگوێرەی توانا لەگەڵیان بووین و بە تەنیا بەجێمان نەهێشتوون، لە بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانی و ئاینییەکانیشدا لەگەڵ خەڵکی خۆمان بووین و یادەکانمان بە هونەر و چالاکییەکانمان بۆ رازاندوونەتەوە و بەرزمان راگرتوون.

کەم رۆژ هەیە لەم هەولێرە، لە یەکێك لە هۆڵەکان، لە یەکێك لە پارك و دامودەزگا هونەرییەکان چالاکییەك بەڕێوە نەچێت، کە تیایدا بەڕێوەبەرایەتیی گشتیمان، لە رێی بەشە جیاجیاکانییەوە، ئامادەکار، یان سەرەپەرشتکار، یان پێشکەشکار، یان هاوکار و هەماهەنگ بووە. چالاکییەکان ئەمساڵ، کە وا بۆ کۆتاییەکەی دەچین، ئەوەندە زۆرن کە لە بابەتێکی کورتی وەهادا ناتوانرێت ئاماژە بە هەموویان بدەین، بەڵام ئەوەی ئاماژەم پێی دا، چوارچێوەکەیەتی و لەو بازنەیەدا کارمان کردووە و بەرهەم و چالاکیمان پێشکەش کردووە.

دەبێ ئەوەش بڵێین، کە خەڵکی خۆشەویستی هەولێر، پارێزگار و وەزیران و پەرلەمانتاران و لایەنە سیاسییەکان و مامۆستایان و قوتابییان و هونەرمەندان و راگەیاندکاران و توێژەکانی کۆمەڵگە بەگشتی، بە پیر داوا و بانگەوازەکەمانەوە هاتوون و بەشدار و هاوکارمان بوون و بەشیك بوون لە تەواوکاریی کارەکانمان و هاندەر و پشتیوانیشمان بوون، کە بۆ ئێمە هەموویان جێی رێز و خۆشەویستین و کار و چالاکییەکانی ئێمەش بۆ ئەوانە و، بە ئامادەبوونیان هەست دەکەین رەنجمان بە خەسار ناچێت و کارەکان جێی خۆیان دەگرن.



## ئالین بۆ گوڵان:

# (کەچ و خورت) پەیامی پشتگیری و پاڵپشتییە بۆ پێشمەرگە قارەمانەکان



لە سەرەتای گفتوگۆکەماندا (ئالین) باسی لە کارە نوێیەکانی کرد و رایگەیاند: «رۆژی ئاڵا لە هەموو گەلی کوردستان پیرۆز دەکەم لە هەر شوێنێك بێت، بەم بۆنەوە بەرهەمێکی هونەری نوێم بڵاو کردەوە بە ناوی (کەچ و خورت). تێکستی ئەم گۆرانییە نوێیەم بە هاوبەشی لەگەڵ (ئەمو ئەردەم و رێناس میران) نووسیوەتەوە و لە ئاواز و دەرهێنانی رێناس میرانە، لە دوایین سەردانم بۆ کوردستان لە قەڵای هەولێر و چەند شوێنێکی دیکە بە ڤیدیۆ کلیپ تۆمارم کرد و، بەبۆنەی رۆژی ئاڵا پێشکەشی جەماوەری دەکەم، هیوادارم جێگای رەزامەندییان بێت، دەمەوێت ئەوەش بە جەماوەرەکەم بڵێم کە بەر لە چەند مانگێك سەردانی کوردستانم کرد بۆ ئەنجامدانی ژمارەیەك کاری هونەری، لەوانە چەند ڤیدیۆ کلیپێك کە لە داهاتوودا بڵاو دەکرێنەوە.»

سەبارەت بە ئامانجی لەم کلیپە، ئالین گوتی: «ئامانجی من لە بڵاوکردنەوەی ئەم کلیپە لەو رۆژە



**ئالیـن لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان لـە دایکبـووە، بـەڵام مـاوەی چەنـد سـاڵێکە ڕووی لـە وڵاتـی غەریبـی کـردووە و لەوێـوە بـەردەوام بـووە لـە گۆرانیگوتـن، تـا ئێسـتا چەندیـن بەرهەمـی بـڵاو کردووەتـەوە و ماوەیەکـە هیـچ بەرهەمێکـی نەبـووە، بـەڵام لـە دواییـن سـەردانی بـۆ کوردسـتان ژمارەیـەك گۆرانـی و سـروودی نوێـی تۆمـار کـرد، کـە یەکێکیـان بـە نـاوی (کـەچ و خـورت) بەبۆنـەی ڕۆژی ئـاڵاوە بڵاوکرایـەوە، ئێمـەش وەك گۆڤـاری گـوڵان لـەو بارەیـەوە هەندێـك پرسـمان لەگەڵـدا تاوتـوێ کـرد.**

پیـرۆزەدا بریتییـە لـە گەیاندنـی پەیامێـك بـە گەلـی کوردسـتان و بەتایبەتیـش پێشـمەرگە، کـە ئێمـە هەمیشـە پاڵپشـت و پشـتیوانی پێشـمەرگەین، ئەوانـەی بـە گیانـی خۆیـان وڵات دەپارێـزن لـە هێرشـی تیرۆریسـتانی داعـش و نەیارانـی گەلـی کورد، ئـەو نەیارانـەی کە هێرشـە دوژمنکارانەکانیان دژی گەلـی کوردسـتان چـڕ کردووەتـەوە، میللـەت و هونەرمەندان هەمیشـە پاڵپشـتی پێشـمەرگە بـوون لـە هـەر شـوێنێك و هـەر بارودۆخکدا بـن، ئێمـەی هونەرمەندیـش بـە هونەرەکەمـان لـە سـەنگەری بەرگریدایـن».

هـەر لـەم بـارەوە زیاتـر گوتـی: «هـەر لـە ڕێگـەی ئـەم بەرهەمـەوە پەیامێـك ئاراسـتەی دوژمـن و نەیـاران دەکـەم کـە ئێمـەی گەلـی کوردسـتان هیـچ کاتێـك دەسـت لـە خـەون و ئاواتەکانمـان هەڵناگریـن، تـا کۆتایـی هەبوونـی خۆمـان وەك میللـەت و کوردسـتانیش وەك وڵات، دەپارێزیـن، لـە هیـچ بارودۆخێکـدا ئێمـە ئامـادە نیـن دەسـت لـە خەبـات هەڵبگریـن».

مـاوەی چەنـد سـاڵێکە ئالیـن هیـچ بەرهەمـی نوێـی پێشـکەش نەکـردووە، لـە بـارەوە گوتـی: «بێدەنگـی و دوورەپەرێزیـم لـە چەنـد سـاڵی ڕابـردوودا بـۆ چەنـد هـۆکارێ دەگەڕێتـەوە، لەوانـە مـن سـەرقاڵی کار و ژیانـی تایبەتـی خـۆم بـووم، هەروەهـا لەبـەر خۆئامادەکردنـم بـۆ بەرهەمێکـی نوێـی هونـەری، ئێسـتا چەنـد کلیپـم ئامادەیـە کـە یەکێکیـان بـە زمانـی سریانی ئامادەیـە و لـە داهاتـوودا بڵاویـان دەکەمـەوە».

ئالیـن بـە سـروودی نیشـتمانی ناسـراوە» لـەم بـارەوە دەڵێـت: «خەمـی هـەر چـوار پارچـەی کوردسـتان خەمـی منـە، هـەر چـوار پارچەیـان بـۆ مـن وەك ڕۆژئـاوا وان و جیاوازییـان نییـە، خۆشـی و ناخۆشـی و دەرد و مەینەتییەکانـی هـەر پارچەیەکـی کوردسـتان خۆشـی و ناخـۆش و مەینەتـی منـن، بـەڵام لـە ئێسـتادا ڕۆژئـاوای کوردسـتان سـەرچاوەی خـەم و ناخۆشـییە بـۆ مـن، بۆیـە ئـەوەی لـە توانامـدا بێـت بـۆ ڕۆژئـاوا، ئەنجامـم داوە، چ لـە ڕێگـەی کلیپەکانمـەوە وەك کلیـپ (یەکێتـی برایەتـی) تێیـدا داوای یەکگرتـن و برایەتـی نێـوان پێشـمەرگە و شـەڕڤانان دەکـەم، هەروەهـا گۆرانییەکانـی (بلبلـێ دلشـاد) و (ئـەی فەلـەك ژ بـو تـە دنالـم)، چونکـە لـەو کاتـەدا ئـەوەی لـە باشـووری کوردسـتان ڕووی دا، هەمـان شـت بـوو کـە لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتانیش ڕووی دا، وەك هێرشـە دڕندەکانـی تیرۆریسـتانی داعـش لـە ڕۆژئـاوا و باشـوور، بەتایبەتـی لـە شـنگال».

# سومەیە ئەلخەشاب: بەهۆی نەبوونی ڕۆڵەوە ماوەی حەوت ساڵە لە سینەما دوور کەوتوومەتەوە



خانمە ئەکتەر سومەیە ئەلخەشاب حەوت ساڵی تەواوی دوور لە سینەما بەسەر بردووە، لە ساڵی ٢٠١٥ بەشداریی لە فیلمی "شەوی گەورە" کردووە، لەو کاتەوە بە تەواوی لە سینەما دوور کەوتووەتەوە و تەنیا دوو زنجیرەی پێشکەش کردووە.

لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ (عەرەب پۆست) سومەیە ئەلخەشاب باس لە هۆکاری دوورکەوتنەوەی لە سینەما دەکات بە درێژایی ئەو ماوەیەو دەڵێت: «بە درێژایی ژیانی هونەریم بە وردی بەرهەمەکانم هەڵدەبژێرم، ڕەنگە ژمارەی بەرهەمەکانم کەم بێت بەراورد بە ساڵانی کارکردن، بەڵام هەمیشە پابەندم بە بنەمای «کوالیتی گرنگترە لە چەندایەتی» گرنگ نییە کە کاربکەم و بەرهەمی زۆر پێشکەش بکەم، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەو بەرهەمانە پێشکەش بکەم، کە جێپەنجە لەسەر بینەر بەجێ دەهێڵێت».

سومەیا تیشکی خستە سەر هۆکارە ڕاستەقینەکانی دوورکەوتنەوەی و گوتی: «لەو ساڵانەدا کاری هونەری پێشکەشم نەدەکرا کە حەزم لێی بێت، ساڵێك یان دوو ساڵ بە بێ پێشکەشکردنی فیلمێك دەڕۆم، بەڵام کە دەگەڕێمەوە سەر شاشە بە بەرهەمێکی زۆر بەهێزەوە دەگەڕێمەوە کە قەناعەتم هەیە بیخەمە بەردەم ڕای گشتی و، کە نیشانەیەکە لە مێژووی خۆمدا نوێنەرایەتی دەکات، جگە لە ژیانی هونەریم، بە شێوەیەکی لۆژیکی پێم وانییە هیچ بەرهەمێك پێشکەش بکەم و کاتم بەفیڕۆ بدەم».



# لیۆناردۆ دیکاپریۆ دەستی پێ کردووەتەوە

لیۆناردۆ دیکاپریۆی ئەستێرەی نێودەوڵەتی و هاوڕێ کچەکەی و مۆدێل و ئەکتەری بەڕەچەڵەك ئەرجەنتینی (کامیلا مۆرۆنی) دوای پەیوەندییەکی پێنج ساڵە، جیابوونەوە، ئەمەش تەنیا چەند مانگێك دوای ئەوە بوو کە کامیلا لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ڕابردوودا گەیشتە تەمەنی ٢٥ ساڵی و ئەو دووانەی ناسیبوون لە ساڵی ٢٠١٨وە، یەکتری و بە فەرمی پەیوەندیی نێوانیان ئاشکرا نەکرد، تا ساڵی ٢٠٢٠ کە ئەو دووانە لە ئاهەنگی ئۆسکار لە تەنیشت یەکەوە دانیشتبوون.

بە گوێرەی سەرچاوەکان لە ساڵی ٢٠١٩ پەیوەندیی نێوان ئەو دوو هاوسەرە جدی دەرکەوتووە، لیۆناردۆش وەك خۆشەویستەکەی پێشکەشی خێزانەکەی کردبوو، دوای ئەوەش بە خۆشەویستەکەی لیۆناردۆ ناسرا، تا ساڵی ٢٠٢٠ دیکاپریۆ ڕایگەیاند کە زۆر چێژ لە بەسەربردنی ژیانی دەبینێت و هەفتەی ٢٤ کاتژمێر لەگەڵیدا بەسەر دەبات.

لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی لۆس ئەنجلۆس تایمز، کامیلا لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٩ باسی جیاوازیی تەمەنی نێوان خۆی و دیکاپریۆ کرد و گوتوویەتی: «لە هۆلیوود پەیوەندییەکانی وەك ئەمانە زۆرن، باوەڕم وایە مرۆڤ مافی ئەوەی هەیە پەیوەندیی خۆشەویستیی هەبێت، هەرکەسێك بیەوێت». ئاماژەی بەوەشکردووە، کە هەست بە بێزاری دەکات چونکە کاتێك کەسێك دەست دەکات بە پەیوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ کەسێکدا، هەمیشە لەگەڵ ناوەکەی پەیوەندی بەیەکەوە هەیە.

لیۆناردۆ دیکاپریۆ بە چیرۆکەکانی خۆشەویستی ناسراوە، بۆیە بۆ ماوەیەکی زۆر بە سینگڵ نەمایەوە، چونکە ئەکتەرەکە بە نهێنی لەگەڵ مۆدێلی نێودەوڵەتی (فەلەستینی-ئەمریکی) جیجی حەدید پەیوەندیی خۆشەویستیی هەبوو، ئەمەش لەلایەن چەندین سەرچاوەیەك پشتراست کراوەتەوە و چەند ساڵێکە یەکتریان ناسیوە، ئەوان زۆر سەرنجڕاکێشن بۆ یەکتر، ئەو کچە ڕێك لە جۆری خۆیەتی، هەرچەندە لیۆی تەمەن ٤٧ ساڵ و جیجی تەمەن ٢٧ ساڵە.



# کەیت وینسلێت: دوای تایتانیک قسەی ناشرینم پێ گوترا سەبارەت بە کێشم

خانمە ئەکتەری بەریتانی کەیت وینسلێت لە میانی چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ پەخشی میدیایی ئەمریکی (جۆش هورویت) ئاشکرای کرد، کە دوای بڵاوبوونەوەی فیلمی تایتانیك لە ساڵی ١٩٩٧ تووشی قسەی ناشرین بووە، لەکاتی بانگەشەکردنی نوێترین فیلمی خۆی بەناوی (ئاڤاتار: ڕێگای ئاو)، کەیت وینسلێت ڕایگەیاند کە زۆرجار بەهۆی ئەو کارەکتەرەی (ڕۆز)ـەوە کە لە فیلمی تایتانیکدا پێشکەشی کردووە، قسەی ناشرینی پێ گوتراوە، بەهۆی کێشی زیادی لەشیەوە.

ئەم گفتوگۆیە دوای ئەوە هات کە دواجار ئەو مشتومڕانەی لە ئەگەری ڕزگارکردنی «جاك» خنکان بە سەرکەوتن بەسەر تەختەکەدا، شانبەشانی ڕۆز چارەسەر کرا، ئەو قسەی ناشرینەی کە بەهۆی کێشیەوە لە فیلمەکەدا تووشی بووە.

وینسلێت ئاماژەی بەوەش کرد، کە بینەران بەهۆی ئەم دیمەنەوە بە قەڵەو وەسفیان کردووە بۆیە جاك خنکاوە.

هەروەها دەڵێت: «بڕیاربوو بە ڕۆژنامەنووسان بڵێم کە چۆن بوێریی ئەوەتان هەیە بەم شێوەیە مامەڵەم لەگەڵ بکەن، من ژنێکی گەنجم و جەستەم لە گۆڕاندایە، لەوە تێدەگەم، ئەمە قسەی ناشرین و هێرشکردنە، جێگەی قبوڵکردن نییە و هێڵەکە دەبڕێت».



مەستان عومەر
یاریزانی گۆڕەپان و مەیدان یانەی سیروانی نوێ:

# هیوادارم بگەم بەو خەون و دەستکەوتانەی کە هەوڵی بۆ دەدەم

هەر چەندە کوڕ و کچە یاریزانانی شارەکانی کوردستان لەسەر ئاستی یانەکانی عێراقی و وڵاتانی ئاسیاش، بەردەوام ئاست و ئەنجامیان لە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان وەکو پێویست بووە، بەڵام تاکو ئێستا لەلایەن یانەکانی کوردستانەوە گرنگیی تەواو بە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان نادرێت بۆ ئەوەی بتوانن زۆرترین خزمەت بەم یاریزانە لاوانە بکەن، کە هیوایەکی زۆریان بە دوا ڕۆژی خۆیان هەیە لە وەرزشیی گۆڕەپان و مەیدان، لەکاتێکدا کە لەسەر ئاستی جیهان گرنگییەکی یەکجار زۆری پێ دەدرێت. یانەی سیروانی نوێی شاری سلێمانی بەردەوام گرنگی بە کچە یاریزانانی گۆڕەپان و مەیدانی یانەکەی دەدات و ئاست و ئەنجامیشیان وەکو پێویستە، یەکێك لە کچە یاریزانانی یانەکەش (مەستان عومەر)ـە، لە دایك بووی ساڵی ٢٠٠٥ی سلێمانی، کە پاشەڕۆژێکی باش چاوەڕوانی دەکات و ئاست و ئەنجامیشی مایەی دڵخۆشییە لە ڕاکردنەکاندا، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان لی کرد ئەویش بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی



*** ئاستی یاریی گۆڕەپان و مەیدان بە شێوەیەکی گشتی لە کوردستان چۆن دەبینیت؟**

- لە چاو ئەوەی هەیە ئێستا ئاستێکی باشی هەیە و یاریزانان ئەگەر گرنگی بە تواناکانیان بدەن، دەتوانن قۆناغی باشتر ببڕن.

*** بۆچی یاریی گۆڕەپان و مەیدانت هەڵبژاردووە؟**

- خولیای منداڵیم بوو، ماوەی ساڵێکە هاتوومەتە ناو ئەم یارییە و هەستێکی تایبەتی پێ بەخشیووم.

*** هەست ناکەیت یارییەکی قورست هەڵبژاردوە کە هەمووی کێبڕکێیە؟**

- یارییەکی قورسە، بەڵام بە چێژە و کێبڕکێ و ململانێی زۆری تێدایە، ئەوەش چێژت پێ دەبەخشێ.

*** خەونت چییە لە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان؟**

-خەونی گەورەم هەیە بۆ ئەوەی بتوانم سەرکەوتنی گەورە بەدەست بهێنم.

*** چی بکرێت باشە بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان؟**

- زیاتر هانی یاریزانان بدرێت لە شارەکانی کوردستان و هێنانە پێشەوەی یاریزانانی ئاستەکانی تەمەن، جگە لەوەش دابینکردنی یاریگا و پێداویستییەکانی ئەم یارییە، ئەمانە هەمووی هۆکارن بۆ بەرەوپێشچوونی ئەم یارییە لە کوردستان.

*** باشترین ئەنجامەکانت لە ماوەی ڕابردوو کە بەدەست هێناوە چی بوون؟**

- لە یارییەکانی ٤٠٠مەتری چەندین ئەنجامی شایستەم بەدەست هێناوە.

*** بۆچی یانەی سیروانی نوێت هەڵبژارد؟**

- ئەم یانەیە لەگەڵ من گونجاو بوو بۆ وەرزشکردن.

*** جگە لە گۆڕەپان و مەیدان هیچ یارییەکی دیکەی وەرزشیت ئەنجام داوە؟**

-نەخێر تەنیا خولیام بۆ گۆڕەپان ومەیدان بووە.

***گرفتی ئەم یارییە لە چیدا دەبینی؟**

- گرفتی سەرەکی نەبوونی پاڵپشتییە بۆ یاریزانەکان و نەبوونی پاڵەوانێتی، ئەوانە گرفتی سەرەکین لەم یارییە.

*** هیواو و ئاواتت لە وەرزشکردن چییە؟**

- هیوادارم بگەم بەو خەون و دەستکەوتانەی کە هەوڵی بۆ دەدەم لە نێو وەرزشدا.

***پاڵەوانبوون چ هەستێکت پێ دەبەخشی؟**

- هاندانی زیاتر بۆ ئەوەی بتوانم بوونی خۆم بسەلمێنم.

*** هیچ یانەیەك داوای گرێبەستی لێ نەکردوویت؟**

-نەخێر، تاکو ئێستا هیچ یانەیەك داوای یاریکردنی لێم نەکردووە.

*** خانەوادەکەت تا چەند هاوکارتن لە وەرزشکردن؟**

- تا ڕادەیەکی زۆر هاوکارێکی زۆر باشن بۆ من، هەمووکات پاڵپشتمن لە نێو وەرزشکردنم.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گولان بۆ ئەو هەموو خزمەتە بەردەوامەی کە پێشکەشی وەرزشکارانی شارەکانی کوردستان دەکات بە بەردەوامی.



# باشترینەکانی مۆندیال دەستنیشان کرا

**هەفتەی رابردوو لە وڵاتی قەتەر کۆتایی بەپاڵەوانێتی جامی جیهانی هات، کە تیاییدا هەڵبژاردەی ئەرژەنتین بۆ جاری سێیەم نازناوی جامی جیهانی بەدەستهێنا. نازناوە تاکەکان بەمشێوەیە بوون:**

**ئا: رێبین رەمزی**

**• باشترین یاریزان**

میسی خەلاتی باشترین یاریزانی پاڵەوانێتیەکە بەدەستهێنا بەپێش هەردوو یاریزان فەرەنسی کیلیان ئیمباپێ و کرواتی لۆکە مۆدریج کەوت، کە بە پلەکانی دووەم و سێیەم هاتن.



• هەڵبژاردەی ئینگڵتەرە خەلاتی یاری خاوێنی بەدەستهێنا دوای ئەوەی یاریزانەکانی کەمترین کارتی زەرد و سووری لەم وەرگرت.







**• گۆڵکاری پاڵەوانێتییەکە**

یاریزانی هەڵبژاردەی فەرەنسا کیلیان ئیمباپێ بووە گۆڵکاری پاڵەوانێتییەکە دوای ئەوەی توانی (٨) گۆڵ تۆمار بکات و (٢) گۆڵی درووستکرد و (٥٩٧) خولەک یاریکرد، یاریزانی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین میسی بووە دووەم گۆڵکاری پاڵەوانێتییەکە دوای ئەوەی (٧) گۆڵی تۆمارکرد و (٣) گۆڵی دروستکرد و (٦٩٠) خولەک یاریکرد، یاریزانی هەڵبژاردەی فەرەنسا ئۆلیڤێر جیرۆد بووە سێیەم گۆڵکاری پاڵەوانێتییەکە دوای ئەوەی توانی (٤) گۆڵ تۆماربکات و (٤٢٤) خولەک یاریکرد.



• گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین ئیمیلیانۆ مارتینز بووە باشترین گۆڵپارێزی پاڵەوانێتییەکە.



• یاریزانی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین فێرناندێز ئینزۆ خەڵاتی باشترین یاریزانی لاوی بەدەستهێنا.





# چەند ئامارێکی تایبەت بەجامی جیهانی (٢٠٢٢) قەتەر

دوای تەواوبوونی جامی جیهانی (٢٠٢٢) قەتەر چەند ئامارێکی تایبەت پاڵەوانێتییەکە تۆمارکرا، کە بەمشێوەیە:

-لیۆنێل میسی بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا نازناوی جامی جیهانی بەدەستهینا و بەشداری لە (٢٦) یاری جامی جیهانی کردووە و هەروەها یەکەم یاریزان بوو لەم پاڵەوانێتیە لەسەرجەم قۆناغەکانی گۆڵیان تۆمارکرد (قۆناغ کۆمەڵەکان، قۆناغی (١٦)، قۆناغی (٨)، چوار گۆشەی زێڕین، یاری کۆتایی).

- ئیمبابێ بووە دووەم یاریزان لە مێژووی مۆندیال، کە لە یاری کۆتایی (٣) گۆڵ تۆماربکات.

- خێرایی گۆڵی دووەمی ئیمباپی لە یاری کۆتایی بووە خێراترین گۆڵ لە مۆندیال دوای ئەوەی خێراییەکەی گەیشتە (١٢٣.٣٤)کم لە کاتژمێرێکدا و بووە بەهێزترین گۆڵی مۆندیال.

-مۆندیالی (٢٠٢٢) لە قەتەر بووە پرگۆڵترین مۆندیال لە مێژوو دوای ئەوەی لەم پاڵەوانێتییە (١٧٢) گۆل تۆمارکرا و ژمارەی پێشووی هەردوو مۆندیالی (١٩٩٨)ی فەرەنسا و (٢٠١٤)ی بەرازیل شکاند، کە (١٧١) گۆڵ بوو.

- (٣.٤) ملیۆن هاندەر ئامادەی سەرجەم یارییەکانی مۆندیال بوون لە نێو یاریگا بەرێژەی (٩٦.٣٪) ئەمەش رێژەیەکی زۆرە.

- زیاتر لە یەک ملیۆن هاندەر گەشتی وڵاتی قەتەر کرد بۆ ئامادەبوون لە چالاکییەکانی مۆندیال هەریەکە لە ولاتانی (سعودیە، هیند، ئەمریکا، بەرتیانیا، مەکسیک) لە پلەکانی پێشووە بوون.

- زیاتر لە (١.٨) ملیۆن هاندەر ئامادەی چالاکییەکانی شوینی هاندەران (فان زۆن) بوون لە دوحە.

-بۆ یەکەم جار لە مێژووی مۆندیال نوێنەری هەر پێنج کێشور گەیشتنە قۆناغی دەرچوونی دۆراو، کە ئێستا لە مێژووی مۆندیال رووینەداوە هەڵبژاردەکانی هەر پێنچ کێشوەر بگەنە قۆناغی (١٦) و هەڵبژاردەی مەغریب بووە یەکەم هەڵبژاردەی ئەفریقی و عەرەبی بگاتە چوار گۆشەی زێرین و پلەی چوارەم بەدەستبهێنێت.

- زیاتر لە (٤٢٠.٠٠٠) خۆبەخش داوایان پێشکەشکرد وەکو خۆبەخش لە مۆندیال کاربکەن تەنیا (٢٠.٠٠٠) خۆبەش رەزامەندی لەسەردرا، کە سەر بە (١٥٠) وڵات بوون.



# ئینڤانتینۆ:
# مۆندیالی قەتەر باشترین مۆندیالە لە مێژوو

جیانی ئینڤانتینۆ، سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی جیهان ( فیفا )، بەبۆنەی تەواوبوونی مۆندیالی ٢٠٢٢ی قەتەر پەیامێکی ئاراستەی جیهان کرد و گوتی: مۆندیالی قەتەر سەرکەوتووترین مۆندیال بووە تاوەکو ئێستا بەڕێوەچوبێت.

سەرۆکی فیفا لە سەرەتای پەیامەکەیدا گوتی: پیرۆزبایی لە هەڵبژاردەی ئەرژەنتین دەکەین بەبۆنەی بردنەوەی نازناوی مۆندیالی ٢٠٢٢ی قەتەر، پیرۆزە لە ئەرژەنتین، پیرۆزبایی لە فەرەنسا دەکەین بەدەستهێنانی پلەی دووەم و لە کرواتیاش بەبۆنەی بردنەوەی پلەی سێیەم هەروەها مەغریب، کە مۆندیالێکی نایابی پێشکەشکرد، بێگومان بۆ هەر ٣٢ تیپەکەی بەشدار لە مۆندیالدا، کە باشترین مۆندیال بوو تاوەکو ئێستا ئاستی رکابەرییەکان بەشێوەیەکی بڕواپێنەکراو و بەرزبوو، کە یەکەمجارە مۆندیالێکی لەم شێوەیە بەڕێوەبچێت، تیپەکانی هەموو کیشوەرەکان گەیشتنە قۆناخەکانی کۆتایی مۆندیال، کەواتە دەبینین بەراستی تۆپی پێ جیهانی دەبێت.

ئینڤانتینۆ سوپاسی قەتەر دەکات و دەڵێت: سوپاسی قەتەر دەکەین بۆ میوانداریەکی نایاب سوپاسی قەتەر دەکەین، چونکە ئەوەی ئێوە کردووتانە بۆ پێشوازیکردن لە جامی جیهان لە وڵاتەکەتاندا لەم وڵاتە جوانەدا، بڕواپێنەکراو بوو و هەمووان هەستیان دەکرد لەماڵی خۆیانن، بۆ هەموو هاندەران کە بۆ مۆندیال لە قەتەر بوون و لە یاریگەکان و ماڵەوە سەیری یارییەکانیان کردووە.

جیانی گوتی: پێموایە هەموو جیهان بەڕاستی ئەم مۆندیالەیان لە باوەشگرتووە، بینیمان تۆپی پێ چۆن جیهان یەکدەخات و کۆدەکاتەوە، هەوادارانی ٣٢ وڵات لە قەتەر بوون و بە ئارامی و شادی کۆبوونەوە، بێگومان لە دەرەوەی یاریگەشدا، ئێمە هێزی تۆپی پێ و پێشکێشکردنی مۆندیالمان بەکارهێناوە بوو رووبەڕووبوونەوەی جیاکاریی، هەروەها سەقامگیری و هاندانی خەڵک بۆ ئەوەی زیاتر چالاک بن، بۆ دڵنیابوون لەوەی منداڵەکانیان پارێزراون و دڵنیابوون کەوەی، کە هەیانە، هەروەها زۆر شتی دیکە هەیە کە دەکرێت چاوەڕێیان بکەین.

لە کۆتایی پەیامەکەیدا سەرۆکی فیفا دەڵێت: مۆندیالی خانمان لە ئوستralia و نیوزلەندا لە مانگەکانی تەمموز و ئابی ٢٠٢٣، کە تەنیا شەش مانگی ماوە، ئامادەکارییەکان بۆ مۆندیالی داهاتوو کە لە کەنەدا، مەکسیک و ئەمریکا بەڕێوەدەچێت، پاڵەوانێتییەکی سەرنجڕاکێش و وروژێنەر دەبێت سوپاس بۆ ئەو هەموو ئەو کەسانەی یارمەتیدەربوون بۆ ئەوەی ئەم مۆندیالە ببێتە باشترین مۆندیال تاوەکو ئێستا و بۆ ئەوەی نیشانیاندا، کە تۆپی پێ جیهان یەکدەخات.



# لە قۆناغی دووەم دەربەندیخان گۆڕانکاری دەکات

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی دەربەندیخان ئەم وەرزە بە پێکهاتەیەکی جیاواز بەشدارە لە یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، بۆ ئەم مەبەستەش یانەکە ئامادەکاریی پێویستی کردووە بۆ ئەوەی بتوانێت ئاست و ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنێت، لە کۆی ئەنجامدانی دە یارییش لە قۆناغی یەکەم، یانەکە خاوەنی ١٤ خاڵە و لە پلەی شەشەمی ریزبەندی یانەکانی کوردستان دێت، ڕاهێنەری یانەکە دەیەوێت لە قۆناغی دووەم گۆڕانکاری بکات، لەم بارەشەوە هەرێم بورهان ڕاهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەی دەربەندیخان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بارودۆخی تیپەکەمان زۆر باشە و کەم و کووڕیی وامان نییە، بەرنامەی تایبەتی خۆمان هەیە بۆ قۆناغی دووەم ئەگەر بەردەوام بووین لەگەڵ تیپەکە گۆرانکارییەکانمان بە پێی پێویست دەبێت»، سەبارەت بەوەی کە چ گرفتێکیان هەیە، هەرێم بورهان گوتی: «بە شێوەیەکی گشتی هیچ گرفتێکمان نییە، تەنیا ئەوە نەبێت هەندێك کات بەهۆی پێکان و کارتەوە یاریزانەکانمان بێبەش دەبن لە یارییەکان، ڕۆژانە مەشقەکانی خۆمان بە شێوەیەکی چڕ ئەنجام دەدەین، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی باشتر ئامادەبین بۆ ئەنجامدانی یارییەکانمان، دەمانەوێ لەم یارییانەی ماومانە بە ئەنجامی باشترەوە دەربکەوین و بتوانین ئەنجامی باشتر بەدەست بهێنین لە یارییەکانی داهاتوومان، یانەکانی خولی کوردستان سەرجەمیان هەوڵی تایبەت دەدەن بۆ ئەوەی بتوانن ئاست و ئەنجامی باش بەدەست بهێنن، ئێمەش بەردەوامین لە یەکە مەشقییەکان، بۆ ئەوەی بتوانین باشتر ئەنجام لە سەر ئاستی خولەکە بەدەست بهێنین».






**هالە حەمەد:**

# پێویستە گرنگی بە یارییەکانی دێدەوانی بدرێت

یارییەکانی دێدەوانی یەکێکن لەو چالاکییانەی کە لە پەروەردەکان زیاتر گرنگیی پێ دەدرێت، بەڵام لە ماوەی ڕابردوودا هیچ چالاکییەك ئەنجام نەدراوە، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی چالاکی وەرزشیی و هونەری لە وەزارەتی پەروەردە لە ماوەی رابردوودا خولی سەرکردەی دێدەوانیی بۆ ژمارەیەك لە مامۆستایانی وەرزشی و سەرپەرشتیارانی هونەری ئەنجام دا، کە بۆ ماوەی یەك هەفتە وانەکانیان بە تیۆری و پراکتیکی ئەنجام دا، یەکێك لە بەشداربووانی خولەکەش مامۆستا هالە حەمەد سەرپەرشتیاری هونەری لە بەڕێوەبەرایەتی چالاکیی وەرزشی و دێدەوانی بوو، لە بارەی بەشداریکردنیشی لەم خولە، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەم جۆرە چالاکییانە لە ڕاستیدا گرنگی و تایبەتمەندیی خۆیان هەیە بۆ سەرجەم مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی وەرزشی، چونکە ئەم جۆرە خولی سەرکردانە زۆر بە کەمی دەکرێنەوە، ئێمەش وەکو بەشداربوو سوودێکی زۆرمان بە شێوازی تیۆری و پراکتیکی بینی و، ئێمە کە نوێنەری پارێزگای هەولێر بووین هەوڵ دەدەین بتوانین خولی دیکە بکرێتەوە بۆ ئەوەی مامۆستایانی وەرزشی ئاشنا بکەین بە یارییەکانی دێدەوانی، چونکە دێدەوانی گرنگی و تایبەتمەندیی خۆی هەیە لە ناو وەرزشی قوتابخانەکاندا، هیوادارین بتوانین لە داهاتوودا هەنگاوی زیاتر بهاوێن بۆ ئەوەی مامۆستایان و قوتابیانیش سوودمان لێی ببینن، سوپاسی بەڕێوەبەرایەتیی چالاکیی وەرزشی و دێدەوانیی پەروەردەی گشتیی هەولێریش دەکەین، کەوا مامۆستایانی وەرزشی بەشداری پێ دەکەن، بۆ زیاتر سوودمەند بوون و دەمەوڵەمەندبوون بە پڕ زانیاریی تازەی دێدەوانییەوە».

# هەولێر چاوی لە هێنانی یاریزانی دیکەیە

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی هەولێر کە بە رابەرایەتی (غازی فەهد) ڕاهێنەری عێراقی بەشداره لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی، لە دوایین یاریدا تووشی شکست هات لە سەر دەستی یانەی زەورا، بەڵام هەولێر دەیەوێت ئەم شکستە بکاتە هەڵسانەوە، هەولێر لە کۆی ئەنجامدانی ١٠ یاری خاوەنی ١٢ خاڵە، لە بارەی هێنانی یاریزانی تازەش (ئەحمەد شوکر) ئەندامی دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشیی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ڕاهێنەری یانەکەمان داوای یاریزانی کردووە و دەیەوێت یاریزانی تازە بهێنێت، بەڵام تاکو ئێستا لە سەر هیچ یاریزانێك نەگەیشتوینەتە خاڵی کۆتایی، کێشەی ئێمە لە یاریزانە پیشەگەرەکانە کە دەبوایە شەش یاریزانی پیشەگەر بهێنین، بەڵام ئێمە چوار یاریزانی پیشەگەرمان هێنابوو، بۆیە ڕاهێنەر دەیەوێت ئەو کەم و کووڕییانەی هەمانە، بە یاریزانی پیشەگەر پڕیان بکاتەوە» سەبارەت بە توانای یاریزانەکانیش ئەحمەد شوکر گوتی: «هەر یاریزانێك بزانین دەگونجێت لەگەڵ تیپەکە، بێگومان ڕاهێنەر کێشەی نییە بۆ ئەوەی هەوڵ بۆ گواستنەوەی بدەین، دەمانەوێت یانەی هەولێر ببەینە قۆناغێکی باشتر بۆ ئەوەی بتوانین ناوی یانەکە بە گەورەیی بهێڵینەوە و ئەوەی لە توانامان بێت هەوڵی بۆ دەدەین تا بتوانین ئەدایەکی جوان لەسەر ئاستی عێراقیش پێشکەش بکەین، تائێستا دە یاری لە خولی نایابی عێراقی ڕۆیشتووە هێشتا یاریی ماوە بۆ ئەوەی بتوانین ئاست و ئەنجاممان باشتر بکەین، هیچ کێشەو گرفتێکیشمان نییە و دەمانەوێت تیپێکی بەهێز بین لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی».



# زستان هاندەرە بۆ وشكبوونی پێست

كەشی سارد، بارانی زیاد، بەفر، لەگەڵ بای بەهێز هاندەرن بۆ كەمكردنەوەی شێداریی پێست و وشكبوون، یان سەختتربوونی ئاستی وشكبوون لە پێستێكی وشكدا، كە هەتا چارەسەركردن دوابخرێت هێندە پێست زیاتر وشك دەبێت. هۆكارە هاندەرەكانی دیكە: گەرمیی ناوماڵ لە ئەنجامی بەكارهێنانی ئامێری گەرمكەرەوەی جیاوازدا لەبەر كەمبوونەوەی رێژەی شێداریی هەوای ناوماڵ، وەرگرتنی دووشی گەرم كە هۆكارە بۆ لابردنی چەوریی سرووشتیی پێست و وشكبوونی، كەمبوونی رێژەی ڤیتامین D لە لەشدا لەبەر كەمیی تیشكی خۆر، زیاد داماڵین و زیاد شووشتنی پێست بەتایبەتی پێستی دەموچاو، لەگەڵ بەكارهێنانی ئاوێتەی كیمیایی جیاواز بۆ پاراستنی پێست. بۆ خۆپاراستن لە وشكبوونی پێست لە وەرزی زستاندا پەیڕەوی ئەم هەنگاوانە بكە: ئاوی شلەتێن سابوونی سووك بۆ شووشتنی دەموچاو بەكار بهێنە، بۆ دووشكردن ئاوی زۆر گەرم بەكار مەهێنە، خۆراكت هاوسەنگ و جۆراوجۆر بكە، پاش هەر جارێك وەرگرتنی دووش ئاوێتەیەكی شێداركەرەوەی پێست بەكار بهێنە كە بۆن و بۆیەی كیمیایی تێدا نەبێت، ئامێری شێداركەرەوە Humidifier بۆ ناوماڵ بەكاربهێنە، دەموچاوت داپۆشە لەكاتی بەركەوتن بە بای سارد، ڤیتامین D بە رێنمایی دكتۆر بەكار بهێنە، سەردانی دكتۆر بكە ئەگەر بەم هەنگاوانە پێستت باشتر نەبوو.



# سوود و زیانەکانی ساونا


ساونا Sauna بریتییە لە ژوورێکی گەرم بە پلەی ٧٠-١٠٠ ی سێلسیەس، ساونا زۆر جۆری هەیە بە پێی ڕێژەی شێداریی ژوورەکە و ڕێگەی گەرمکرنەوەی. کاریگەرییەکانی ساونا لەسەر لەش لە هەموو جۆرەکان وەکو یەکن، کە بریتین لە: بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی پێست تا نزیکەی ٤٠ پلەی سەدی کە هاندەرە بۆ زیاد ئارەقەکردن، زیادبوونی لێدانەکانی دڵ و فراوانبوونەوەی بۆڕییەکانی خوێن و زیادبوونی سووڕی خوێن. ساونا جگە لە هەستکردن بە حەسانەوە و خاوبوونەوەی لەش، لەوانەیە کە چەند سوودێکی تەندروستیی دیکەی هەبێت، وەکو: دابەزینی پەستانی خوێن بەهۆی فراوانبوونەوەی بۆڕییەکانی خوێن، خۆپاراستن لە نەخۆشیی دڵ و جەڵتەی مێشك، سووککردنی ئازاری ماسوولکە و جومگەکان، سووککردنی سترێس، کەمکردنەوەی نیشانەکانی ڕەبو لە ئەنجامی فراوانبوونەوەی ڕێڕەوەکانی هەناسە، کەمکردنەوەی ئەگەری نەخۆشیی ئەلزهایمەر، هەروەها سووککردنی نیشانەکانی نەخۆشیی سەدەف لە پێستدا. ئەگەرە نەخواراوەکانی ساونا: کەمبوونەوەی شلەی لەش لەبەر زیاد ئارەقەکردن، سەرسووڕان و هێڵنج لە هەندێك کەسدا، دابەزینی پەستانی خوێن، لەگەڵ سووتانەوەی پێست، بەتایبەتی لە تووشبووان بە ئەکزیما یان هەستەوەریی پێست.



# سەرئێشە
# پاش ماندووبوونی چاو

ماندووکردنی چاوەکان و هیلاکبوونیان هۆکارە بۆ سەرئێشە Eye-strain headaches کە زیاتر پەیوەستە بە (فۆکەسکردنی) نادروستی چاوەکان لەکاتی هاوتانەبوونی هەر دوو چاودا. سەرئێشە پاش هیلاکبوونی چاو هەرگیز مانای ئەوە ناگەیەنێت کە چاوەکان لە ئەنجامی زیاد بەکارهێنانیان دوچاری گرفتێك یان نەخۆشییەك بووبن، بەڵکو تەنیا لە ئەنجامی ماندووکردنی ماسوولکەکانی چاو ڕوو دەدات. بۆ جیاکردنەوە و دەستنیشانکردن، پێویستە کە بە سیفاتەکانی سەرئێشەی پەیوەست بە ماندووبوونی چاوەکان ئاشنا بیت، کە بریتین لە: سەرئێشە پاش چەند کاتژمێرێك ماندووکردنی چاوەکان بە سەیرکردنی شاشە یان خوێندنەوە، ئازارەکە زیاتر لە دەوری چاو یان لە پشت چاوەکان هەستی پێ دەکرێت، سەرئێشەکە هەرگیز هاوکات نییە لەگەڵ نیشانەی دیکەی وەکو هێڵنج یان ڕشانەوە، هەروەها ئازارەکە پاش حەساندنەوەی چاوەکان، یان نووستن بۆ ماوەیەکی کورت زوو سووك دەبێت و نامێنێت.







## ئایا سۆدای داییێت زیانی هەیە؟

بە گوێرەی ئەوەی کە سۆدای داییێت Diet soda هیچ کالۆری و کاربۆهیدرات یان شەکر لەخۆناگرێت و بە شلەمەنییەکی تەندروست دێتە بەرچاو، بەڵام لە راستیدا چەند زیانێکی تەندروستیی هەیە، بەتایبەتی کە رۆژانە زیاتر لە یەك جار بخورێتەوە، بۆنموونە: مادده شیرینکارە دەستکردەکانی Artificial sweeteners ناو سۆدای داییێت کاریگەریی نێگەتیڤ دەکەنە سەر تەندروستیی ریخۆڵە، بەتایبەتی بەکتریای سوودبەخش، هەروەها داڕوشانی چینی مینای ددان و ئەگەری دروستبوونی چاڵ Cavity لە ددانەدا، چونکە سۆدا لە لایەنی کیمیاییەوە ترشە، زیادبوونی ئەگەری سەرئێشە و نارەحەتی لە ئەنجامی ماددەی شیرینکاری دەستکرد بە ناوی ئەسپارتێم Aspartame، کەمبوونەوەی چڕیی ئێسك لەوکاتەی کە سۆدای داییێت ترشی فۆسفۆریکی تێدایە، کە هاندەرە بۆ لاوازبوونی ئێسك و شکانی ئێسك بە زەبرێکی سادە یان مامناوەندی، هاندانی ئارەزوو بۆ خواردنی شیرینی بەهۆی ماددە شیرینکارە دەستکردەکان، لە کۆتاییدا لەوانەیە کە زیاد خواردنەوەی سۆدای داییێت ببێتە ئەگەری زیادبوونی کێشی لەش هاوکات لەگەڵ زیادبوونی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم.

## بەهای خۆراکیی دۆشاوی خورما

دۆشاوی خورما هەڵبژاردەیەکی باشترە لە شەکری سپی و مادده شیرینکارەکان Sweeteners چونکە بەهایەکی خۆراکی بەرزی هەیە و ماددەی گرنگ لەخۆدەگرێت. دۆشاوی خورما Date syrup دەوڵەندە بە شەکری سرووشتی، پرۆتین، کانزاکانی ئاسن، کالسیۆم، پۆتاسیۆم، مەگنسیۆم، فۆسفۆر، لەگەڵ ڤیتامینەکانی A، B1، B2، B3، B5، C. سوودە تەندروستییەکان: وزەیەکی باش بە لەش دەبەخشێت، بۆیە گونجاوە بۆ زیادکردنی کێشی لەش لە کەسانی کەم کێشدا، باشترکردنی تەندروستیی کۆئەندامی هەرس، بەتایبەتی زیادکردنی بەکتریای سوودبەخش لە ریخۆڵەدا و خۆپاراستن لە قەبزی، خۆپاراستن لە شەوکوێری، خۆپاراستن و چارەسەرکردنی کەمخوێنی، بەتایبەتی بۆ ئافرەتی دووگیان بەهۆی رێژە بەرزەکەی ئاسن تیایدا، رێگرتن لە هەستکردن بە ماندووبوون و هیلاکیی جەستەیی، پاراستنی تەندروستیی پێست، بەتایبەتی توانای لاستیکیی پێست و دواخستنی لۆچبوون، هاندانی گەشەی قژ بە هۆی باشترکردنی سووڕی خوێن، بەهێزکردنی ئێسکەکان، کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن Inflammation لە لەشدا، سووککردنی نیشانەکانی هەوکردنی جومگە و رۆماتیزم، کۆنترۆڵکردنی ئاست کۆلیستیرۆڵی خوێن، پاراستنی تەندروستیی پەیکەرەماسولکەکانی لەش، هەورەها سووککردنی نیشانەکانی هەڵامەت و کڕانەوەی قوڕگ. پێویستە ئەمەش بزانرێت کە دۆشاوی خورما بۆ کەسانی تووشبوو بە نەخۆشیی شەکرە هەرگیز گونجاو نییە.

# کوارگ بۆ خۆپاراستن لە شێرپەنجە

کوارگ یان قارچك Mushrooms جۆرێكی كەڕووە، سەرەڕای چێژە خۆشەكەی، خۆراكێكی سوودبەخشە بە وزەیەكی كەم و سۆدیۆمی كەمەوە. لە چەندین لێكۆڵینەوەدا هاتووە كە رۆژانە خواردنی تەنیا ١٨ گرام كوارگ ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجە تا رێژەی ٤٥٪ كەم دەكاتەوە، چونكە ترشە ئەمینێكی دژەئۆكسان بە ناوی ئێرگۆتایۆنین Ergothioneine لەخۆدەگرێت، كە رێگە لە تێكچوونی خانەكانی لەش دەگرێت. سوودەكانی دیكەی كوارگ بریتین لە: رێگرتن لە بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، دابەزاندنی ئاستی كۆلیستیرۆڵی خوێن بەوەی كە كوارگ ئاوێتەی تایبەتی تێدایە كە دروستبوونی كۆلیستیرۆڵ لە جگەردا كەم دەكاتەوە و رێگە لە هەڵمژینی دەگرێت لە كۆئەندامی هەرسدا، باشتركردنی توانا و فرمانەكانی مێشك و سووككردنی نیشانەكانی نەخۆشیی ئەلزهایمەر، كەمكردنەوەی ئەگەری خەمۆكی، وەكو سەرچاوەیەكی ڤیتامین D كوارگ هاندەرە بۆ هەڵمژینی كانزای كالسیۆم لە كۆئەندامی هەرسدا، هاندانی گەشەی بەكتریای سوودبەخش لە رێڕەوەكانی كۆئەندامی هەرسدا، بەهێزكردنی سستمی بەرگریی لەش، چونكە كوارگ كانزای سیلینیۆم و ڤیتامین D و B6 لەخۆدەگرێت.



# دەتوانیت لە یەک مانگدا چەند کێشی لەش دابەزێنیت؟



ئەنجامی پەیڕەوكردنی بەرنامەیەكی دروستیی ریجیم و مەشقی وەرزشی بۆ دابەزاندنی كێشی لەش لە ماوەی چوار هەفتەدا روون دەبێتەوە، لێرەدا گەلێك فاكتەر رۆڵیان هەیە لەوەی كە چەند كیلۆ كێش دادەبەزێت، وەك: كوالیتیی خەو، ئاستی سترێس، جینەكان (بۆماوە)، تەمەن، هەروەها تەندروستیی كەسی. بە رای پسپۆڕانی تەندروستی، دابەزاندنی ٠,٥-١ كیلۆگرام لە هەفتەیەكدا یان ٢-٤ كیلۆگرام لە یەك مانگدا زۆر تەندروستییانە و سەلامەت و جێگیر دەبێت. دابەزاندنی كێشی لەمە زیاتر یان خێراتر هەرگیز تەندروستییانە نییە، چونكە لە ئەنجامی ریجیمێكی توند و ناتەندروست دێتە كایەوە، هەروەها پاش دابەزاندن بە ماوەیەك دووبارە كێشی لەش زیاد دەكاتەوە، واتە دابەزاندنەكە جێگیر نییە. نیو كیلۆگرام چەوریی خەزنكراوی لەش یەكسانە بە ٣,٥٠٠ كالۆری وزە، واتە بۆ دابەزاندنی نیو كیلۆگرام كێشی لەش(چەوری) لە هەفتەیەكدا، ئەوا پێویستە كە رۆژانە بڕی ٥٠٠ كالۆری لە خۆراك كەم بكەیتەوە، هەروەها بۆ دابەزاندنی یەك كیلۆ كێش لە هەفتەیەكدا پێویستە كە رۆژانە ١٠٠٠ كالۆری لە خۆراك كەم بكەیتەوە.



## دوو کاتژمێری زیـ

هواوی Huwawei کۆمپانیا بەرهەمهێنەرە ناسراوەکەی چینی، لەم ماوەیەدا دوو کاتژمێری زیرەکی بەرهەم هێناوە، یەك بۆ گەورەساڵان و یەك بۆ منداڵان.
کاتژمێری زیرەکی جۆری Watch Buds دیزاینێکی ناوازەی هەیە، چونکە خودی کاتژمێرەکە وەك پاوەربانکی ئایەر باد Earbuds واتە هیدفۆنە بچووکەکان سوودی لێدەبیندرێ. لەناو خودی کاتژمێرەکەدا جووتە ئایەربادێك هەیە. لە دیزاینیشدا زۆر وەك هواوی واچ ٣ دەچێت. سیستەمی بەگەڕخەری جۆری Os لەسەرە. تایبەتمەندییەکانی دیکەشی وەك هەموو کاتژمێرێکی زیرەك دەچێت و زیاتر وەك چاودێرێکی تەندروستی بەکارهێنەرەکەی

## کامێرایەک تایبەت بە باڵندەکان

کامێرای چاودێری هەر بۆ مرۆڤەکان نییە، بەڵکو کامێرا هەیە تایبەتە بە باڵندە و گیاندارانی ماڵەوە. کامێرای جۆری Netvue Bird-fy تایبەتە بە باڵندەکان. بەهۆی کامێراکەوە دەتوانی بەکارهێنەری کامێرا چاودێرییەکی وردی چالاکی رۆژانەی باڵندەکان بکات، چ باڵندەی ناو قەفەسی ماڵەوە و چ باڵندەی دەرەوە.
کامێراکە لەناو قەفەسی باڵندەکەدایە، شەش جۆریان هەیە. هەندێکیان هەیە پێویستیان بە شەحنکردنەوەی کامێراکە نابێت و بە تیشکی خۆر شەحن دەبنەوە. کامێراکە لە هەموو کەش و هەوایەکدا کار دەکات و کێشەی بۆ نایەتە پێش. لە رێگای وایەرلەیسەوە بە مۆبایل پەیوەند دەدرێت و بەکارهێنەر دەتوانی هەمیشە باڵندەکە بخاتە ژێر چاوەدێری، بەتایبەتی ئەو کاتانەی کە باڵندەکە جوجکەی هەڵێناوە و بەکارهێنەر دەتوانی ئاگاداری چۆنییەتی گەشەکردنی بێچوەکانیان بێت. کامێراکە زیرەکە و دەکرێت تەنیا لەسەر یەك جۆر باڵندە زووم بکرێت و باڵندەکانی دیکە وەبەرچاو نەگرێت.



# ـــــــرەک لە هواویەوە



سوودی لێوەردەگیرێت.

جگە لە کاتژمێری ئاماژە بۆ کراو، کاتژمێرێکی دیکەشی بەرهەمهێناوە کە بە جۆری Kids Watch 5X ناسراوە، تایبەت بە منداڵانە. کاتژمێرەکە بە ئاسانی لە دەستبەندەکە دەبێتەوە و دوو شاشە هەیە، شاشەیەك لە پێشەوە و یەك لە پشتەوە. شاشەیەکیان رەنگییە و ئەویتریان رەش و سپییە. بەکارهێنەر دەتوانێ بە ویستی خۆی حەزی لە کامە شاشەیە ئەو بەکاربێنێ، ئەمەش وا دەکات وزەی کەمتری پێویست بێت و لەبەر تیشکی خۆر باش ببیندرێ. دوو کامێراشی هەیە، یەك بۆ دایك و باوکی منداڵان بۆ پەیوەندی ڤیدیۆیی، ئەوەی دیکەیان بۆ وێنەگرتن و فیلم هەڵگرتنەوە کە رەنگە زۆریش سەرکەوتوو نەبێت.



# کۆنترۆڵێکی بەبێ دوگمە و دەست لێدان!

ریمۆت کۆنترۆڵەکان بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئامێرەکان چەندین دوگمەیان هەیە، یان دەکرێت بە دەنگی بەکارهێنەر کۆنترۆڵی ئامێرەکان بکرێت. بەڵام ریمۆت کۆنترۆڵی جۆری Bixi Touch بۆ گشت ئامێرێك دەبێت و هیچ دوگمەیەکشی نییە. پێویستیش ناکات هەر دەستیشی لێبدرێت. تەنیا و تەنیا بە نزیك کردنەوەی دەست لە کۆنترۆڵەکە و جوڵەی دەست کۆنترۆڵی ئامێرەکا دەکەی.

ریمۆت کۆنترۆڵەکە بۆ گشت ئامێرێك دەبێت، بۆ کۆمپیوتەر، مۆبایل، تیڤی، ئامێرەکانی کارەبایی ماڵەوە. لە رێگای بلوتوسەوە بە ئامێرەکانی دیکەوە پەیوەند دەدرێت. ئامێرەکە بەتایبەتی بۆ ئەو کاتانەی بەکارهێنەر دەستی گیراوە و خەریکی کارێکی دیکەیە زۆر بەسوودە، بۆ نموونە شۆفێرێك بۆ ئەوەی لەکاتی لێخوڕیندا تووشی کێشە نەبێت و دەست لە مۆبایلەکەی نەدات، هەربەو ریمۆت کۆنترۆڵە کە دەستیشی لێنادات دەتوانی وەڵامی پەیوەندییەکان بداتەوە، گۆرانی و مۆسیقای ناو ئۆتۆمبیلەکە بگۆڕێت. هەتا مانگێکیش شەحنی دانابەزێت.



ئایپاد تەبلێتی کۆمپانیای ئەپڵە، iPad Pro 12.9 یەکێکە لە گەورەترین تەبلێتەکانی کۆمپانیای ناوبراو. قەبارەی لە تەبلێتێکی ئاسایی گەورەترە. بۆ ئەوەی ئەو تەبلێتە مەزنە بکەی بە کۆمپیوتەرێکی دیسکتۆپی سەر مێز و هاوشێوەی iMac بێت، پێویستی بە داکێکی تایبەتە. داکی تایبەتی جۆری Stu-dioDock بۆ ئەم مەبەستە بەرهەم هاتووە. ئەم داکە زیرەکە وا دەکات ئایپادەکەت وەك تەلەڤزیۆنێك بێت و فیلم و یارییەکانی لەو داکەوە سەیر بکەی. داکەکە پشتیوانی لە 4K دەکا. شوێنی پەیوەندی تیڤی بە ئایپادی هەیە و دەکرێت هەر لەسەر ئایپادەکە سەیری خزمەتگوزارییەکانی فیلم وەك نێتفلێکس و هاوشێوەکانی بکەی.

داکەکە وزەی پێویست هەم بۆ ئایپادەکە و هەم بۆ ئامێری دیکەی ئەپل دابین دەکات، وەك مۆبایلەکانی ئایفۆن و کاتژمێرەکانی تایبەت بە ئەپل. بە هەردوو شێوەی وایەرلەیس و بە کێبڵ خزمەتگوزاری دابین دەکات. چەندین شوێنی دانانی مایکرۆ کاردی هەیە و هەروەها چوار شوێنی دانانی USB هەیە. شوێنی دانانی کیبۆرد و ماوس و ئامرازەکانی دیکەشی هەیە. شایانی ئاماژە پێدانە ستاندەکە لە ئەلەمینیۆم دروستکراوە و زۆر پتەوە. دەکرێت ئایپادەکە بەشێوەی ستوونی و ئاسۆیی دابندرێت.

# ئایپادەکەت بەکە بە ئای ماک

# هەموو فەرمانەکانی کۆمپیوتەر لە ئامێرێکدا




ماوس و کیبۆرد دوو ئامێری لاوەکین کە ئاسانکارییەکی زۆر بۆ بەکارهێنەر دەکەن بۆ جێبەجێکردنی پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەر، ئامێری STREAM DECK گشت فەرمانەکانی ناو کۆمپیوتەری لەخۆدا کۆکردۆتەوە. پسپۆڕانی بواری گرافیك و دیزاین و مۆنتاژ و سینەما لە گرنگی ئەو ئامێرە دەگەن. STREAM DECK ئاسانکارییەکی زۆر دەکات، زیاتر لە هەزار فەرمانی لەخۆیدا کۆکردۆتەوە. ئامێرێکە پێکهاتووە لە ٣٢ دوگمە و هەر دوگمەیەکیش بۆ مەبەستێکی تایبەتی دیاری دەکرێت. زیاتر تایبەتە بە پرۆگرامەکانی ئەدۆب، بەڵام دەکرێت بۆ پرۆگرامی دیکەش سوودی لێوەربگیرێت. دەکرێت وەك شۆرتکات (ناوبڕ)ی پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەر سوودی لێببینەرێ و هەر کام لە دوگمەکان بۆ پرۆگرامێکی تایبەتی تەرخان بکرێت. کارکردن بەو ئامێرە وردبینی زیاترە لە کیبۆرد و ماوس و هەروەها کیبۆرد و ماوس ناتوانن گشت فەرمانەکان لەخۆیاندا کۆبکەنەوە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت چۆن بتوانم قەوارەی یەکێك لە درایڤەکانی کۆمپیوتەر بۆ نموونە درایڤی C زیاد بکەم؟**

خوێنەری بەڕێز زیادکردنی قەوارەی داکردنی داتاکان لە درایڤەکانی کۆمپیوتەر، تا رادەیەك دژوارە بۆ کەسێك شارەزای ئەو بوارە نەبێت، بەڵام ئەوەندەش سەخت نیە کە نەکرێت دەستکاری بکەی. شێوازی زیادکردنی درایڤێك بەم شێوەیە، لەسەر My computer کلیکی راست بکە و پاشان فەرمانی Manage هەڵبژێرە. دوای ئەوە بۆکسێك دەکرێتەوە. کلیك لەسەر درایڤی C بکە و دواتر C volume هەڵبژێرە. دوای ئەوە فەرمانی Extend Partition لێبدە. دواتر لەسەر دوگمەی nixt لێبدە و دوای ئەوە finish لێبدە. ئەم کارە بە پرۆگرامی EaseUS Partition Master باشتر ئەنجام دەدرێ، بەهۆی پرۆگرامی ناوبراو زۆر ئەرکی دیکەش وەك دەپاڵێك پەستاوتنی درایڤەکان ئەنجام دەدرێ.

# مینی کۆمپیوتەرێک و تایبەتمەندییەکانی

کۆمپانیای xiaomi کە هەتا ئێستا زیاتر مۆبایلی بەرهەم هێناوە، خەریکە دێتە مەیدانەکەوە و بەرهەمەکانی دیکەی وەك کاتژمێری زیرەك، قەڵەمی زیرەك و لەم دواییانەشدا کۆمپیوتەری دیسکتۆپ بەرهەم دێنێت.

کۆمپیوتەری xiaomi mini host ناوی کۆمپیوتەرەکە بچووکەکەی شیائۆمییە. بە ئاسانی دەکرێت لە پەنجەیەکدا جێگای بێتەوە. لە شێواز و دیزایندا زۆرتر وەك مینی کۆمپیوتەری ماك دەچێت.

قەوارەی کۆمپیوتەرە بچووکەکە ١١٢ لە ١١٢ملم دایە و هەروەها بارستاییەکەی ٣٨ ملمە و کێشی تەنیا ٤٤٠ گرامە. خۆی بە فەرمی ویندۆز ١١ی لەسەرداندراوە.



مینی کۆمپیوتەری ناوبراو پرۆسیسەری نەوەی دوازدەی ئەنتەلی لەسەرداندراوە و رامەکەی ١٦ گیگابایتە و ٥١٢ گیگابایت داتاگەیەکەتی لە جۆری SSDیە. سیستەمی وای-فای٦ و بلوتوسی ٥،٣ی لەسەرە.



# قەڵەمی زیرەکی شیائومی وەردەگێڕێ و سکانیش دەکا

کۆمپانیای شیائومی xiaomi بەم دواییانە نوێترین ئامێری تەکنەلۆژیای خۆی خستەڕوو، کە بریتییە لە قەڵەمێکی زیرەك بەناوی MIJIA دەتوانێت دەقەکان سکان بکا و زۆر بە وردبینییەوە وەریانبگێڕێت بۆ زمانەکانی دیکە. قەڵەمە زیرەکەکە سکاینەرێکی لەیزەریی هەیە و کامێرا و مایکی تایبەتیشی هەیە.

دەقە وەرگێڕدراو و سکانکراوەکان بۆ پرۆگرامی دیکە دەگوازرێنەوە و بە ئاسانی چاپ دەکرێن. قەڵەمە زیرەکەکە کامێرایەکی تایبەتی هەیە کە بەهۆیەوە وێنەی پاراگرافەکان تۆمار دەکا و لەخۆیدا خەزنیان دەکا. لە بەشێکی دیکەدا شاشەیەکی تەنك و باریك هەیە کە بابەتە خەزنکراوەکان نیشان دەدا.

بەهۆی مایکرۆفۆنەکەوە دەکرێت لەسەر دەقەکان یادداشتی دەنگی دابندرێت. زمانەکانی ئینگلیزی، چینی، ژاپۆنی، کۆریایی، روسی و ئەڵمانی وەردەگێڕێتەوە.



## ماڵپەڕێک بۆ دابەزاندنی کتێب بە زمانی ئینگلیزی

لە ئینتەرنێتدا هەزاران ماڵپەڕ هەن تایبەتن بە خزمەتگوزاری دابەزاندنی کتێب. زۆر لەو ماڵپەڕانە بازرگانین و بە پارە کتێبەکانیان دەفرۆشن و هەندێکیشیان بە خۆڕایی و بێ بەرامبەر کتێب دەبەخشن و خوێنەر دەتوانێت کتێبیان لێدابەزێنێ. یەکێك لەو ماڵپەڕە گرنگانە ماڵپەڕی manybooks.netە. لەو ماڵپەڕەدا بە هەزاران کتێبی باشی ئینگلیزی هەن کە بەبێ بەرامبەر دادەبەزن، هەرکاتێك ماڵپەڕەکەت کردەوە لەسەرەوە نووسراوە ئەم کتێبانەی لێرە دەتوانی دایانبەزێنی سەداسەد بەخۆڕایین. زیاتر لە دە ساڵە ئەم ماڵپەڕە دانداروە و زۆرترین کتێبەکانیش لەو ماڵپەڕەدا کتێبی چیرۆك و رۆمانن. کتێبەکان دەتوانی بە چەندین فۆرمات دابەزێنی بۆ نموونە فۆرماتەکانی EPUB، MOBI و PDF وە هەروەها هی دیکەش.

# پرۆگرامێکی گرنگ بۆ دەستکاری کردنی وێنە

کاتێك باسی دەستکاریکردنی وێنە دەکرێت، وەك سڕینەوەی باکگراوەندی وێنە یا بەرزکردنەوەی ئاستی کوالیتی وێنە، دەستبەجێ زەینمان بۆ پرۆگرامی فۆتۆشۆپ دەچێت. راستە فۆتۆشۆپ بۆ کاری گرافیکی و نەخشەسازی لە ریزی یەکەمی پرۆگرامەکاندا دێت، بەڵام پرۆگرامی تایبەتی هەن کە ئەرکیان تەنیا دەستکاریکردنی وێنە و جوانکردنی وێنەیە. بۆ نموونە پرۆگرامی Luminar Neo، پرۆگرامی ناوبراو بە سوود وەرگرتن لە زەینی دەستکرد وێنەکان دەستکاری دەکات و خۆکار تێدەگات چ شوێنێك پێویستی بە دەستکاری کردنە. خێراترین پرۆگرامە بۆ دەستکاری کردنی وێنە و زۆربەی وێنەگرانی پیشەیی سوود لەو پرۆگرامە وەردەگرن. بۆ نموونە بە سوود وەرگرتن لە فەرمانی RelightAI تەنیا بە کلیکێك ئەو وێنانەی خاوەنی باکگراوەندی لێڵ و ماتیان هەیە تیشکیان بخرێتە سەر. پرۆگرامەکە بە سوود وەرگرتن لە زەینی دەستکرد، قوڵایی وێنەکە دەبینێت و هەر بۆیە بەپێی پێویست رووناکی دەخاتە ناو دیمەنەکان.

بەشێك لەتایبەتمەندییەکانی ئەوانەن:

- رێکخستنی رووناکی پشت و پێشەوەی وێنە.
- خاوێنکردنەوەی وێنە کۆنەکان کە بەهۆی کۆنی و تۆز و خۆڵ نیشتن لەسەر ئاوێنەی کامێرا لێڵ دەردەچن.
- تێکەڵکردنی دوو یا چەند وێنە پێکەوە و زۆر تایبەتمەندی دیکەش.






# شیککردنی ئێکسسوار لەگەڵ جلوبەرگی ڕەشدا

ئاشکرایە جلی ڕەش سەرنجڕاکێش و بە جلی ڕۆمانسی و پایەدار ناسراوە، کاتێك لەگەڵ ئەو ڕەنگەی جلدا هەر خشڵێك بەکاردەهێنیت، جوانی و بریسەکداری پێوە دیار دەبێت، گۆڤاری (لاڤ نونو)، چەندین ڕێنمایی و ئامۆژگاری دەربارەی ڕێکخستنی خشڵ و ئێکسسوارەکان لەگەڵ جلی ڕەشدا بڵاو کردووەتەوە، وەك: کاتێك نیازت وایە بچیتە بۆنە و ئاهەنگێك، پێویستە خشڵی سادە و ئاسایی لەبەر بکەیت، هەروەها ڕەنگەکانیش دەبێ لە سەوز و شین و زەرد بن، مەرجیشە ئێکسسوارەکانت گەورە بن، تا لە نێو ڕەنگی ڕەشی جلەکەتدا ڕەنگدانەوەیان هەبێت. کاتێك جلێکی ڕەشت هەڵبژاردووە کە سینگی لە شێوەی چوارگۆشەدا بێت، ئەو کاتە پێویستت بە ئێکسسواری ملوانکەی بچووك و کورتە، بەڵام دەبێ گوارەکانت گەورە بن، ڕەنگی ئەو خشڵانەش پێویستە لە ڕەنگی زەرد و ئەڵماس و زیووی بن، بە پێچەوانەش ئەگەر یەخەی جلەکەت لە شێوەی (V) ئینگلیزی یان ژمارە حەوت بێت، پێویستە خشڵەکانت گەورە بن و گوارەشت بچووك بێت، دەکرێت خشڵ و ئێکسسوارەکانیش ڕەنگاوڕەنگ بن. ئەگەر جلەکەت بریقەدار بوو، پێویستە خشڵ و ئێکسسوارەکانت تاك ڕەنگ بێت، واتە نابێت ڕەنگاوڕەنگیی پێوە دیار بێت، کە ئەوەش جوانترین مۆدەکانی خشڵ و جلی ڕەش دەنوێنن.

# به چەند هەنگاوێک ماڵەکەت رازاوەتر بکە




زۆر جار لە خۆتەوە دیکۆر و کەشی ماڵەکەت بە دڵ نییە و حەز بە گۆڕانکاری و تازەگەری دەکەیت، بەهۆی ئەوەی کە شوێنی ژیانی خۆتە، بۆیە بێزار دەبیت لەو دیکۆرە ئاساییەی رۆژانە، بۆیە گۆڕانکاری لە دیکۆری ماڵدا، واتە داهێنان و کارامەیی. پسپۆران بە چەند هەنگاوێکی بچووك ئامۆژگاریت دەکەن تاوەکو دیکۆرەکەت زیاتر رازاوە بکەیت: سەرەتا بە دانانی رووەك و گوڵ: با لە ماڵەکەتدا باخچە هەبێت، ئەگەر شوێنی باخچەش نەبوو، دەتوانیت رووەکی بەر هەتاو و سێبەر لە بەشەکانی ماڵەکەت دابنێیت، هەروەها هەوڵ بدە گوڵ و گوڵدانیش هەبێت، چونکە سەرچاوەی خۆشی و دڵکرانەوەن. هەڵگرتن و دانانی کەرەستە رێگەیەکی دیکەیە، کاتێك ماڵەکەت قەرباڵغی پێوە دیار نابێت، بەمەش بۆشایی زیاد دەبێت. بوونی بۆشایی نێوان کەرەستەکان هەستێکی خۆش بە چاو و دەروونی مرۆڤ دەدات. رەنگی دیکۆری ماڵ، هەندێ لە رەنگەکان بێزاری و خەمۆکی بۆ مرۆڤ دەهێنن، پسپۆران دەڵێن، رەنگی شین تاکە رەنگە کە هەستی مرۆڤ خۆش دەکات، هەوڵ بدە دیوارەکانی ماڵەکەت لەو رەنگە بێت، یان هەندێ لە کەرەستە گەورەکانت لە رەنگی شینی تۆخ و ئاچوغ بن. پەنجەرەکان، هەندێ لە پەنجەرەکانی ماڵ بچووکن، یان پەردەی رەنگی تۆخیان بۆ دانراوە، کە ئەوانەش هۆکارێکن بۆ دڵتەنگیی مرۆڤ، بۆیە تا دەکرێت پەردەی رەنگی کراوە بۆ پەنجەرەکان تەرخان بکە، هەروەها گەر هەستت بە دڵتەنگی کرد، پەردەکانی ماڵ بکەرەوە. کەرەستەی رووناکی و ئەلیکترۆنی، چاکترە لە زۆربەی بەشەکانی ماڵدا کەرەستەکانی رووناکی هەبن، هەروەها ئامێرەکانی ئەلیکترۆنیش کاریگەرییان هەیە لە باشترکردن و دڵرەفێنیی مرۆڤ، بۆیە بوونی تەلەفزیۆن و ئامێری ئینتەرنیت خەڵك لە بێزاری و دڵتەنگی بە دوور دەگرێت.




# شێوازەکانی ماکیاژی چاوی قوڵ

زۆربەی شێوەی پێکهاتەی چاوی ئافرەتانی رۆژهەڵات و کوردستان قووڵە Hooded Eye، واتە چاویان لە چیوی ژوورەوەدایە، ئەمەش وەك پێکهاتەی بایۆلۆجی و ئەناتۆمی سرووشتی وایە، بەمەش چاوەکان لە تەنیشتەکانەوە دەرناکەون، تەنیا لە رووبەرووەدا دەردەکەون، بەمەش چاویان بچووك و ورد دەردەکەوێت. تۆش وەك خانمێك بۆ ئەوەی چاوەکانت گەش و کراوەتر لە شێوە ورد و قوڵەکەی خۆیان دەربکەون، پێویستت بە چەند شێوازێکی ماکیاژە، شێوازەکانیش بریتیین لە:
شێوازی کلی سپی لە ناوەوەی چاو و لەسەر لێواری برژانگی خوارەوە، ئەوە یەکێکە لە شێوازی ماکیاژەکانی ڤیدی وادوانی، کە بەم جۆرە دەکرێت: سەرەتا کلەکە لە چاو و بەشی ناوەوەی چاو دەدرێت، کە بە هێڵی ئاوی ناسراوە و، لەسەر لێواری برژانگی خوارەوە دەدرێت. شێوازی دووەم بریتییە لە ئایلانەری کەوانە، لەلایەن پسپۆری جوانکاری (ئیتلییە فۆرجی) ئامادەکراوە، کە پێویستە ئایلنەرت بە شێوەی کەوانە بێت، کە بە شێوەیەکی کورت و باڵدار لەلای بەشی چیوە چاو (کۆڕنەی چاو) دادەنرێت، بەڵام ئاگاداربە نابێت ئایلانەرەکە بە درێژایی هێڵی برژانگی سەرەوە بێت، تەنیا لە کۆڕنەکانی چاو دەدرێت. شێوازی سێیەم بریتییە لە ئایلانەری رەش، کە لەلایەن ڤاڵی ئامادەکراوە، بۆ ئەوانەیە کە شێوازی ماکیاژی ئاسایی دەکەن، زیاتر بۆ بەشی دەرەوەی چاو دەکرێت، کە چاوی قووڵ گەش و بە کراوەیی نیشان دەدات، هەروەها سێبەری رەنگی نیوێد لە برژانگی سەرەوەت بدەیت، کە لەگەڵ رەنگی پێستت نزیك بێت. شێوازی چوارەم بریتییە لە کلکە ماسی، لەلایەن دیۆر ئامادەکراوە، چاوانت پڕ بکە لە کلی رەش، با لە بەشی دەرەوەشدا بە شێوەی کەوانەیەکی بچووك بێت، لە بەشی ناوەوەش هێڵەکانی ئایلانەر بە شێوەیەکی بچووك لە شێوەی کلکە ماسی بێت.







# ڕێگە سەیرەکانی چارەسەری نەخۆشی

جاران ئامێری پێشکەوتوو نەبوو بۆ چارەسەری نەخۆشییەکان، ڕەنگە زۆر جار ئەو پرسیارە دروست ببێت کە جاران ئەگەر مرۆڤ نەخۆش بکەوتیایە چۆن چارەسەریان دەکرد، لێرەوە ئاشنای چەند ڕێگەیەکی چارەسەری نەخۆشییەکان دەبین، لەوانە: ئەگەر کەسێك ژانە سەری بگرتایە، لایەکی سەریان کوون دەکرد، بە گوێرەی ئەوەی هەست و ڕۆحە خراپەکان لە نێو سەریدا بەو کوونەدا بڕواتە دەرەوە و ژانەسەرەکەی نەمێنێت، ئەوەی تووشی سووتان ببوایە، بە ماددەی جیوە چارەسەر دەکرا، کە سووتانەکەی زیاتر دەبوو لە چارەسەری، لە ئەورووپا بۆ خەوتن و خەواندنی مرۆڤ، جۆرە دەرمانێك لەلایەن ئافرەتێکەوە بە ناوی (ینلسۆ) هەبوو، دوای ئەوەی پشکینیان بۆ کرد دەرمانەکە بریتیی بوو لە (مۆرفین و شەرابی کهول)، بۆ چارەسەری کێشەی پێست و ئیلتیهاب و برینیش خوێنی مارمێلکە و مشك و پاشماوەی گیاندارانیان بەکار دەهێنا، بۆ چارەسەری کێشەکانی دەم ددان، پیاز و چەوریی بزن و مەڕیان بەکاردەهێنا.



# جلە سەیرەکان بۆ سەری ساڵ



کوردستان و جیهان لە ڕۆژانی یادی جەژنەکانی لەدایکبوون و سەری ساڵی تازە دەڕازرێنرێتەوە و، بەرگی سەری ساڵ بەر زۆربەی شوێنە گشتییەکاندا دەپۆشرێت، جگە لە دانانی داری کریسمس و ڕازاندنەوەی شۆستە و شەقەمەکان، کەچی لە دونیای دیزاین و جلوبەرگدا بەوەش ناوەستن، بەڵکو جلێکی تایبەتەیان بۆ ئەو ڕۆژە داناوە تاوەکو خەڵك بیپۆشێت، جلەکە لە شێوەی قات و چاکێتی پیاوانەیە، ئەو جلە وەك گوزارشتێکە لە سەری ساڵ و داری کریسمس، هەموو نەخشی جلەکە لە دار و ڕەنگی جۆراوجۆرە، کە ئەوەش دەبێتە ناخوازترین جلوبەرگ، ئەوەی جێگەی سەمەرەیە لە ئێستاوە داواکاری بۆ ئەو جلە زۆرە، تا لە ڕۆژی سەرس ساڵدا لەبەری بکەن و بە جلی کریسمسی ڕەنگاورەنگ، سەری ساڵ بکەنەوە.



# نـازدار حەیرانێکی هەولێر، بەربژێرە بۆ شـاجوانی گەردوون

سەناریا گۆران ئاغا، کچێکی قسە خۆش و شیرین، زیرەك و لێهاتوو، خاوەن جوانییەکی شەنگ و دڵرەفێن، سەناریای بە نوێنەرایەتی کوردستان و عێراقەوە خۆی بۆ بەدەستهێنانی شاجوانی گەردوون بەربژێر کردووە، لەسەر بەشداریکردنی لە شاجوانی گەردوون، گوڵان چەند پرسێکی ئاراستە کردووە:

* شاجوان کێیە و کێ دەتوانێت بگاتە ئەو ئاستە؟

- بەو کەسە دەگوترێت شاجوان کە خزمەت بکات و پەیامی خۆی بگەیەنێت، ئەوکەسەی بگات بەو ئاستە، دەبێت بوێرانە وەڵامی پرسیار بداتەوە و ئەتەکێتی قسەکردنی باش بێت .

* ئایا مەبەستی کار و چالاکیی شاجوان بۆ کاری بازرگانی، یان خۆشی و شادییە؟

- کار و مەبەستی شاجوان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازە، بەپێی ئەم وڵاتەیە کە تیایدا دەژی.

* تا چەند شاجوانانی کورد لە چاو ئاستی شاجوانە جیهانییەکاندا پێشبڕکێ دەکەن؟

- شاجوانانی کورد لە ڕووی مەرجەوە زۆر باش نین، من ناتوانم شاجوانی کورد بەراورد بکەم بە شاجوانانی جیهان .

* مەرجەکانی بوون بە شاجوان چین؟

- بۆ مەرجەکانی بوون بە شاجوانی گەردوون پێویستە: باڵایەکی بەرزت هەبێت، ژیانی هاوسەریت پێك نەهێنابێت، شەهادەت هەبێت، تەمەنت ١٨ ساڵ کەمتر نەبێت و لە ٢٨ ساڵ زیاتر نەبێت، جگە لە زمانی خۆت پێویستە شارەزای نزیکەی چوار بۆ پێنج زمان بزانیت، پێشتریش ئیشت کردبێت و چالاکی و پڕۆژەت هەبێت، توانای قسەکردنت لەسەر ستەیج و کامێرا زۆر باش بێت.

* پاڵێوراویت بۆ شاجوانی گەردوون، چۆن بوو ئەو بیرۆکەیەت بۆ هات؟

- من کە خۆم کاندید کرد، زۆر دڵنیا بووم لە خۆم و بینیم ئەو هێزەم تێدایە کە بەشداری بکەم .

* شاجوانانی کورد لاسایی شاجوانانی جیهانی دەکەنەوە یان کاری داهێنان دەکەن؟

- بەداخەوە شاجوانانی کورد زۆر باش نین، بەڵکو بگرە هاوەڵەکانی شاجوان ئیشی زیاتر دەکەن لە شاجوان، و من بە پڕۆسێسەکی گونجاوی دانانێم و لاسایی وڵاتانی دیکە ناکەنەوە، چونکە زۆرینەی شاجوانی وڵاتەکان سادەن، ئەوانەی لای خۆمان زیاتر خەریکی نەشتەرگەرین نەك پڕۆژە و چالاکی .

* گەر نازناوی شاجوانی گەردوونت بە دەست هێنا، چۆن کوردستان بە جیهان دەناسێنیت؟

- من وەکو کاندیدێکی کورد ئەوە پیشانی دەدەم کە ئێمەی کورد چەند بوێر و بەهێزین، با بزانن ئێمەش شوێنێکمان هەیە بەناوی (کوردستان)، و جلوبەرگی ڕەسەنی کوردی تایبەت بەخۆمان هەیە.

* بەڕێوە نەچوونی پێشبڕکێی شاجوانی کوردستان کاریگەریی هەیە؟

- بەڕێوەچوونی شاجوانی کوردستان بکرێت و نەکرێت هەر وەکو یەکە، هیچ جیاوازیەکی نییە.

* چ بوارێکت دەخوێنیت و چ کارێ دەکەی؟

- من قوتابیی زانکۆم لە بەشی یاسا، هەروەها چالاکوانم لەبواری مافی ئاژەڵان.

* مەرجەکانی شاجوانی گەردوون لە تۆدا هەیە؟

- نزیکم لەو ئاستەی کە ئەمەوێ بڵێم بەڵێ !

* پڕۆژەی داهاتووت چییە؟

- پڕۆژەی من ئەوەیە کە یارمەتی ئاژەڵانی سەرجادە بدەم، چونکە لە عێراق و بەتایبەتی هەرێمی کوردستان، ڕۆژانە سەدان ئاژەڵ دەبینین لەسەر جادە، بەڵام هیچ شوێنێکی حەوانەوەیان نییە، دووەم پڕۆژەی من ئەوەیە کە یارمەتی خانەی بەساڵاچووان بدەم، لەگەڵ چەندەها چالاکیی دیکە.






## کاریکاتێر

باس لەو کەسانە دەکات کە درۆزنن، هێمای لووتی درێژ بە روخساریانەوە دیارە، کاتێك قسە دەکات ئامێری کاغەز لەناوبردن لە بەردەمیاندا بێت، کە لە جیاتی کاغەزەکان لووتی رادەکێشێت.

## زانای بچووکی بیرکاری



بیرکاری یەکێکە لە بوارە قورسەکان، ئەو منداڵە ناوی (هیرۆتۆ تاکاهاشی)یە، تەمەنی (١١) ساڵە و ئێستا لە پۆلی پێنج دەخوێنێت، ئەو منداڵە لە تەمەنی سێ ساڵییەوە خەریکی یاریی (بازل)ی چوارینەیە، کە یارییەکی قورسە و بە هەموو کەسێك ناکرێت، دوای ئەوەی دەچێتە قوتابخانە، بەو زیرەکییەی کە لە هەردوو وانەدا پێشکەشی دەکات مامۆستای بیرکاری و فیزیاکەی خۆی سەرسام دەکات،بۆ زیاتر لێکۆڵینەوە لە زیرەکیی ئەو منداڵە، لە تاقیکردنەوەی وانەی بیرکاریی پۆلەکانی دیکەدا بەشدار بوو، هەمان ئەو ئاستە بەرزە زیرەکییەی نواند، لەو وڵاتەدا وانەکانی بیرکاری بۆ (١٤) ئاست دانراون و بە ناوی (Sugaku Kentay) دانراوە، لە دوا ئاستدا بواری خوارزمی و شێوە ئەندازییەکان دەخوێندرێت، هیرۆتۆ توانیویەتی هەموو ئاستەکان بە سەرکەوتوویی ببڕێت.




## میوزیک

**American Teenager - هەرزەکاران**

یەکێکە لە گۆرانییە تازەکان کە لە مانگی ١٢ی ئەمساڵ لەلایەن کچە گۆرانیبێژی ئەمریکی (هایدین سیلاس) بەرهەم هاتووە، کە بە ئیتاڵ کەین ناسراوە، لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٨ ی شاری فلۆریدایە، کە پیانۆ و گیتار دەژەنێت، لە ئەلبوومی Preacher›s Daughter بڵاو کراوەتەوە، لە جۆری ئەڵتەرناتیف ئیندێیە.

## یاسا



سوێند خواردن: کە بریتییە لە دانانی ((خوای گەورە)) بە شاهید لە سەر راستی ئەوەی کە دەگوترێت لە لایەن خصم کە سوێند دەخوات بۆ ئەوەی قسەکەی خۆی بەهێز بکات، بۆ قەناعەتهێنان بە دادگا، هەمیشە لە سەدەکانی کۆنەوە هەتا ئێستا ئەگەر کێشەکان یەکلایی نەبوایەتەوە بە بەڵگە، ئەوا بە سوێندخواردن کێشەکە یەکلا دەکرێتەوە، جۆرەکانی سوێند خواردن دوو جۆرە لە یاسای سەلماندنی عیراقی: یمین الحاسم :- (سوێندی یەکلاکەرەوە): سوێندی یەکلاکەرەوە: بریتییە لە و سوێندەی کە ناکۆکییەکە یەکلا دەکاتەوە و پیویست ناکات بە پێشکەشکردنی هەر بەڵگەیەك کە پێچەوانەی ئەم سوێندە بێت، کە یەکێك لە لایەنەکان سوێندی پێ دەخوات لە لایەنەکانی دعوا، بە گشتی ئەم سوێندە لە لایەن شکات لێکراو ئەنجام دەدرێت لە کاتی نەتوانینی شکاتکار لە سەلماندنی ئەوەی کە بانگەشەی بۆ دەکات. سوێندی یەکلاکەرەوە کۆتایی بە دەعواکە دەهێنێت، سوێندی یەکلاکەرەوە ئاراستەی یەکی دەکەن لایەنەکانی داوا بە مۆڵەتی دادگا لە هەموو قۆناغەکانی داواکە ئاراستە دەکرێت، لە بەردەم هەموو دادگاکان جگە لە دادگای تەمیز، مەرجەکانی ئاراستەکردنی سوێندی یە کلاییکەرەوە، پێویستە سوێندی یەکلاکەرەوە پەیوەندی بە رووداوەکەوە هەبێت نەك قانون، کەواتە دەبێت کەسەکە سوێند بخوات لەسەر رووداوەکە، نەك لە سەر یاساکە، چونکە جێبەجێکردنی یاسا، کاری دادگا سەلماندنی رووداوەکە کاری لایەنەکانە، پێویستە سوێندی یەکلاکەرەوە ئاراستە بکرێت لە بەردەم دادگای تایبەتمەند، چونکە سوێندخواردن لە دەرەوەی دادگا هیچ ئعتبارێکی نییە لە ناو دادگا دا، پێویستە ئەو سوێندی یەکلاکەرەوە پەیوەندی بە دەعواکە هەموویەوە هەبێت بە شێوەیەك کە کۆتایی بە ناکۆکییەکە و بە دعواکە بهێنێت.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

لە رووی پیشەییەوە ژیرانەتر بیربکەرەوە، لە چوارچێوەی ژیانی تایبەتیتدا هەرکەسێك کە دێتە ژیانتەوە بە هاوڕێت هەڵیمەبژێرە، باشترە چاوکراوەبیت، لە رووی دەروونییەوە ئاسودەیت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

لە رووی پیشەییەوە کۆمەڵێك بیرۆکەی نوێت بۆ دێت، چاودێریی هەموو جووڵەیەکی خۆشەویستەکەت مەکە و هەوڵی کۆنترۆڵکردنی مەدە، ئەم ماوەیە زیاتر گرنگی بە حەوانەوە و وەرگرتنی پشوو بدە.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

لەگەڵ کەمێك متمانەبەخۆبون گرفتەکانت چارەسەر دەبن، باشترە ئەم ماوەیە دوور بکەویتەوە لەو کەسانەی کە دەیانەوێت لە هەوڵەکانت کەم بکەنەوە، چونکە پێویستت بە پاڵپشتی دەروونی هەیە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

لە رووی جەستەیی و دەرونییەوە زۆر باشیت، هەر شتێك یان هەر کارێك لە ئێستادا لەگەڵ هاوڕێکانت بیکەیت، سەرکەوتنی تێدا بەدەست دەهێنیت، زیاتر دڵسۆزیی خۆت بۆ خۆشەویستەکەت بسەلمێنە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢


چاوەڕێ مەکە هەمو کاتێك ستایش بکرێیت بۆ ئەو کارانەی ئەجامی دەدەیت، سەرکەوتنت نزیکە و لە ئامانجەکەت نزیك دەبیتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ناحەزانت چالاکن، هەربۆیە وریای خۆت بە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

ئەمڕۆ وا دەردەکەوێت کارەکان بە باشی بڕۆن بەڕێوە، بەڵام ئەرکێکی زۆرت لەسەر شانە و ناتوانیت سەرنجت لەسەر هەمویان بێت، باشترە کەمێك خۆت رێك بخەیتەوە، لە رووی سۆزدارییەوە پێشبینیی هەمو شتێکی باش لە خۆشەویستەکەت مەکە، ئەگەر خۆت دەستپێشخەر نەبیت.

بۆ زانیاریت

# نهێنییەکانی بەردی ڕۆیشتوو



لە سەرەتادا لە ساڵانی ١٩٠٠ـەکان بەردە ڕۆشتووەکان سەرنج دراون و بەڵگەنامەیان لەسەر درووست بووە، بەردە ڕۆشتووەکانیش ناوەکەیان لەوەوە هاتووە کۆمەڵێك بەرد هەن لە ناوچەی (Racetrack Playa) کە شوێنەواری جوڵانی بەردەکان لەسەر زەویەکە دیارە و، ڕوونکردنەوەیەکی درووست و دەقیق نەبووە کە چۆنیەتی ڕوودانی ئەو دیاردە جیۆلۆجییە ڕوون بکاتەوە، بەڵکو ئەوەی هەبووە گریمانە و بۆچوونی توێژەران بووە، تاوەکو دواتر لە ساڵی ٢٠٠٩ جوڵانی بەردەکان سەرنجی خرایە سەر لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو کامێرایانەوە کە بە (time-lapse cameras ناو دەبرێن و پاشان گرتە ڤیدیۆیەکی جوڵانی بەردەکان لە ساڵی ٢٠١٤ بڵاو کرایەوە، لە ئەنجامدا نهێنی بەردە جوڵاوەکان ئاشکرا بوو، ئەوە بەدیار کەوت کە ئەو شوێنەی بەردەکانی لێیە، خۆی لە خۆیدا دەریاچەیەکی وشکبووە، بەڵام لە هەندێك کاتدا کە ئاوی بۆ دەگەڕێتەوە بەهۆی بەفر و بارانەوە لە ماوەی شەوە ساردەکاندا، ئەو ئاوەی هەیە دەبێت بە ئاوێکی بەستوو بە چینێکی ئەستووری چەند ملیمەتری، پاشان لەو کاتانەی کە ڕۆژ بەدەرەوەیە، ئەو چینە ئاوە بەستووەی کە پێکهاتووە وردە وردە تێکدەشکێت و بە پاڵپشتی ئەو بایەی لە شوێنەکە هەڵدەکات، هەم چینە تێکشکاوەکانی ئاوە بەستووەکە و هەمیش بەردەکان بەهۆی خلیسکانەوە دەست دەکەن بە جووڵە، بەم شێوەیە شوێنەواری جووڵانی بەردەکان درووست دەبێت.



## پەند و وتە

هیلین رۆڵاند، ئەکتەری ناوداری ئەمریکی کە بەشداریی چەندین فیلمی کردووە، لە ساڵی ١٩٠٣ لە نیویۆرك لە ئەمریکا لە دایکبووە و لە ساڵی ١٩٧٨ لە کۆنێتکێت کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی پیاوان وتەیەکی سەیری هەیە دەڵێ: «دوو جۆرە پیاو هەن، یەکێکیان گرنگیت پێ نادات وەك ئەوەی مردوو بێت، ئەوەی دیکەش هێندە ئازارت دەدات بە مردووهێنەر دادەنرێت».



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا کەسێك هەیە کە لە بەردەمی دوو وێنەدا دەردەکەوێت، یەکێکیان ئاسمانە و ئەوەی دیکەش دیوارە، هەوڵ بدە فێڵکاریی وێنەکە بزانیت کە چۆن کێشراوە و گیراوە.

## فیلم

### دیداری خۆشەویستانە
### Meet Cute




درامایەکی کۆمەڵایەتی و خۆشەویستی و ڕۆمانسییە، باس لە ئافرەتێك دەکات کە دەیەوێت ڕێگەری لە خۆشکوژی بکات، ئەوەش کاتێك هەست دەکات کە نووستن لەسەر ئامێری نینۆك چاککردن لە ساڵۆنێك بۆ ماوەی (٢٤) کاتژمێری دەگەڕێنێتەوە دواوە، ئەویش ئەو هەلە دەقۆزێتەوە کە چۆن لەگەڵ هاوڕێی خۆشەویستەکەی ڕێگری لە تاوان و خۆکوژان بکەن و سوود لەو گەڕانەوە بۆ دواوەی کات وەربگرن، فیلمەکە لە دەرهێنانی ئەلێکسەندرێ لیهمان کاری دەرهێنانی بۆ کراوە، لە نووسینی جۆن ماتاسیاك، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٢٩ خولەکە، لە نواندنی: (کایلی کاوکۆ، پیتی دەیڤێدسەن، دیبۆرا کرەیگ، کێڤن کۆرگن، سێیرا فیسك، هاری نێف)ـە.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ئاماژە هەیە بۆئەوەی بکەویتە ناو گێژاوێکەوە، کە ئاسان نەبێت چارەسەری گرفتەکانی تێدا بکەیت، باشترە لەم کاتەدا لۆمەی هاوڕێ و خێزانەکەت نەکەیت، بەپرسیارێتی هەڵبگرە، بەم زووانە دەچیتە قۆناغێکی نوێوە.




### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

بەهێزیت و وزەیەکی زۆرت هەیە، بەڵام دەبێت بزانیت چۆن بەکاری دەهێنیت، ئەم ماوەیە باشترە دوور بکەویتەوە لەوەی کاری مەترسیدار و سەرکێشی ئەنجام بدەیت، چونکە کاتەکەی گونجاو نییە، وەرزشکردن پارێزگاری لە تەندروستیی جەستە و دەروونت دەکات.




### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لە ژیانی تایبەتیتدا بە ئاسانی گرفتەکان چارەسەر دەکەیت، بەتایبەتی ئەو گرفتانەی ئەم چەند ڕۆژە سەریان هەڵداوە، چاوت لەسەر ئامانجەکەت لامەدە و ونی مەکە، پاڵپشتیی خۆشەویستەکەت گرنگترین کارە لە ئێستادا بیکەیت.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

بە سرووشتی خۆت ئەمڕۆ هێمنیت و بە زویی تووڕە نابیت، ئەمەش نەك تەنیا لەسەر خۆت، بەڵکو کاریگەریی ئەرێنیی لەسەر کەسانی دیکەش جێدەهێڵێت، پلانێك بۆ کاتە زیادەکانت دابنێ و بەهەدەریان مەدە.




### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

هیچ بڕیارێك مەدە پێش ئەوەی بە وردی بیری لێ بکەیتەوە، پێویستە هەندێك کات قوربانی بدەیت و لە بەشێك لە خۆشییەکانی ژیانت دەست هەڵبگریت، بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بهێنیت.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

لە رووی پیشەییەوە هەوڵ بدە ستراتیژییەتێکی جیاواز هەڵبژێریت، هەندێك کات هەڵەتێگەیشتن لە نێوان خۆت و خۆشەویستەکەت روو دەدات، لەبری ئەوەی نیگەران بیت، هەوڵ بدە بۆی روون بکەیتەوە.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Weekly Gulan
January 2, 2023 Issue,No.1347


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەڤینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626